# واتا لە زماندا

**پ.ی. د. محمود فتح الله**
**زانكۆی سلێمانی**
**فاكەڵتی زمان**
**بەشی كوردی**

## ٠ پێشەكی

گرفتی زانینی نیهێنیەكانی زمان كۆنە بەقەدەر كۆنی بیری مرۆڤ و گرفتی "وشە" كۆنە بەقەدەر كۆنی گرفتی "شتەكان"، ئەوە قسەیەكە كە لە لایەن زۆر لە فەیلەسوفەكانەوە جەختی لەسەر كراوەتەوە، لەو كاتەوە كە فۆڕم و ناوەرۆك لێكجیاكراونەتەوە، لێكۆڵینەوەی زانستیانە لە زمان وەك بەرهەمی سەدەی ١٩ لە سەر دەستی هامبولدت و هیگلەوە دەستپێكراوە. بیرو ڕاكان لەسەر ئەوەن كە زمان بەشێكە لە سروشت و دەبێت بە هۆی ڕێبازی سروشتیشەوە لێكۆڵینەوەی لەسەربكرێت و لە زمانی نا-سروشتی جیابكرێتەوە. زمان گرفتێكی گەورە و قوڵە لەبەردەم عەقڵی فەلسەفەی زمانیدا كە بە پێویست دەبێت گرنگی بە چەندان گرفتی كرۆكی بدات، بۆ نمونە، زمانی سروشتی، بەكارهێنانی زمان، مەعریفەی زمان، پەیوەندی لە نێوان زمان و هەقیقەتدا، چۆن زمان فێردەبین و لە كۆمەڵدا بەكاردەهێنرێت، چۆن لە پەیوەندی نێوان زمان، واتا، هەقیقەت و دەوروبەر دەگەین، چۆن و بە چ ڕێگەیەگ واتای ڕستەیەك لە پارچەكانی هەڵدەهێنجین و واتای كرۆكی و سەربار لێكهەڵداوێرین و هەروەها، ئەگەر مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە لە ڕێگەی بیركردنەوەوە-thought یان لە مەودا و بواری ژیری و زانستدا هەبوون بكرێت. دواتریش وەك Henry James لە (Urban (١٩٩١:٢١ دەوە دەڵێت "ئەوە هەموو ژیان دەگرێتەوە، ئەو ئامێرەی كە بە هۆیەوە لە باودۆخێكی ژیانی ڕاستەوخۆماندا بیروباوەڕەكان دەگۆڕنەوە، بەڵام ئەوەندەی هەیە زەحمەتە لە واتای ژیان بگەین، یان دەربیبڕین بەبێ ئەوەی جۆرێك لە زمانمان هەبێت. ئەوە زمانە ژیان خۆش دەكات، و ژیان بێ زمان بێواتایە، هەر ئەوەشە وا دەكات كە بڵێین ئەو دەربڕین و دەمەتەقێیانە دەبنە بەشێك لە پرۆسەی ژیان".

پرسیاری فەلسەفە ئەوەیە، بەبێ زمان دەتوانین ڕاستی و نا-ڕاستی، خۆشی و ناخۆشی ژیان بزانین و تێیان بگەین؟، دەتوانین چەند سەبارەت بە ژیان و دەوروبەر بزانین، دیارە، ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە دەتوانین چەندە یان چ دەڵێین، دواتر ئەركەكانی زمان وەك فەلسەفەی زمان لە سنوری دانەیەك و دواندا نامێننەوە، بۆ نمونە، زمان وەك هەڵگری واتا، هۆكار و ئامرازی پەیوەندیكردن، نیشانە و ڕەمزی هەقیقەت و هۆكاری گەشەكردن لەهەموو بوارەكانی ژیاندا.

پێشتر كەمتر گرنگی بە واتا دراوە، بەلای (Lyons (١٩٦٩:٤٠٢ هۆكاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زمانەوانەكان دوودڵ بوون سەبارەت بەوەی كە دەبێت بتوانرێت لێكۆڵینەوە لە واتا وەك بەشێكی بابەتیی، بە وردی و وریاییەوە بكرێت، هەروەك چۆن لە بەشەكانی تری زماندا هەیە، بۆ نمونە، فۆنۆلۆجی و ڕێزمان كە هەردووكیان دەكەونە چوارچێوە زانستی زمانەوە. بەلای بلوم فیڵدیشەوە دواكەوتنی گرنگی نەدان بە واتا دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی واتا و ترسی زمانەوانەكان لەوەی كە ئاستی تێگەیشتنی كەسەكان لەخوار توانای

تێگەیشتنیانەوەبێت لە واتا. دواتر، هاوتا بە فۆڕم لا لە واتا کرایەوە، و گرنگی و بەهای هەر دەربڕینێك بە چەندێتی و چۆنیەتی ناوەڕۆکەکەیەوە دەبەسترایەوە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە ئێمە ئەم لێکۆڵینەوەیەمان تەرخانکردووە بۆ باسکردن لە واتای کرەستەکانی زمان لەکوردیدا (لە بەر ڕۆشنایی تیۆری و یاسا گشتیەکانی زماندا)، سەرەتا هەوڵمانداوە پێناسەیەکی فراوان بۆ واتا دیاریبکەین تا لە دوایدا وەك چەتر بەشەکانی تری باسەکە لەژێریدا جێگەیانببێتەوە، دواتر چەندان تیۆری سەبارەت بە "واتا" خراوەنەتە پێشچاو تا هەندێك زانیاری پێش وەقی بخەینە بەردەست خوێەنرای باسەکە و بیروڕای فەلسەفی جیا لە سەر واتا شارەزا بن، دواتر لە بەشێکی تایبەتدا باس لە واتای کەرەستە زمانیەکانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی تێنس و ئەسپێکتدا دەکەین.

**١.٠ پێناسەی واتا و زمان**

**١.١ پێناسەی واتا**

هەرکات بتەوێت لە شتێك بزانیت و تێیبگەیت کە پێشتر زانیاریت لە بارەیەوە نەبووە، ئاسایی دەپرسیت ئەو شتە چیە؟ دواتر دەبینین کردەی تێگەیشتن لە شتێکی ئاسایی لە ڕێگەی تێگەیشتن لە شتێکی تر یان بەلانی کەمەوە لە ڕێگەی دژواتاکەیەوە باشتر بەڕێوەدەچێت، ئێمە باشتر لە ساردی دەگەین کاتێك باش لە گەرمی دەگەین، هەروەها کاتێك دەمانەوێت سنوری زانیارییەکانمان سەبارەت بە دەوروبەر فراوان بکەین ئاسیی دەپرسین ئەی ئەوەیان چیە؟ و چی دەگەیەنێت، وەڵامی هەر یەك لەوانە هاریکارە لە تێگەیشتنی ئەوەکەی تر، زمان و واتا پەیوەندییەکی ئەوەندە بەهێزیان هەیە کە ناتوانرێت لێکدابڕدرێن، نە زمان بەبێ واتا و نە واتاش بەبێ زمان [١] دەردەبڕدرێن، هەقیقەتی بێ زمان، واتە نەبوونی لە فۆڕمێکی زمانیدا، لە سنوری وێنە و خەیاڵ لە مێشکدا تێناپەڕێت، واتا وەك هەقیقەت لە دەرەوەی پێڕەوی زمانیی هەر لەکۆنەوە بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە، زۆر لە پێغەمبەر و فەیلەسوفەکان وێڵبوون بە شوێن گەیشتن بە هەقیقەت، کە خۆی لەخۆیدا "واتا"یە و واتاش "شت، کەس، ڕوداو و ......" دەگرێتەوە، هەقیقەتەکان زۆرن و هەریەکەش خاوەنی واتاو تایبەتمەندی جیاواز لە ئەوەکەی ترە، کە دواتر دێینەوەسەری.

ئەوە بیری هەموو لایەنەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەدەستهێنانی وەڵامە بۆ پرسیارەکانی وەك، بیری "واتا"، بە واتای بیرکردنەوە سەبارەت بە واتا، چ لەخۆ دەگرێت؟ و ئەرك و واتای زمان چیە؟ ئەو دوو پرسیارە وەڵامی وردیان دەوێت، بۆیە دەکرێت ئەو وەڵامەی کە لەلای فەیلەسوفەکانەوە دەستت دەکەوێت، لەلای زمانەوانەکان جۆرێکی تر بێت، چونکە فەیلەسوف بەشوێن هەقیقەت و نهێنیەکانی زمان و زمانەوانیش بەشوێن چۆنیەتی کارکردنی زمانەوەن. زمانەوان (Urban ١٩٩١:٦٨-٩) دوو "واتای واتا" جیادەکاتەوە، "ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە واتای پێش زمانیش هەیە. واتە، دەبێت جیاوازی لە نێوان دوو تێگەیشتن لە "واتا" بکەین، و دواتر پەیوەندییەکانیان دیاریبکەین، ئەو کات ئاساییە وایببینین کە شتەکان واتایان هەیە، و واتای شتەکان پێش واتای وشەکانیش کەوتوون". جیاوازی لە نێوان واتای زمانی مرۆڤ و واتای زمانی ئاژەڵەکان بەلای Bergson لە (Urban ١٩٩١:٩٦) ەوە، "لە دونیای ئاژەڵەکاندا واتای شتەکان، بەشێوەیەکی گشتی زگماکیە و نیشانەی ئەو واتایانەش بەو شتانەوە گرێدراون کە ئاماژەیان بۆکراوە، بەو پێیە ئەوە پێچەوانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی وەستاوەتەوە، لەوێدا هەموو شتەکان دەگوێزرێنەوە، واتە توانای گواستنەوەیان هەیە، کاتێك کە هێماکە توانای لێکجیابونەوەی هەیە لەو شتەی ئاماژەی بۆکراوە و توانای

[١] لێرەدا مەبەست لە زمان فۆڕمە زمانیەکانە، واتە ئەو فۆڕمانەی کە قسەکەر بەهۆیانەوە ئاماژە بۆ ئەو شت، کەس، ڕوداو و ...انە دەکات.

گواستنەوەی هەیە بۆ شتی تازە"، بەلای Keyne ەوە واتا بریتیە لە "شتێك لە شتەكان كە ئێمە ناسیاوی ڕاستەوخۆمان لەگەڵێدا هەیە، شتی ڕاستەوخۆ توانای هەستپێكردنی هەیە (واتە هەندێك شت وەك ئاژەڵی "سەگ" لە شتی تردا وەك وشەی"سەگ"، بۆ نمونە، دەنگ و ڕەنگ و هی خۆی) كرۆكیە بۆ ئەو شتانەی دەزانرێن". لە (Urban ١٩٩١:١٠٥) ەوە. بەلای Russel ەوە "واتا تایبەتمەندێتی هەستپێكردنی بونێكە(كیانێكە) كە دەتوانرێت هەستی پێبكرێت".

بەلای زانایانی دەروونناسیەوە گرنگ ئەوەیە كە چۆن "واتای دروست بەدەست دێت و چی لە مێشكی ئاژەڵەكان یان زیندەوەرەكاندا دەگوزەرێت، كاتێك واتاكە بەدەستدێت، بەو پێیە، دەتوانین ئەوە هەڵێنجین كە واتا بریتیە لەو ناوانەی بەكاریاندەهێنین بۆ ئەو ڕوداوانەی وەرمانگرتوون" لە (Loyns ١٩٦٩:٥٤)ەوە. وەك وترا گرفتی هەرە گەورەی واتا لەوەدایە كە ئاراستەكان بەرەو ئەو پرسیارە دەچن كە داوای وەڵامێكی ورد دەكەن، بۆ نمونە، واتا چیە؟ دیاریكردنی ئەوە بەلای زمانەوانەكانەوە بە زۆری لە نێوان ئەو پەیوەندییەدا كورتدەبێتەوە كە دەكەوێتە نێوان "ڕەمز" وەك "فۆرم" و ئەو شتەی كە لە دونیای واقیعدا ئاماژەی بۆ دەكرێت. لێكۆڵینەوە لە واتا گەورە بوو، واتە گەشەیكرد، تا وای لێهات شانبەشانی لێكۆڵینەوە لە فەلسەفە، دەروونناسی، لۆجیك و زانستی كۆمەڵایەتی و مرۆڤناسی و... بڕوات. فەیلەسوفەكان جەخت لەسەر پەیوەندی لە نێوان واتا و هەقیقەت دەكەنەوە، بەواتایەكی تر واتا وەك هەقیقەت لێكدەدەنەوە، زیاتریش، واتا وەك بەهای بیری گشتی دەزانن و جەخت لەسەر ئەو گرفتانەش دەكەنەوە كە سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری و لێكۆڵینەوە لە هەقیقەت سەرهەڵدەدەن.

لە پێناسەی واتادا هەرگیز نابێت بارودۆخ لەیاد بكرێت، لە بارودۆخی واتای باسكراو وەك واتای شتەكان، بیرێك هاوبەشی تیادا دەكات، واتاو هەقیقەت بەهۆی كردەی كۆمەڵایەتیەوە بنیاتدەنرێن، هەموو ئەوانە ڕێكەوتنی كۆمەڵایەتی لەسەرە، بۆ نمونە، لە "قسەكردنی كۆمەڵایەتی"دا وشەكانی "خۆشەویستی و شوكردن"، وەك "خۆمەڵاسدان" و "داونانەوە" و "دەستڕۆیشتوو نین، لەیەكەمدا وشەكانی "خۆشەویستی" و "شوكردن" یەك شت دەگرنەوە و لەوەرگێڕانیشدا بۆ زمانی ئینگلیزی بە یەك وشە لێكدەدرێنەوە، بۆ نمونە، "marry" و "love"، لەدووەمدا دەبێت، شوێن، كات، كەس و دەق لەبەرچاوبگیرێت تا واتای كرۆكی لە واتای سەربار جیابكرێتەوە، دیارە ئەوە لە گۆشەنیگای زانایەكی مرۆڤناسەوەیە، دانەیەكی تر لە زمانی یاساناس یان كەسێكی ترەوە، لە هەموو ئەوانەدا، زەحمەتە بە شێوەیەكی پرواتا بیربكەینەوە بۆ شتێك لە بواری وشە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ گشتی باسەكە واتە بارودۆخی قسەكردنی كۆمەڵایەتی بكرێت، كە تیایدا وشەكە بەكاردەهێنرێت، كەواتە، واتا و تێگەیشتنی وشە پەیوەستە بە بڕیاری كۆمەڵ و ئەو دەقەی تیایدا بەكاردەهێنرێت. بەلای ئێمەوە واتای وشە پەیوەندی بە فەرهەنگەوە هەیە، كاتێك لە دەقێكی دیاریكراودا بەكاردەهێنرێت، واتاكەی لەگەڵ واتای پێكهێنەرەكانیتری دەقەكە تێكەڵدەبێت، كە بەهەموویان ناوەرۆك پێكدەهێنن، بۆیە مەرج نیە وشەكە هەمان واتا بدات كە لە فەرهەنگدا بۆی دانراوە، لێرەدا بۆ دیاری كردنی ناوەرۆك، پشت بە ڕەفتار و تایبەمەندی خودی وشەكە دەبەسترێت[١]

**١.٢ پێناسەی زمان**

بەلای ئێمەوە جوانترین پێناسە بۆ زمان بیرەكانی سۆسەرە كە دەڵێت، زمان كەرەستەو یاسایە، دواتریش ئەوە بەدوای خۆیدا دێنێت كە بڵێین زمان سیستێمێكی بەیاسا حوكمكراوە، بەلای (٢٠٠:١) Harley لە (Lund

[١] لە باسێكیتری سەربەخۆدا لە ژێر ناونیشانی" واتا، ناوەرۆك و مەرجی ڕاستیدا" نوسەری ئەم باسە زانیاری زیاتر دەخاتە ڕوو.

(٢٠٠٣:١ ەوە "لە هەندێك فۆڕم و یان یەكێكی تر زمان چالاكی مەعریفی و كۆمەڵایەتی ئێمە داگیردەكات كە زەحمەتە بەبیری خۆمانیدا بێنین ژیان چۆن دەبێت بەبێ زمان — بەشێكی كرۆكیە لەوەی چ شتێك دەگەیەنێت تا ببێت بە مرۆڤ"، و (١٩٦٠) Hockeet لە (Lund ٢٠٠٣:٢) ەوە چەند تایبەتمەندیەكی زمان دیاریدەكات، یەكەم، توانای گواستنەوە و بەستنەوەی ئێستا بە رابردوو و داهاتووەوە، دووەم، هەرەمەكێتی زمانیی زمان لە نێوان ڕەمز و شتەكاندا، سێیەم، سیمانتیكیەتی واتای ڕەمزەكان، و چوارەم، بەبەرهەمی خولقاندنی وەسفی زمان.

### ٢-١-١ گرفتی واتا و مەرجی ڕاستی

یەكێك لە گرفتەكانی فەلسەفە، ئەوەیە كە ئایا "واتا"، "بەها" دەگەیەنێت، لە تیۆری پۆلێنكردنی واتا كە لە لایەن Ogden and Richards هاتۆتە بوون، یەكێك لە جۆرەكانی تیۆری جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە، كە ئاماژەكردن بۆ بەها و دانپیانانەكان بەزەرورەت پێشبینی واتایە، تیۆری تر نكولی لەوە دەكەنەوە، و لەسەر ئەوە سورن كە نا. John Laird لە (Urban ١٩٨٥:١٢٦) ەوە سەبارەت بە "واتا" دەڵێت

> واتا بیرێكی ئاڵۆزە، بە پێی لێكدانەوەیەك گریمانەی "بەها" دەكات، بە لێكدانەوەیەكی تر نا. واتا هەندێكجار هاوواتایە لەگەڵ نیاز، واتاكەی من ئەو شتەیە كە دەمەوێت بیگوازمەوە، ڕایبگەیەنم، بۆ هەندێك كەسی تر. ئێستا نیازەكان بریتین لە نیازەكانی مێشك، و ئەو نیازانەش پێشبینی بەها دەكەن؛ بەڵام "هەقیقەتەكان"، من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بكەمەوە كە پەیوەندی كروكی بۆ ئەو بەهایانەی ئاماژەیان بۆكراوە و دانیان پێدانراوە لە نیەتەكانماندا نین. پاشان لێرەدا، ئەوە دووەم واتای واتایە، كاتێت دەڵێم كە تێگەیشتن لە وەها شتێك، واتای ئەوە و ئەوە دەگەیەنێت. ئەوە تەنها دەربڕینی تێگەیشتنە لە بارودۆخێكی دیاریكراوی تێگەیشتنی هەقیقەتەكان. بۆ نمونە، ئەو ڕێگەیەی كە تیایدا وەها هەقیقەت یان ڕوخساری هەقیقەت جەخت لەسەر هەندێك شتیتر دەكاتەوە، لە هەقیقەتدا، ئەوە دووەم واتای واتایە كە بەها لەخۆناگرێت.

بەلای Laird ەوە "واتا، بەلانی كەمەوە لە بەها سەرەتاییەكەیدا، بریتیە لە هەستپێكردنی ڕاستەوخۆی شتێك. تەنها هەستكردنی پەیوەندی لە نێوان دوو هەقیقەتدا، بۆ نمونە، هەور و باران، ئەوە پێكهێنانی حاڵەتێكی تێگەیشتن نییە، بە واتایەكی تر هەور واتای باران نییە، ئەوە "واتای واتایە" بە هەر ناولێنان و تێگەیشتنێكەوە بێت؟ بەلای نوسەرەوە زەحمەتە تێبگەیت كە چۆن "ئەو هەقیقەتانەی كە قسەكەرەكان جەختی لەسەر دەكەنەوە" دەتوانن هەر واتایەك بگەیەنن بۆ خودی قسەكەر ئەگەر ئاماژەیان بۆ هەندێك مەبەست یان بەها نەبێت، و لەلایەكی تریشەوە دەشێت قسەكەر نەتوانێت واتای ئەو هەقیقەتانە بگەیەنێت بۆ هەر كەسێكیتر، كەواتە باوەڕەكان لەسەر ئەوەن كە واتای واتا نییە كە هیچ بەهایەك نەگەیەنێت. بەلای ڕەفتارییەكانەوە، "قسەكردن تەنها بەشێكی ئەو ڕەفتارەیە كە زۆر بەبەهایە بۆ واتاكان و زۆر بەسودە بۆ دەمەتقێ و ڕاگەیاندن"، بەلای ئێمەوە وشەكان لەڕووی ئاماژەكردنەوە دوو جۆرن، بەشێكی زۆریان ئەوانەن كە ئاماژە بۆ هەقیقەتێكی فیزیكی دەكەن، و بەشێكیتر ئاماژە بۆ هەقیقەتێك دەكەن كە تەنها لە بیرو هۆشماندایە، دواتر لەچەند شوێنێكیتی تری ئەم باسەدا بە وردەكاری ترەوە دێینەوە سەری.

## ٢.٠ تیۆریەکان[١] سەبارەت بە واتا

### ٢.١ واتا لەلای بلوم فیلد

بلومفیلد پێناسەی واتای فۆرمە زمانیەکان دیاریدەکات وەك "ئەوەی ئەو بار و دۆخەبێت، کە تیایدا قسەکەر دەریدەبڕێت و ئەو وەڵامەی کە لە گوێگری وەردەگرێتەوە" (بلوم فیلد ٤١-١٣٩ :١٩٣٣). ئێمە بارودۆخ وەك ئەو نیەت و ویستەی قسەکەر تێد لە وشەکان لە وشەکان دەگەین کە لە بارودۆخێکی تایبەتا دەریدەبڕێت ...، هەرکات قسەکەر لە بارودۆخێ برسێتیدا بوو ئەوە دەربڕینێك پەیوەست بەو بارودۆخە سەرهەڵدەدات و هەر لەوێشدا ناودەنرێت، جگە لەوە دەبێت لە ناوەندی بارودۆخدا، چەند شتێك لەبەر چاو بگیرێن، بۆ نمونە، لە کوێ، کەی، چۆن و بۆچ قسەکەر واتاکەی تیادا دەردەبڕێت، لەولاشەوە دەبێت گوێگر داواکاریەکانی لەسەر بنەمای ویستی قسەکەرەوە بنیاد بنێت، ئاسایش دەبینی هەر دوو دیاردەکە بە زەرورەت پێکەوە ناوبەند پەیوەندن، بۆ نمونە، سەرنج لە دیاگرامی (١) بدە

بارودۆخی قسەکەر(قسەکردن) - - - - - - - - قسەکردن - - - - - - - - - - - - وەڵامی گوێگر.

بلومفیلد بارودۆخ وەك زاراوەیەکی سەرەتا، سادە و بنەڕەتیتر، زیاتر لە وەڵامەکەی گوێگر پێشکەشدەکات. هەر لەبەرئەوەیە کە "واتا" لە بواری وروژاندنی قسەکەرەوە دیاریدەکات. واتە، ئەوە قسەکەرە لە بارودۆخی، برسێتی، ترس و ... دایە و بە چەندان ئاراستەوە قسەکەر بە دەرەوەی خۆیەوە دەبەستێتەوە. بە پێناسەی تەواوی "واتا" بۆ هەموو فۆرمەکانی زمان ئەوە دەبێت زانیاری تەواو و زانستیمان هەبێت سەبارەت بە هەر دانەیەکیان، لێرەدا لە دوو ڕووەوە سەرنج لە بابەتەکان دەدرێن، بۆ نمونە، ئەو شتە بەرجەستانەی وەك ڕوەکەکان، ئاژەڵەکان ... لە کاتێکدا دیاریکردنی وشە مەعنەویەکانی وەك خۆشەویستی، گەرمایی، ڕق و ... زەحمەتتترن، چونکە بارودۆخێك لەبەرچاو دەگرن کە ناتوانرێت بەوردی پۆلین بکرێن.

ئەگەر بارودۆخ بکەینە پێوانە، ئەوە دەبینن لە دونیای واقیعدا زەحمەتە دوو بارودۆخی وەك یەك ببینین، بۆ نمونە، بارودۆخی برسێتی، بارودۆخی تێری و بارودۆخی سەرما، گوشتن، گەرما یان خوێندن نین، بۆیە دەبێت لە زۆر لایەنەوە لەبەرچاو بگیرێن، بۆ نمونە، فۆرم، سایز، ڕەنگ، بۆ هەر دانەیەکی دیاریکراو، لەولاشەوە سیمانتیکی ڕوخسارەکانی فۆرمە زمانیەکان کۆدەکەنەوە و دواتر واتا دەبێتە ناوەرۆك بۆ فۆرم.

بەلای بلوم فیلدەوە واتا بریتیە لە بارودۆخ و دەتوانرێت لە بواری ئەزمونی و فیزیکیەوە دیاریبکرێت، و بیرەکانی لە چیرۆکی جاك و جیل دا دەخاتە ڕوو (بلومفیلد ١٩٣٣:٢٣). بۆ نمونە لە شوێنێك جیل برسیەتی، سێوێك دەبینێت، نوزەیەك بە قورگی، زمان و لێوی دەکات، جاك بەسەر دارەکە دەکەوێت تا سێوەکە بەدەستبهێنێت، ئەگەر بەتەنها بێت، یەکەم ئیشارە-(Stimulus (s وەردەگرێت، کە بریتیە لە (برسێتیەکەی)، کە کاردانەوە -Reaction بەرهەمدێنێت، و بریتیە لە بەدەستهێنانی سێوەکە، ئەوەش لەو دیاگرامەی خوارەوەدا دیاریدەکرێت:

(دیاگرامی ١) R - - - S دیاگرامی (٢)

لەبەر ئەوەی جاك لەگەڵ جیل دایە، وروژاندن، کاردانەوەی (R) بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو کاردانەوەی زمانی، کە ئەویش قسەکردنە بۆ جاك لێدەکەوێتەوە، کە دەکرێت ڕەمزی (r) وەربگرێت، دەنگەکە سەرەنجام دروستدەکات، لەو کردەوەیە، وروژاندن دەخولقێنێت بۆ جاك، بریتییە لە وروژاندنی زمانی (s ) کە ئەوەش لەو کاردانەوە نا-

[١] بریتیە لە دەستەیەك لە پێشنیار، گۆشەنیگا، یان هەقیقەتی گونجاو کە هەوڵدەدات لێکدانەوەی گونجاو و لۆجیکی پێشکەش بکات لە نێوان هۆکار و سەرەنجام (هۆکاری) پەیوەندی لە نێوان گروپێك لە دیاردەی هەستپێکراو.

**زمانیەوە بەرهەمدێت، بە مەبەستی بەدەستهێنانی سێوەکە. بەو جۆرە قسەکردن دەبێتە بریکار و وروژاندن بۆ جاك، واتە لەبری وروژاندنی کردەیی دەبێتە قسەکردن. و دواتر دیاگرامەکە ئاڵۆزتر دەبێت**

**(دیاگرامی ٢)** S - - - r ----- s --- R **دیاگرامی (٣)**

**ئەوە گرنگترین ڕێکخستنێکە چونکە، "بۆشایی لە نێوان لەشی قسەکەر و گوێگر – بەردەوام نەبوونی هەردوو سیستێمی دەماری – ئەوە بەهۆی "شەپۆلی- دەنگیەکانەوە پردێك دروستدەکات". (بلومفیلد ١٩٣٣:٢٣). واتا پێکدێت لە پەیوەندی لە نێوان قسەکردن (کە بە هۆی s ....... r دوە پیشاندراوە) و ڕودانی چالاکی (S) و (R) کە پێش و پاشی قسەکردنەکە کەوتوون.**

**"بە لای بلوم فیلدەوە ناوچەی s ...... r بە ناوی (بەرهەمی قسەکردنی میکانیکی)ەوە زانراوە، بەڵام بە پێی ئەو کردەوە رەمزیەی کە بەهۆی ئەو تیرەوە لە نێوان s -------- r دوە ئاماژەی بۆ کراوە، باش-زانراو نییە". تیۆری مێشکی یان بیرلەخۆکردنەوەی دەرونی-introspective psychlogy لە لایەن ڕێزمانەوانە نەریتیەکانەوە بەکاردەهێنرێت، و دووەمیان لەلایەن بونیادگەرییەکانەوە بەکار دەهێنرێت. بەلای (١٩٧١:٨٩) Katz دوە تیۆریەکەی بلومفیلد هەلی سەرکەوتنی نییە، و باوەڕەکانی لەسەر ئەوەن کە دەڵێت دەربڕینێك هاندانە کە پێشکەشکردنەکەی یان هێنانە بەرچاویخۆ چاوەڕوانکردنی ڕودانی دەربڕینەکە زیاد بکات. بەڵام بەلای Katz دوە بوونی وەها هاندان و وروژاندنێك دەشێت زیادکردنی چاوەڕوانی ئەوەی لێنەکرێت، کە قسەکەر لە بارودۆخەکەدا ڕستەیەکی دیاریکراو دەربڕێت لەبەرئەوەی ئەو ڕستەیەی دەریدەبڕێت زوربەی زۆری کاتەکان تازەیە، بلومفیلد وەڵامی بۆ ئەوە پێیە کە بە میکانیزم کردنی s ... r دووبارە دەبێتەوە وەك زمان کاتێك بەهەمان بارودۆخدا تێدەپەڕیتەوە یان دەتەوێت لێکدانەوەی لەسەر بدەیت، "گریمانەی چاوەڕوانکردنی ڕوداوێك بەهۆی دووبارە بوونەوەی پەیوەندیدارەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت کە لە ڕابردوودا ڕویداوە، گریمانەی ئەوەی کە ڕودانی ڕستەیەکی تازەی دیاریکراو لە کاتێکی دیاریکراو و دانانی بە دڵنیاییەوە سفرە" (١٩٧١:٨٩) Katz.**

### ٢.١.١ واتا و ئاماژەکردن: Meaning

**بە مەبەستی ئەوەی بزانین "واتا" و "واتای سروشتی" چیە؟ زمانەوان، فەیلەسەف و دەرونناسەکان دەیانەوێت لە هەقیقەتی دەوروبەر بگەن، هەر بۆیەیە کە خودی وشەی "Meaning to mean-واتا" لە زمانی ئینگلیزیدا ژمارەیەك لە واتای بۆ دەست نیشان کراوە. ئێمە بە شوێن (١٩٩٥:٢١٥) Akmajian et.el و هەندێك فەیلەسوف و زمانەوانانی تر هەوڵ دەدەین بەکورتی هاوواتا بۆ means لە کوردیدا "واتای ئەوەیە یان ئەوە دەگەیەنێت" بخەینە پێش چاو، بۆ نمونە،**

| | |
|---|---|
| **ئەوە بێ واتایە، بێ سودە:** | **بەرانبە نیە بەو هەقیقەتەی ئاماژە بۆ دەکرێت.** |
| **ئەوە واتای کۆتایی مەرگە:** | **هەڵسوکەوتەکان واقیعیانە نین** |
| **ماندووم:** | **مەبەست و واتایەکی ناڕاستەوخۆ لە خۆدەگرێت (دەخەوم)** |
| **مەبەستمە هاریکاریت بکەم:** | **ئەوەی دەیڵێم واتای دەربڕینی هەستی هاریکاریمە.** |
| **مەبەستت چیە؟:** | **دەتەوێت چ(شتێك) بڵێیت** |
| **لەقەی لە نانی خۆیدا:** | **خراپ ڕەفتاریکرد** |
| **گەرمە** | **پەنجەرەکە بکەرەوە** |
| **هەورە:** | **دەشێت یان خەریکە بباریێت** |

لە زماندا، واتای پیتی بێکێشەیە چونکە لە فەرهەنگدا دەستمان دەکەوێت. واتای نا-حەرفی پڕکێشەیە چونکە بۆ لێگدانەوە و گەیشتن بە هەقیقەت دەکرێت پشت بە گەلێك سەرچاوە ببەسترێت، بۆ نمونە، کلتور، سەرەنجامی تێکەڵبوونی واتای وشەکان، دەق، کات، شوێن و ڕادەی زانیاری و کەسایەتی قسەکەر و مەبەستەکانی و .....، جیاوازی دیالێکت، ڕۆڵی ڕێزمان و ... سەرنج لەو دیاگرامەی خوارەوە کە لە (Akmajian et.el (١٩٩٥:٢١٧ وەرگیراوە بدە




دیاگرامی (٤)

ئەگەر وشە واتابێت، ئەو کات واتاش دەبێت وشە بێت، بەو هەقیقەتەی کە وشە وەك فۆرم و واتاش وەك ناوەرۆك مامەڵە بکرێن، واتا وەك ناوەرۆك تا ڕادەیەك لە هەموو زمانەکاندا هەمان شتە، ئەوەی جیاوازە فۆرمە، و سەرەنجام زمانی جیاواز هاتوونەئاراوە، بۆ زانینی واتای شتێك، دەپرسیت، ئەوە چیە؟، ئەوە کاڵەکە، جارێکیتر دەپرسی کاڵەك چیە؟ دەشێت بڵێیت"جۆرێکە لە میوە". کارەکە هەر بەوەوە ناوەستێت دەشێت پرسیاریتر سەر هەڵبدەن، بۆ نمونە، مەبەست لە "جۆر" و "میوە" چیە؟ گرفتی ئەو کردەوەیە لەوەدایە ئەو پرسیارانە شێوەی بازنەیی وەردەگرن و چەندیك دوایبکەویت شتی تازەتر دێتە پێشەوە، سەرەنجام، لە لایەکەوە ئەو کردەوەیە چەندێتی و چۆنیەتی زانیاری کەسەکان زیاد دەکات، و لە لایەکی تریشەوە دەکرێت واتای وشەیەك لەبواری وشەیەکی تردا دیاریبکرێت، دواتر ئەوە بە دیاریکردن و پۆلێنکردنی کێڵگە واتایی و بەشەکانی قسەکردن کۆتاییدێت.

### ٢.٢ تیۆری واتا و تیۆری سیمانتیکی

ئەگەرچی تیۆری سیمانتیك و تیۆری واتا ناوبەند پەیوەندن و لە زۆر لایەنەوە یەکتر تەواودەکەن، بەڵام بەتەواوی ناچنە سەریەك و لەدوو گۆشەنیگای جیاوازەوە لە زانستی زماندا کاردەکەن، بۆ نمونە، ئەرکی تیۆری واتا لە مەودای فەرهەنگ و لۆجیکدا دەسوڕێتەوە، لە کاتێکدا تیۆری سیمانتیکی ئەرکی لەوە فراوانترە، و هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەخۆ کە لە واتا دەدوێن و جیاوازیەکان بەو شێوەیە کورتدەکرێنەوە

(أ) تیۆری سیمانتیکی بەڕادەیەك فراوانە کە تیۆری واتاش دەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا پشت بە تیۆری واتا دەبەستێت و بۆچوونەکانی ئەو تیۆریە بەهەند وەردەگرێت.

(ب) تیۆری سیمانتیکی ناوەرۆکی سیمانتیکی دەربڕینە زمانیەکان دیاریدەکات، کاتێك کە ناوەرۆك ئەرکی لە سنوری وشە دەترازێت و ئەرکەکانی فراوان دەبن تا قبوڵکردنی باوەڕ،بڕواپێکردن و لێدوان لە دەورووبەریش بگرێتەوە، ناوەرۆك بە پێچەوانەی "واتا" وە بەهای درۆ یان ڕاست وەرگرێت.

(ت) تیوری سیمانتیکی ئەرکی دیاریکردنی ناوەرۆکی دەربڕینەکانە وەك واتای ڕستە و سەرقاڵی ئەوە دەبێت بزانێت ڕستەکە چ واتایەك، تێڕوانینێك، یان بیروڕایەك سەبارەت سروشتی ئەو ناوەرۆکە هەڵدەگرێت.

(پ) تیۆری سیمانتیکی وەك وترا لە ناوەرۆك دەکۆڵێتەوە، ئەرکی زمانەوان گەلێك فراوانترە، هەر بۆیە دەبێت کلیلی کردنەوەی مێشکی هەمیشە بەکار بهێنێت تا لە نیەت و مەبەستەکانی قسەکەر بگات، کە ئەویش لە ناوەرۆکدا حەشار دراوە، لێرەدا ڕێگە بە ڕۆڵی پڕاگماتیك دەدرێت تا ڕۆڵی فراوانتربێت.

(ج) لە بواری تیۆری سیمانتیکیدا دەبێت زمانەوان شارەزاییەکی تەواوی لە زانستەکانی تری وەك گریمانەی پێشکات، واگەیاند، میتەفۆڕ ... تێنس،... هەبێت تا بتوانێت ناوەرۆکی دەقێکی دیاریکراو بخاتە ڕوو.

(ح) کارکردن لە بواری تیۆری سیمانتیکیدا دەبێت، کات، شوێن، ئەزمون، ڕادەی تێگەیشتنی قسەکەر و گوێگر، چین و بیروباوەڕی کەسەکان و زۆر شتی دیکە لەبەر چاو بگیرێت.

(خ) لە بواری تیۆری سیمانتیکیدا تەنها پشت بە زمانەوان نابەسترێت، کاری بە هەرەوەزی ئەنجام دەدرێت، واتە زانایانی بواری فەلسەفە، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی، هەموو هەر یەکە و لە چوارچێوەی کارەکەی خۆیدا سەرقاڵی کارکردنە لە مەودای زماندا.

(د) لە بواری تیۆری واتادا، ئەو وشانەی بەهای لۆجیکی وەردەگرن تەواو کاریگەرن لەسەر ئاراستەکردن و بەلایەکدا بردنی سەرنجی قسەکەر و گوێگر بەرەو سەرەنجامی لۆجیکی، کاتێك گوێگر یان خوێنەر "بەڵام"، یان "یان" دەبینێت، هەڵوێستەیەك لەسەر سەرنجام دەکات، بەڵام کاتێك "و" دەبینێت زیاتر بەردەوام دەبێت تا تەواوکەری بەشی یەکەمی ڕستە وەرگریت. ئامرازی لۆجیکی تێڕوانینی قسەکەر پیشاندەدەن.

**٢.٢.١ تیۆری دامەزراندنی واتا**

ئەم تیۆریە، ژمارەیەك لە ئەرك بەرەوڕوی خۆی دەکاتەوە، بۆ نمونە،

(أ) ئەم تیۆریە خۆی بەوەوە خەریك دەکات بزانێت چ دەربڕینێك ناوەرۆکی سیمانتیکی لە خۆدەگرێت

(ب) ئەم تیۆریە دابەش دەبێتە سەر چەندان وەچە تیۆری و ئەرکی لێکدانەوەی پێکهێنەری دەربڕین و ڕستەکان دەگرێتە ئەستۆ.

(ت) کارکردن لە بواری تیوڕی واتادا تا ڕادەیەك سنوردارە، بەلای ئێمەوە ئەوەندە فراوان نییە تا زانیاریتر لە بواری فەلسەفە، کۆمەڵناسی و دەرونی پێویست بکات.

(پ) لە تیۆری واتادا، زمانەوان دەپرسێت مەبەست لەو ڕەمزە چیە؟، واتای ئەو وشەیە چیە؟ پەیوەندی لە نێوان فۆڕم و ناوەرۆکی وشەدا چیە؟،

(ج) واتای هەر دەربڕینێك جۆرێکی تایبەتە لە بوون، بۆیە ئەرکی زانستی سیمانتیك جوتکردنی ئەو دەربڕینەیە لەگەڵ بونێکی دیارکراو کە لە دەرەوەی نیزامی زمانیەوە ئاماژەی بۆ دەکات. فۆڕمی ڕاست لە تیۆری سیمانتیکیدا جەخت لە سەر شتی ئەو بونەوەرانە دەکاتەوە.

(ح) ئەو تیۆریانە گەرچی لە ژێر ناویشانی تیۆری واتادا وەڵامی پرسیاری جیا جیا دەدەنەوە، و تیۆری "واتا" وەك ڕەقیب کاردەکات تا سنور بۆ تیۆری دامەزراندنی واتای ڕاست دابنێت.

(خ) بوون به هاوواتا به ڕسته پێی دەگوترێت proposition ناوەرۆك و (٢٠-١٩-١٩٧٠) Lewis پێی دەڵێت تیوری سیمانتیکی ناوەرۆکی Propositional Semantic theory.

لێرەوە، دەبینی هەموو زمانەوان و فەیلەسوفەکان لە سەر ئەوە نین کە واتای ڕستە ناوەرۆکین. کەواتە مەودای سیمانتیکی بەسەر دوو لایەندا دابەشدەبن، یەکەم تیۆری سیمانتیکی ناوەرۆکی و دووەم نا-ناوەرۆکی.

سەبارەت بە جیاوازی لە نێوان تیوری سیمانتیکی و تیۆری دامەزراندنی واتا (٢٠-١٩-١٨٧٠) Lewis دوو ناونیشان جیادەکاتەوە.

(١) وەسفکردنی زمانێکی دیاریکراو(چاوەڕوانکراو) یان ڕێزمانەکان وەك سیستێمی موجەڕەد کە بە هۆیەوە ڕەمزەکان بە فیچەرەکانی دونیای دەوروبەرەوە دەبەسترێنەوە.

(٢) باسکردنی هەقیقەتە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان کە بە هۆیەوە دانەیەکن دیاریکراو لەو سیستێمە سیمانتیکیە موجەڕەدانە، دانەیەکن کە لە لایەن کەسێك یان دانیشتوانەوە بەکاردەهێنرێن، و تاکە سەرلێشێوانێکیش لە تێگەڵاوکردنی ئەو دوو ناونیشانانەوە دێت.

**٢.٢.٢ مەبەستەکانی تیۆری سیمانتیکی:**

تیۆری سیمانتیکی پێویستە هاوبەشی لە هەر دەربڕینێکی زمانەکەدا بکات، بۆیە ئەرکی گەورەی دەکەوێتە سەرشان، بۆ نمونە، دیاریکردنی تایبەتمەندی و پەیوەندی لە نێوان پێکهێنەر و کەرەستە زمانیەکاندا، دەربڕینە پڕواتاکان، ناڕون و نادیار بوون، هەروەها دیاریکردنی هەموو ئەو دەربڕینانەی کە یەکێکیان ئەوەکەیتر دەگەیەنێت یان دەبن بە هاوواتا یان دژواتا بۆ یەکتر. ئەوانە هەموو هەقیقەت و توانای ڕودانیان هەیە بۆیە دەبێت تیۆری سیمانتیکی هەموو ئەوانە دیاریبکات و لێیان بکۆڵێتەوە، بەلای (١٩٩٥: ٢٢١) Akmajian وە تیۆری سیمانتیکی هەموو ئەو داواکاریانە ڕێکدەخات لەسەر ئەو بنەمایەی کە تیۆریەکە گونجاوە و دەبێت هەموو ئەو ڕاستیانەی لای خوارەوە لەخۆبگرێت: بۆ نمونە، E دەتوانێت ئەو واتایانە بدات، پڕواتایە، لێڵە، فرەواتایە، دووڕودرێژە، هاوواتایە، هاوبێژەیە، E واتای E′ لەخۆ بگرێت، E و E′ واتاکانیان لەسەر یەکن، E و E′ دژواتان، E بە شێوەیەکی حەرفی بە کاردەهێنرێت بۆ ....، E بەشێوەیەکی زمانی ڕاستە، E شیتاڵیە، E مشتومڕیە، E، E′ دەگەیەنێت، E بەشێوەیەکی سیمانتیکی E′ دەگەیەنێت، و ئەوانەش دەبێت لە چوارچێوەی تیۆریدا بن. (٤-١٩٩٠:٢٢٣) Akmajian دوو پرسیاری گرنگ سەبارەت بە ئامانی تیۆری سیمانتیکی دەکات، بۆ نمونە، چۆن تیۆری دەبێت مامەڵە یان لێکدانەوە بۆ تایبەتمەندێتی سیمانتیك و پەیوەندیەکان بکات، چ جۆرە سنور بو دانانێك لەسەر تیۆری سیمانتیکی گونجاون تا بسەپێن، و دووان لەوانە لەبەرچاو دەگیرێن، یەکەم، زمانی سروشتی ژمارەیەکی بێسنور لە فرێز و ڕستە لەخۆ دەگرێت، و خەڵکەکان لە توانایاندایە تەنها برێکی دیاریکراو لە زانیاری هەڵبگرن، لەگەڵ ئەوەشدا سیمانتیکی زمانی سروشتی فێردەبین، واتای دەربڕینەکان بەشێوەیەکی سیمانتیکی ئالۆزن و بە هۆی واتای پێکهێنەرەکانیانەوە و پەیوەندی ڕێزمانیەکانیانەوە دیاریدەکرێن، و ژمارەیەکی بێسنور لە فرێز و ڕستە پێکدەهێنن.

**٢.٢.٣ ئەرك و واتای بنیاتی واتا**

لە ئاستی زماندا، واتا بەیەك ئاراستە، بەها و لێکدانەوە نایەت، واتا تایبەتە بە پۆلی-کراوە کە فەرهەنگ دیاری دەکات، واتای ئەرکی کە تایبەتە بە پۆلی-داخراو، هاوبەشی کاریگەریان لە بنیاتی ڕێزمانیی دەربڕینە زمانیەکاندا هەیە، Grice دوو واتا جیادەکاتەوە ،یەکەم، واتای فەرهەنگی کە بریتیە لە واتای وشەکان دوور لە

واتای تری دەربڕینەکە، و دووەم واتای بنیاتی، کە بریتییە لە واتای بکەری، بەرکاری، تێنس و ... ئەوانە نیشانەی بنیاتی واتایی پێکدەهێنن. لەلای ئیفلاتون ئەوە بریتییە لە جیاوازی لە نێوان ماتیریاڵ و واتای فۆڕمی، جیاوازی لە نێوان بکەر و بەرکاری ڕستەکان پێچەوانەی دیاریکردنی، تێنس و ژمارە، جیاوازی لە نێوان دەربڕین، پرسیار، و داواکردنن، و هەموو ئەو جیاوازیانە وەك بنیاتی واتایی باسدەکرێن، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی، ڕۆڵ و ئەرکی جیا.

Grice لە (Lyons (١٩٦٩:٤٣٥ەوە، سێ جۆر لە ئەرکی سیمانتیکی جیاواز هاوپۆل دەکات، بۆ نمونە، واتای بنیاتی کە وەك "واتای ڕێزمانی" وەردەگیرێت، و پێچەوانەی واتای فەرهەنگی دەوەستێتەوە، واتای بەندەکان: ئەوانەی وەك کەمایەتی لە چوارچێوەی بەشەکانی قسەکردن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. واتای ئەرکی ڕێزمانی، بۆ نمونە، بکەری، بەرکاری، دیاریکەری و ئەو واتایانەی پەیوەندن بە بیری ڕستەی هەواڵی، فەرمانی، پرسیاری، لە چوارچێوەی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ڕستەدا.

جیاوازی لە نێوان واتای بەندەکانی ڕێزمانی و فەرهەنگیدا Martinet و Hallidat ئاوا جیایان دەکەنەوە: دەستەی بەندە داخراو و نەگۆڕەکان : ڕاناوەکان، توخم، تێنسەکان، دەستە کراوەکان: ناوەکان، کارەکان لە زماندا ... ڕێزمانیە داخراوەکان: فەرهەنگیە کراوەکان، لێرەدا جیاوازیەکە لە نێوان واتای بەندە ڕێزمانی و فەرهەنگیەکاندایە.

بیرکردنەوە ←——[سیمانتیك]←——[ڕستە سازی]←——[ فۆنۆلۆجی]←——[دەنگ]. دیاگرامی (٥)

**٢.٢.٣ پەیوەندی سیمانتیکی لە نێوان ناو و کاردا**

واتای ناوەکان بریتییە لە ئاماژەکردن بۆ شتەکان، بۆ نمونە، "کێلەسپی" ئاماژەیە بۆ گوندەکەی من، هاوبەشیکردنەکەیان بریتیە لە هاوبەشیان لە واتای ڕستەکاندا، زۆر جار لە ڕستەدا بکەر ناونابرێت ئەو کات بۆ زانینی بکەر پشت بە تایبەتمەندێتی کارەکە دەبەسترێت، لەسەر بنەمای داواکەر و داواکراو.

(١) دەمیاوێنێت دەستەیك لە گریمانەی ڕاست. بکەر پشیلەیە

(٢) دەحیلێنێت دەستەیەك لە گریمانەی ڕاست. بکەر ئەسپە

(٣) پشقلی کرد دەستەیەك لە گریمانەی ڕاست بکەر بزن، مەڕ یان کەروێشکە

(٣) ............ دەستەیەك لە گریمانەی درۆ. کاری ڕستە ونە، بۆیە هەرچی بڵێی لە شوێنی خۆیدا نیە،

دەگوترێت "A ئاماژە بۆشتێکی وەك B دەکات" ئەگە واتای سیمانتیکی A لەسەر بنەمای نمونەی نەریت و زانیاری هاوبەش لە نێوەندی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی بەکاریدەهێنن بنیاتنرابێت، ئەوا هەموو بەکاری دەهێنن و تێشی دەگەن. ناوی "پشقل" بەکار دەهێنم تا ئاماژە بۆ "مەڕ و بزن" بکات. چونکە ئەو ناوە لە کوردەواریدا باوە، کەواتە پەیوەندی بەهێز لە نێوان ئاماژە بۆکراو، ئاماژەکەر هەیە، کە لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا باوە و بڕیاری لەسەر دراوە. سەبارەت بەوە دوو ڕا هەن، بۆ نمونە، Evants وەك Kripke بیردەکاتەوە کە ناوەکان پێچەوانەی وەسفکردنە دیاریکراوەکانن، و وای دەبینن کە ناوەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە دەکەن، بەبێ هیچ زیادەیەکی شاراوە لە پشت ئاماژەکردنەکەوە، لە هەمان کاتدا Kripke وا بیردەکاتەوە کە مێژوی ناوەکان بەرپرسن لە واتاکانیان، و Evants وا بیردەکاتەوە کە بەکارهێنان و باوەڕەکانی کۆمەڵ لەو بوارەدا باڵادەستن و بەهێزن. لە (Portner ٢٠٠٥: ٩٣-٩٠) ەوە.

### ٢.٣ تیۆری بیری و واتا The concept theory of meaning

به پێچەوانەی تیۆری واتاوە کە پەیوەندی لە نێوان وشەو شتدایە، لەم تیۆریەدا وشەو شتەکان پەیوەستن بەیەکەوە لە ڕێگەی بیری مێشکیەوە. بەلای (Farrokhpey ١٩٢٣: ٣٠٦-٣٠٧) ەوە ئەوە سێلایەنە:

بیرکردنەوە ⟵ وشە ⟵ ڕەمز دیاگرامی (٦)

بە پێی ئەم تیۆریە لکاندنی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەمز و ئاماژە بۆکراودا نیە، ئەو پەیوەندیە لە مەودا و بەهۆی بیرکردنەوەوەیە، گرفت لەگەڵ ئەم تێڕوانینە ئەوەیە کە سروشتی ئەو یەکگرتنە لە نێوان بیر و ڕەمزدا نازانین. تیۆری مێشکی لەلایەن چۆمسکیەوە پشتگیری لێدەکرێت و باوەڕی وایە کە زانیاری زگماکی یان بە بیر و خەیاڵی خۆداهێنان پێویستە ڕۆڵی بەشێکی زۆر ببینێت لە لێکدانەوەی زماندا.

لەم تیۆریەدا دەبینی "وشە و واتا بە هۆی هاوبەشیکردن و ناوگیری تێگەیشتنی مێشکیەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە ” (Farrokhpey ١٩٦٤:٣٠٦) .

### ٢.٤ تیۆری هۆلیستیکی-Holistic

ئەم تیۆریە بە وردی سەرنج لە واتا دەدات و جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە واتای هەرشتێك بە هۆی تێگەیشتن لە پارچەکانیەوەیە کە لە نزیکەوە ناوبەند پەیوەند و بە یەکەوە پەیوەستن، و دەتوانرێت لێکبدرێنەوە تەنها بە هۆی ئاماژەکردنەوە بۆ هەموو(دوای یەکگرتنیان بۆ) بوونەکە. ئەم تیۆریە پێیدەگوترێت، "واتای هیلیزمیەت، واتە هەموویی meaning holism واتە holistic، ئەو بیرە دواتر گەشەی کردووە کە واتا بە دەستەیەك لە تایبەتمەندی شتێك، کەسێك ... بەرانبەر دەکات. بۆ نمونە، کلکی درێژ، دانی تیژ، تەڵەکەبازی، توکی نەرم و ... هەر یەکە لەوانە دانەیەکن لەو تایبەتمەندیانەی کە بیری گیاندارێك دەخوڵقێنێت کە لەدەرەوەی نیزامی زمانی ئاماژە بۆ ڕێوی دەکات.

ئەو تیۆریە لەلایەن فەیلەسوف Quine ەوە پشتگیری لێکراوە و باوەڕی وایە کە واتای وشە، فرێز و ڕستەکان لە پەیوەندیەکانیاندا پشت بە وشە و فرێز و ڕستەکانیتر دەبەستن، بۆ نمونە، کاتێك لە واتای گەرم دەگەین کە واتای سارد بزانین، ئەگەر نا ئەو واتایەت بەبیردا نایەت.

دونیای چاوەڕوانکراو ڕۆڵی خۆی هەیە لە لێکدانەوەکانی ئەم تیۆریەدا، بۆ نمونە، بۆ دیاریکردنی "تاوانبار"، دادوەر پشت بە دەستەیەك لە گریمانە دەبەستێت، کە هەریەك لەوانە لە چەندان وردەکاری و ئەوانیش لە زنجیرەیەك کردەوە و ڕەفتار پێك دێن، کە سەرەنجام هەر کەس ئەوانەی تیادا بوو ئەوە پێی دەگوترێت "تاوانبار"، بۆیە دادوەر بە وردی سەرنج لەو کردەوانە دەدات کە هەردانەیەك لەوانە فیچەریك لە سەرجەم کردەوەکە بەگشتی پێکدەهێنێت و بەرانبەر بە یاسایەك لە دەستورە گشتیەکە دەوەستنەوە تا بە هۆیانەوە تۆمەتی "تاوانباری" بداتە پاڵ کەسی ژێرلێکۆڵینەوە. لەو سیناریۆیەدا بیر لە دونیای چاوەڕوانکراو دەکرێتەوە، هەر یەك لەو بەڵگانە (زەروری و نازەروری) چ بەرچاو ڕونیەك دەدەن لە گەیشتن بە سەرەنجام، جێگەی سەرنجە کە بە تەواوی تەواو نییە بڵێی کە بیرکردنەوە و بەخەیاڵدا هێنانی سیناریۆ بە شێوەیەکی سادە نمونەی جیهانی چاوەڕوانکراوە. (Katz ١٩٧١:٥-٦ ).

(Hudson ١٩٩٦:٧٦-٨٠) سەبارەت بە بنیاتی وشە پشتگیری بیرەکانی Quine دەکات سەبارەت بە بنیاتی واتای وشە بە ڕێگەیەك کە پەیوەندی بە بیری وەسفکرنەوە هەیە، بۆ ئەو مەبەستە دوو مەرج جیادەکاتەوە، بۆ نمونە، یەکەم "مەرجی زەروری" و دووەم "مەرجی بەس"، هەر "بیرێك" دەبێ بیرکردنەوە بەدوایخۆیدا بهێنێت، بۆ نمونە، بیری" کوڕ" دەبێت زانیاری تەواو لەخۆ بگرێت تا باش بزانین ئەو کەسە یان شتەی لەدەوروبەرمانە

کوڕە یان نا. دواتر بەدوای چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو زانیاریانەدا دەگەڕێن کە سەلماندنی بیری "کوڕ" دەسەلێنن، دواتر ئەو زانیاریانە وەك تایبەتمەندی دەدرێنە پاڵی، لێرەدا نمونەی "کوڕ" یان باڵندە دەهێنینەوە، بۆ نمونە:

(١) X باڵندەیە ئەگەر و تەنها ئەگەر Y.

(٢) Y بریتیە لە دەستەیەك لە تایبەتمەندی، بۆ نمونە،

Y بریتیە لە دەنوك، پەڕ، باڵ، دوو قاچ، فڕین و هێلکە

هەر شتێك ئەو مەرجانەی تیادا بوو، کە وەك پێکهێنەری سەرجەم فۆڕمی ئەو شتە لەبەرچاو دەگیرێت، ئەوە وەك "باڵندە" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دواتر نەبوونی هەریەك لەو مەرجانە گومان سەرهەڵدەدا، بۆیە ئەو مەرجانە وەك مەرجی زەروری دەزانین، ئەگەر مەرجەکان ڕاست بن، ئەو کات بەو شتە دەوترێت "باڵندە".

ئەم تیۆریە "بیر" ەکان وەك دەستەیەك لە بەشی بچوکی زانیاری دەبینێت، تا دواتر بەهۆیانەوە سەرجەم بیرەکە، وەك باڵندە بناسرێت، مەرجە زەروری و بەسەکان بۆ شتێك مەرجن تا وەك نمونەیەك لەو "بیرە" مامەلە بکرێت. بەلای نوسەرەوە گرفتی ئەم ڕێبازە لەوەدایە، کە ئەگەر قسەکەرەکان هاوبەش بوون لە هەمان "بیر" ئەو کات بڕیار لەسەر مەرجە زەرورەکان و بەسەکان دەدرێت، "تا بڕیار بدرێت ئەگەر شتێك ئەوانەی هەبوون ئەوە Y یە ئەگەر نا وا نابێت. هەر لەو بارەیەوە Rosch (١٩٧٦) لە (Hudson ١٩٩٦:٧٦)ەوە، دەڵێت X باڵندەیەکە ئەگەر وشەی X ناو یان بیری باڵندەیەکی نمونەیی بێت نەك بیری باڵندەیەکی وەك حوشتر مەل یان پێنجین". بەم پێیەبێت حوشتر مەل نابێت باڵندە بێت.

دونیا بینی وەك تێڕوانینی کەسەکان بۆ دەوروبەر، بناغەی خۆی لەسەر ئەزمون، کات، شوێن، ڕادەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی و چەندێتی بڕیاری بەکۆمەڵ دادەنێت، و بڕیار لەسەر مەرجە زەروری و بەسەکان بۆ دیاریکردنی "بوون"ێك دەدەن. ئەگەر دانانی مەرجی تایبەت بۆ دیاریکردنی نمونەی یەکەمی توخمی خۆیی بۆ بونەوەرێکی وەك باڵندە ڕای بەکۆمەڵی لەسەر بێت، دەبێت بەهەمان پێوەر بۆ دیاریکردنی نمونەیەکی تری وەك "ڕۆشنبیر، دیموکراسی، دیکتاتۆر(ی) ..." بە هەمان شێوە بەڕێوە بچێت؟.

سەبارەت بە دونیای دەوروبەر دوو بۆچوون هەن، یەکەم، زمان دونیا بنیات دەنێت، بەهۆی ئەو واتایانەی جیایان دەکاتەوە، واتە هەموو شت، کەس، ڕودا و ئەوانەی هەستیان پێبکەین و ئەوانەش کە تەنها هەر لە خەیاڵماندا هەبن، دیارە ئەوەش بە پێی دوو تیۆری، بە پێی تیۆریەك دونیا خۆی بنیات دەنرێت، بە پێی ئەوەکەی تر دونیا بە پێی پێویستی قسەکەرەکانەوە بنیات دەنرێت، واتە دونیا هەر ئەوەندەیە کە قسەکەرەکان تێی دەگەن و هەستی پێدەکەن، کەواتە دونیای توخمی بنەڕەتی ڕوخسارەکان بە ڕێکەوت یەکناگرن، بەڵکو لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا ڕوودەدەن، بۆ نمونە، ئەوەی پەڕی هەبێت دەبێت دوو قاچی هەبێت، بفڕێت و هێلکە بکات و دەنوکیشی هەبێت.

## ٢.٤.١ مەرجە لۆجیکیەکان

لێکدانەوەی کلاسیکی دەستوری لۆجیکی دەدات بە لێکدانەوەی بیرەکان، بەلای Moore ەوە ئەوەیە کە بە لێکدانەوەیەك بیرەکان لەت لەت دەکرێن بۆ پێکهێنەرەکانی، بە لێکدانەوەیەکیتر، ئەوە پێکهێنەری لۆجیکیە کە لێکدانەوەیەك دیاریدەکات. لێرەدا دەگوترێت پێکهێنەری بیرێك، بیرێکە کە بە هۆی بیرێکی ترەوە دیاری دەکرێت، بۆ نمونە، "چوار-لا" پێکهێنەری لۆجیکی "چوارگۆشەیە"، بوونی شتێك بە چوارگۆشە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شتە چوار-لایە.

### ٢.٥ تیۆری نیشاندەر= واتا وەك هەستكردن Meaning as sense

بەلای Frege دوە ناوی گونجاو بەلانی کەمەوە لە لێکدانەوەی واتادا دوو گرفت پێشکەش دەکات، یەکەم، وای دانێ واتای ناوێك ئەو شتەیە کە ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ نمونە، "سام"، ئەوە، واتای کەسێکە لە دونیای دەوروبەر کە ناوی "سام" ە، بەڵام ئەگەر ئەو ناوەی ئاماژەی بۆ دەکەیت وجودی نەبوو، وەك پێگاسوس، یان شەیتان ... ئەوە بە پێی تیۆریەکە دەبێ واتای نەبێت، دووەم، ئەگەر دوو ناو ئاماژە بۆ هەمان شت بکەن، بۆ نمونە، Hesperus and phosphorus ئەوە وا بەخەیاڵدا دێنێت وەك ئەوەی دوو ئەستێرەی جیاواز بن، بەڵام دواتر لە دوایدا دەبینیت هەروولا هەمان شتن، (ئەستێرەی ڤینۆسە) ئەگەر وشەکان بەیەکتر بگۆڕینەوە، سەرەنجام ئەوە بەدەست دێنین کە لە واتادا هیچ جیازی نابینین، دیارە، لە واقیعدا Herperus هەمان phosphorus ە و دەبێت هەمان شت بگەیەنێت. دواتر Frege دەگاتە ئەوەی بڵێیت هەڵەیە کە بڵێیت، واتای ناوێك ئەو شتەیە کە ئاماژەی بۆ دەکات. لەبری ئەوە، واتا دەبێت شتێکی تر بێت، بۆ نمونە the ‘sense’ of the word واتە هەستکردن یان تێگەیشتنی دونیا(ی دەوروبەر) بە پێی بۆچون و تێگەیشتنی کەسی دیاریکراو، دوو ناو بۆ هەمان کەس، پاشان، دەتوانن هەستکردنی جیاوازیان هەبێت، (یان دوو واتا)، دانەیەك لە واتای پەنجە بۆ ڕاکێشراو دەشێت بەهۆی زیاتر لە هەستکردنێکەوە هەڵبژێردرێت. ئەو جۆرە تیۆریە پێی دەگوترێت "تیۆری ئاماژەکردنی ناوەندگیری mediated reference theory ". Frege باوەڕی وایە هەمان جیابوونەوەی واتا دەبێت بۆ هەموو کاتەگۆریە زمانیەکان بەکار بهێنرێن، بۆ نمونە، دەربڕینە پێوانەییەکان، "هەموو بەلەمەکان سەرئاو دەکەون" دواتر بیرەکانی Frege لەسەر ئەوە کورت دەبنەوە کە بیروڕا و بۆچونەکان ideas ناتوانن واتا بن، چونکە بۆچوونەکان کەسی و سەردەمین، لە کاتێکدا خودی واتا بابەتی و جێگیرە.، دەڵێت هەندێك جار ئاماژەکردن و واگەیاندن بەس نین چونکە ئەگەر زمان تەنها فۆڕم و ئاماژەکردن لەخۆبگرێت، ئەو کات ناسنامەی ڕستەکانی سەرەوە دەشێت هەمان واتای وەك یەکیان هەبێت. لە (Emmon et.el ٢٠٠٧: ١٣٥-٣٧) دوە.

### ٢.٦ تیۆری بەکارهێنان و پراگماتیك

لۆجیکی دڵنیایی logical positivism[١] مونافەشەی ئەوە دەکات کە واتای دەربڕینەکان لەوەوە بەرز دەبنەوە کە چۆن بتوانرێت بسەلمێنرێن، کەواتە دەبێت بە هەر هۆیەکەوەبێت هەست بە هەقیقەتێك بکەین. بەو پێیە، ناتوانین بە وشەیەك بڵێین ئاوەڵناو یان ناو و لێکیان جیابکەینەوە بەهۆی ڕەفتارەکانیانەوە نەبێت لە کاتی بەکارهێنانیاندا، Wittgenstein باوەڕی وایە کە واتای ڕستەیەك یان دەربڕینێك بەکارهێنانەکەیەتی کە قسەپێکەرانی زمان لێی دروست دەکەن بە مەبەستی بەردەوامی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا. لێرەوە، دەکرێت چەند پرسیارێك لەم ئاستەدا سەرهەڵبدات، بۆ نمونە، "واتا" بریتیە لە جۆرێك لە بوون و شت، دواتر بۆ دیاریکردنی "واتا" وشە بەکار دەهێنین، کەواتە "وشە" دەبێت واتای هەبێت. سەرەنجام ئەوە وادەکات کە تیۆری سیمانتیکی جیاواز جیاواز بێنە ئاراوە. لە لایەکی ترەوە واتا و هەقیقەت لە تیۆری پراگماتیکیدا. گرنگی تایبەتی پێدراوە، و بەهای هەرشتێك بە هۆی ئەوەوەیە کە تا چ ڕادەیەك دەتوانرێت لە پراکتیدا کاری لەسەربکرێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەلای Peirce "هەقیقەت بریتیە لە ڕێككەتن لە سەر دەربڕینێکی

[١] ئەوە جۆرێکە لە فەلسەفە کە سەرچاوەی بیرەکانی لە "کانت" دوە وەرگرتووە و دەڵێت تەنها دیاردەی هەستپێکراو ڕاستە و شایانی ئەوەیە پشتیپێببەسترێت، هەر وەك چۆن واتای سوربوونیش لەسەر بیروڕایخۆش دەگەیەنێت، بەو جۆرە بیرەکانی خۆی تەنها لەسەر هەقیقەتەکان دادەمەزرێنێت کە بەشێوەیەکی زانستیانە دەتوانرێت ئیسپات بکرێت. زیاتر لەوەی پشت بە بیروڕا و خەیاڵ ببەسترێت.

ئەبستراکت لەگەڵ بیروڕایەکی دیاریکراو بەرەو لێکۆڵنەوەیەکی بێسنور کە دەیەوێت باوەڕێکی زانستی بێنێت، کە گونجاوە"، لە (Wmmon et el ٢٠٠٧) دەوە. William James دەڵێت، "هەقیقەت تەنها هۆکارێکە لە ڕێبازی بیرکردنەوەکانماندا، تەنها وەك "هەقیقەت" بەتەنها هۆکارێکە بە ڕێگەی ڕەفتارەکانماندا" بە واتایەکی تر ڕاستی بریتیە لە "گەوهەری بەها" کە بەهۆی چالاکیەوە(کاریگەریەوە) جێگیرکراوە کاتێك بیرەکان لە پراکتیدا بەکاردەهێنرێن. جۆن دێوی John Dewey وای دەبینێت کە لێکۆینەوە و ساغکردنەوە ئەگەر چی زانستی، تەکنیکی، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، یا کولتوری بێت، بە تێپەڕبوونی کات ڕاستکردنەوەی-زاتیە ئەگەر بێپێچوپەنا ملکەچی تاقیکردنەوە بین بە هۆی ساغکەرەوەکان(پرسیارکەرەکان)ی کۆمەڵگاوە بە مەبەستی ڕونکردنەوە، بەرەو پیشاندان، پوختەکردن، یان بەدرۆخستنەوەی واتا و ڕاستی پێشنیارکراو"

ڕێبازی کردنخوازی نەك خەیاڵپڵاوی نەرێنی لەوەدا دەردەکەوێت کە هەر تاقیکردنەوەیەك نابێت دوورەپەرێزبێت، بەڵکو زیاتر مەعریفەیەکی تێکەڵاوە لە ئەزمون و تاقیکردنەوە و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی وەك کاری هاوبەش لە بەکارهێنان و سەلماندندا. دونیا بە واتای کەون دانەیەکە و لەتناکرێت و سیستێمێکیی تەواوکراوە و تاقیکردنەوە دەبێت دان بە هەمە چەشنبوونەکەیدا بنێت و لەبەرچاوی بگرێت. وەك Feynman دەڵێت " ئەگەر ئەوە ناکۆك بێت لەگەڵ تاقیکردنەوە، ئەوە هەڵەیە". واتە هەر بۆچوونێك دەبێت لەگەڵ واقیعدا یەکانگیربێت.

## ٢.٧ تیۆری  توانای مێکشی واتا Mentalist Theories of Meaning

بە پێی ئەم تیۆریە ئەگەر واتاکان شتێکی هەقیقیان نەبوو، ئەو کات ئەوانە شتی مێشکین، تەنانەت ئەگەر لە دونیای واقیعشدا ئەسپی باڵدار، یان مورغ نەبوو تا ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەوە بێشك بیرێك هەیە و دەشێت ئەو بیرە واتای ئەسپی فڕیوی هەبێت لە هەست یان مێشکی کەسەکاندا، بە واتایەکی تر ئەم تیۆریە پشت بە توانای مێشکی کەسەکان دەبەستێت بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە تیۆری ئاماژەکردن نەیتوانیوە پڕیبکاتەوە، ئەوە لەلایەن (١٩٧٥:٥٠) Glucksbery and Danks دەوە ڕونکراووەتەوە، و هەوڵی فراوانکرنی پێناسەکەی داوە، بۆ نمونە، واتا بریتیە لە "دەستەیەك لە واتای چاوەڕوانکراو بۆ هەر وشەیەکی دیاریکراو، و بریتیە لە دەستەیەك لە هەستکردن، وێنە(بیرلێکردنەوە)، بیروڕا، بیر، بیرکردنەوە و هەڵێنجانی چاوەڕوانکراو کە کەسێك دەشێت بەدەستی بێنێت کاتێك ئەو وشەیە دەبیسترێت یان بەکاردەهێنرێت، یان واتای هەر دەربڕینێك بریتیە لەو بیروڕا یان بیروڕایانەی کە بەو دەربڕینەوە بەستراونەتەوە لە مێشکی قسەکەرەکاندا".

ئەو تیۆریە بەلای (١٩٩٥: ٢١٩) Akmajian et.el. دەوە، بێگرفت نیە، بۆ نمونە، بیرۆکەی "بیر"ێك ناڕونە تا ڕێگە بە تیۆریەکە بدات پێشبینی هەرشتێکی دیاریکراو بکات، بەو جۆرە تیۆریەکە توانای تاقیکردنەوەی نابێت. یان ئەگەر بیرۆکەی "بیر"ێك بە تەواوی بینابکرێت بۆ تاقیکردنەوە، تیۆریەکە وا دەردەکەوێت وەك ئەوەی پێشبینی درۆ پێشکەش بکات.

## ٣-٠ زمان، واتا و دەوروبەر

### ٣-١ گرنگی زمان لە ژیانی کەسەکاندا

زمان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بوون بەنەتەوە، زانایانی زمان لەسەر ئەوەن ئەگەر منداڵ زمانی نەتەوەکەی خۆی نەزانێت ئەوە وەك پێویست ناتوانێت لە کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆی ببینێت چونکە هەمیشە هەست بەجۆرێك لە ناتەواوی و بێکەسی و لاوازی دەکات، زمان پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە لایەك و تاکەکان و دەوروبەردا بەهێز دەکات. لەو بارەوە کەسێکی وەك (١٩٩١:٢١) Urban دەڵێت "سنوردانان بە زمانەکەم ئەوە واتای

سنوردانانە بۆ زانست و جیهانی دەوروبەرم"، سەبارەت بە گرنگی پەیوەندی لە نێوان وشە و دەوروبەر Berkelery دەڵێت، سنوردانان بۆ بیرکردنەوەکانم بۆ بیرە تایبەتیەکانم، جیاکردنەوەیە لە وشەکان" لەم سەردەمانەدا زانست فۆڕمی ئاڵۆزتر بەخۆوە دەگرێت، کاتێك هاوکێشە و هێڵی بە یانی سەرهەڵدەدەن، و بەوەش هەندێك لە زمانی سروشتی دوردەکەوێتەوە، دواتر بەهۆی مێشکەوە واتا و بەهای شتەکان وەردەگیرێن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین. بەڵام دوبارە ئەو هێما، ڕەمز و هێڵکاریانە بەبێ ئەوەی لێکبدرێنەوە واتا نادەن، هەر لێرەوە بەلای (١٩٩١:٢١) Urban ەوە پرسیاری ئەوە دێتە ئاراوە کە دەڵێت "زانست چ دەڵێت؟" و وەڵامی ئەوەش لەلای زمانی سروشتیە، واتە بە زمانی سروشتی لێکدەدرێتەوە".

**٣.٢ واتا لە زمان و فەلسەفەدا**

زانستی زمان و فەلسەفە ئەوەندە لێك نزیکن تا ئەو ڕادەیەی وا دەبینرێت وەك ئەوەی یەك گیان و لە دوو جەستەدابن، سروشتی واتای زمانی، گۆڕانی لەسەرخۆی واتا بە درێژایی مێژووی، فرەواتایی وشە، واتای وابەستە بوون بەدەقەوە، گرفتی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ یەکێکی تر، تەنانەت گرفتی گواستنەوەی واتا لە ناوەندی زمانێکی یاریکراوەوە بۆ یەکێکی تر ... هەموو ئەوانە گرفتی سیمانتیکین و لەسەر هەر خاڵێك و مەودایەك لەوانە، گرفتی فەلسەفی سەرهەڵدەدات کە بریتین لە گەڕان بەدوای سروشتی واتای وشەدا، واتای شتەکان، و پەیوەندیەکانیان و تیۆری واتا بە ناوی "واتای واتا" دیاریدەکرێت.

دەکرێت چەندان جۆری واتا جیابکرێنەوە، بۆ نمونە، واتای کرۆکی و واتای ژێرخانی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، گرنگترینیان واتای کرۆکیە، بۆیە دەکرێت بپرسین مەبەست لە واتای کرۆکی چیە؟ دەشێت لەوەڵامدا بگوترێت واتای کرۆکی ئەوەیە کە لەدەق و دەرەوەی دەقیشدا توانای لابردنی نیە و جێگیرە، بەلای (١٩٩١:٩٩) Urban ەوە جۆرێکی ترە، بۆ نمونە، واتای کرۆکی ئەوەیە، کە "کاتێك تینوم بوو ئەوە پەرداخێك ئاو هەڵدەگرم و دەیخۆمەوە کاتێك ماندووبووم و کورسیەکم بینی، لەسەر دادەنیشم، لەهەر یەك لەو نمونانە واتا بەشێکی تەواوی هەقیقەتەکانە، زۆر جار واتاکە لەویانە نیە، کاتێك نەمزانی ئاو و کورسی لە کوێن، واتاکە بەواتای بۆماوەیی وەك واتای ئاژەڵ وایە، دەپرسین واتای سەرەتایی پەرداخێك ئاو و کورسیەکە بۆ چیە؟" واتا ئەوەیە کە دەمەوێت پێت بڵێم یان ئەو شتەیە کە پێوستیەکانمان تێر دەکەن".

## ٣.٣ فەلسەفەی زمان و زانستی زمان

دەکرێت ژمارەیك لە ئەرکی فەلسەفەی زمان دیاریبکەیت، بۆ نمونە، هەڵسەنگاندنی زمان، بە دواداچوون تا بزانرێت زمان چیە، بڕیاردانە لەسەر شەرعیەتی زمان، جەختکردنەوە لەسەر گرفتی هەڵسەنگاندنی زمان وەك هەڵگری واتا، ئامێری پەیوەندی و نیشانەو ڕەمزی هەقیقەت. و ...، لەم بارەوە Russel لە (١٩٩١:٤١ Urban )ەوە دەڵێت "گرفتی لۆجیکی زمان چیە؟، پرسیار لەسەر چ پەیوەندیەك کراوە،– ڕستە هەقیقەتێکی تری هەیە، ناوەڕۆك و بابەت، تا توانای مانەوەی بەسودی هەبێت بۆیان ... جێگرەوەیەکی بەردەوام بێت بۆیان"، لێکۆڵینەوەی زمان بە سێ لایەندا تێدەپەڕێت، جەختکردنەوە لەسەر فۆنەتیك، ئەرکی فیزیکی ئەندامانی لەشی مرۆڤ ... دواتر واتا و هاوواتا، سەبارەت بە واتا، زمانەوانەکان و زانایانی بواری دەرون ناسی پێکەوە دێن، ئەوەش وا دەکات کە واتا سەنتەری گرفتی زمان و فەلسەفە بێت. هەرکام لەوانە، بێیارمەتی یەکتر ناتوانن سەرکەوتن بەدەستبهێنن، فەیلەسوفەکان بە قوڵی لە بیرکردنەوەی ئەوەدان کە زمان چیە، لەو کاتەدا زمانەوان بێ چوونە ناو فەلسەفە و لۆجیکیەکان و فەیلەسوفەکان بێلێکدانەوەی زمان و هەروەها ... دەست بەتاڵ دەردەچن،

سیمانتیك مامەڵە لەگەڵ لێکدانەوەی پەیوەندی ڕێزمانی، مۆرفۆلۆجی، و ڕستەسازی دەکات کە دەبێت هەریەك لەوانەش بنەمایەکی فەلسەفی بەخۆوە بگرن. (Urban ١٩٩١:٤١-٣)

دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە چۆن ناوەرۆکێکی پڕ لە واتا و خەیاڵ پێشنیار دەکەین، بۆ نمونە، collection sounds کۆکردنەوەی دەنگەکان دەتوانن هەڵگری گشتی یان ڕوحی واتا بن؟ هەر ئەوەیە وا لە هەندێك زمانەوان دەکات وا بیربکەنەوە کە زمان بریتیە لە کۆی دەنگەکان، دیارە ئەوەش لە خۆڕا ناکرێت، بەڵکو پشت بە، کات، شوێن و لەسەروشیانەوە نەریت دەبەستێت، لەم خاڵەدا هەردوو فەلسەفەی زمان و زمان هاوڕان، بویە "واتا" دەبێتە چەمك و چەقی زانیاری لە هەردووکیاندا. دیارە ئێمە کاتێك باسی واتا دەکەین ئەوە واتای فەرهەنگی مەبەستە نەك ناوەرۆك، هەربۆیە بەلای (Urban (١٩٩١:٤١ ەوە "گرفتی واتا ناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەوەکەی تر کە فەلسەفەی زمانە و ناتوانرێت لێی لابدرێت". بوونی واتا پێش گەشەکردنی زمان کەوتووە، لەو کاتانەدا کە هەست بە هەقیقەتێك دەکەیت و ناشتوانی دەریببڕی، بۆ نمونە، کاتێ منداڵ دەڵێ "دایە ...." ئەوە هەر دایەکە نیە دەبێت هەستکردن بە برسێتی یان ئازار و شتی تریش لە دوای ئەو وشەیەوە خۆیان حەشاردابێت.

لە فەلسەفەی زماندا، کێشە و گرفتی زمان وەك هەڵگری واتا دەپەڕێتەوە بۆ گرفتی زمان وەك هۆکار و ڕێگەی پەیوەندی، کە واتە زمان هەقیقەتی کۆمەڵایەتی بەخۆوەدەگرێت. کێشەیەکی تری زمان دوای جیاکردنەوەی واتای تەواو لە ناتەواو ئەوەیە چۆن بگوازرێتەوە، ئەوە دەکەوێتە بواری زانستی سۆسیۆلۆجی تا گرفتەکە چارەسەر بکات. لەو بوارەشدا سەبارەت بە دیاریکردن و چارەسەرکردنی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵەوە.

**٤-٣ واتای پڕاکتیکی و واتای جەمالی:**

واتای کرۆکی جێگیرە و لە دەربڕینەکانیشدا سەنتەرە، واتای سەربار لە خزمەتی واتای کرۆکی و سەنتەردایە، واتای سەربار دونیابینی قسەکەر پیشان دەدات، بۆیە ناجێگیرن، بەڵگەش ئەوەیە کە ئەگەر هەمان دەربڕین لەلایەن کەسێکی ترەوە دەربڕدرێت، دەشێت هەمان لێکدانەوەی بۆ نەکرێت. ڕەفتارەکانی واتای پڕاکتیکی لەگەڵ واتای کرۆکیدا فراواندەکرێن و لە پەراوێزی ئەودا دێن، ئەوانە واتای کرۆکی فراوان دەکەن و وەك ڕاپۆرتدەر لەسەر واتا جەوهەریەکە مەمەڵەدرکرێن، لە نمونەکەی سەرەوە، پەرداخێك ئاو، لایەنی پڕاگتیکیەکەی هەڵگرتن و خواردنەوەیەتی، و سەرنجەکان بۆ چەندان ناوی تری وەك ئاو، پەرداخ و تینویەتی ڕادەکێشێت. پەرداخ، ئاو، و تینویەتی یەکتر تەواو دەکەن، واتای جەمالی بریتیە لە هەڵوێستی ئەساسی و واتای ئەساسی، ئەوەش جەخت لەسەر هەردوو واتای هەستی و واتای بیری دەکاتەوە. لێرەوە دوو گرفت دێنەپێشەوە، یەکەم: گرفتی واتای ئەو شتانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێت، پێش گرفتی واتای وشەکان بکەون، دووەم: چەند تیۆریەك قسە لەو بارەوە دەکەن، بۆ نمونە، تیۆری ڕەفتاری و تیۆری واقیعی، یەکەمیان باوەڕی وایە کە

> "واتای ئاسایی بریتیە لە ناوەکانمان بۆ ئاماژەکردن و تەبەنیکردن و جوڵان یان ڕەفتار. تیۆری ڕەفتاری هەموو سەرەنجام و هەڵێنجانەکانی خۆی لەسەر ڕەفتار دادەمەزرێنێت، تیۆریەکە بە زەرورەت بەرەو سەرەنجامێك دەڕوات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر وروژاندنێك کە کاردانەوەمان هەبێت بەرانبەری بە ڕێگەیەکی نەریتی ئەوە وەك هێما مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لێرەدا، پرسیار ئەوەیە "ئایا چالاکی وەك ڕەفتار بە زەرورەت جەخت لەسەر واتا دەکاتەوە بە واتای لێکدانەوەی هێماکان؟، بۆ نمونە وایدانێ سەگێك بۆ نانەکەی دێت، کاتێ جەرەسی نیوەڕۆ لێدەدات، جەرەسەکە چالاکیەکی گونجاو بۆ بابەتەکە دەوروژێنێ و دەکرێت شتی تریش پێشنیار بکەین کە

جەرەسەکە واتای نانی نیوەڕۆیە بۆ سەگەکە"، دەبێت ڕەفتاری سەگەکە بەراورد بکەین بە ڕەفتاری نەریتیتر، و دەشبێت ئاگاشمان لەوە هەبێت کە ئایا هەموو ڕەفتارێکی نەریتی دەبنە ڕەفتاری لێکدانەوەی هێماکان، بۆ تێگەیشتن" (Urban: ١٩٩١:١٠٠-٣)

**٤.٠ واتا و دەق**

**٤-١ بارودۆخی دەق و وابەستەبوونی دەقی**

هاوبەشیکردنی قسەکەر و گوێگر لەو بارودۆخەی دەربڕینەکەی تیادا دەردەبڕدرێت بە زەرور دەزانرێت، بۆ نمونە، ڕودانی هەندێك وشەی وەك "تۆ، ئێرە، ئێستا، ئەمە و ئەوە"، لە هەموو شوێنەکان هەمان خوێندنەوە وەرناگرن، لە دەربڕینێکدا بۆ قسەکەر کە "ئێرە" بەکار دەهێنێت، ئەوە بۆ کەسێکیتر دەبێت بە "ئەویٚ" یان "تۆ" دەبێت بە "ئەو" و "ئێستا" دەبێت بە "دوێنیٚ"، واتە هەر یەك لەوانە لە شوێن و کاتیتر خوێندنەوەی جیاواز وەردەگرن... ئەوە وا دەکات کە ئەگەر گوێگر لە بنەڕەتی بابەتەکە نەگات و زانیاری سەبارەت بە بارودۆخەکە نەبێت، ناتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە نامەکە وەرگرێت و لێکیبداتەوە، لێرەدا بارودۆخ ئەرکی خۆی دەبینێت لە تێگەیشتن، بۆیە دەبێت دوو شت لەو بارەوە لەبەرچاو بگیرێن: یەکەم دەبێت بارودۆخەکان وا سەیر بکرێن وەك ئەوەی هەموو بابەتەکە و کردەوەکانیش بە یەك پەیوەندیدارن، واتە تەناسوقێکی وا بەخۆوە بگرێت کە وەك فۆڕمی لۆجیکی، دواتر جێگەی دوودڵی و ئەم لاولای تیادا نەبێتەوە، دووەم دەبێت هەردوو گوێگر و قسەکەر زانیاری هاوبەشیان هەبێت .... بۆ نمونە،

(أ) بەردەقارەمان شورەیەکی بەدەوردا دەکێشرێت.

هەندێك پێکهێنەری سەرەکی لە ڕستەکەدا هەن کە دەبێت زانیاری تەواومان سەبارەت بوون و چۆنیەتیانەوە هەبێت.. دەبێت زانیاری تەواومان سەبارەت بە "بەردەقارەمان" هەبێت، ئەگەر نا، کێشانی شورە بەدەوری بەردێکدا چ ڕەنگدانەوە و کاردانەوەیەکی لەسەر گوێگر نابێت... دەبێت دەربڕینەکان زادەی بیر و ئەزمونی هەردوو قسەکەر و گوێگر بن، واتە دەبێت جەخت لەسەر هاوسەنگی گریمانەی پێشکات و باوەڕەکان، دنیابینی و ... لە نێوان هاوبەشەکانا بەڕاست وەربگیرێن، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەو پەیوەندیە تەنها لەنێوان ئەو دوولایەنەدا کورت نەبێتەوە، بەڵکو دەبێت مەودای مەعریفی و تێگەیشتنەکان سەرجەم لایەن و قسەپێکەرانی کۆمەڵگاش کە هەر دوو قسەکەر و گوێگر لەخۆدەگرێت بگرێتەوە، کاتێك دەبینی چۆن بەهای ئەو بەردە لە مێژوی کورد و دەرونی کەسەکاندا ڕەگ دادەکوتێت.

مەبەست لە زمان تەنها ڕاگەیاندن نیە بەڵکو دەشێت کاریگەری لەسەر کولتور و تەنانەت کردەی بیرکردنەوەش هەبێت، گرنگی دەق لەوەدا بەدەردەکەوێت کە هەردوو واتای بەندە زمانیەکان و مەبەست و نیەتەکانی قسەکەر یان نوسەر بەیەك دەگەیەنێت، واتای پێکهێنەرەکانی دەق، لەسەرو هەمویانەوە نیاز و مەبەستی قسەکەر گرنگن سەبارەت بە زانینی واتای ئەو وشانەی کە دەکرێت لە بارودۆخی جیاواز جیاوازدا بەکار بهێنرێن. هەر لەو بارەوە (١٩٦٩:٤١٠) Lyons دەڵێت "ئەو دەقەم بدەریٚ کە تۆ وشەت تیادا دیوەتەوە، منیش واتاکەت پێدەڵێم"، جگە لەوە فەرهەنگ، هاوواتا و دژ واتا ڕێگەی دیاریکردن و زانینی واتای وشە ئاسانتر دەکەن، بۆ نمونە، زەحمەتە لە واتای ووشەی دیمکراسی بگەیت تا بەراوردی نەکەیت بە بارودۆخی دیکتاتۆریەت، و هەروەها. هەر لەبەر ئەوەیە کە (١٩٦٩:٣١٤) Lyons دەڵیٚ "دەربڕینێك واتا بەخۆوەدەگرێت تەنها ئەگەر ڕودانەکەی بەتەواوی لەلایەن دەقەکەوە دیارینەکرا"، بەو پێیە واتای وشە و دەربڕینەکان بەوە دیاریدەکرێن کە

ئایا سەبەخۆن یان نا، سەبارەت بە وابەستە بوون و نەبوونی بە دەقەکەوە، بۆیە هەندێك دەربڕین، کە بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی باسکراون بەتەواوی یان بە زۆری لەلایەن دەقەکەوە دیاری دەکرێن. "بەبوکیان گوت لەگەڵ تۆمە خەسوو تۆ گوێتلێبێت". ئەوە بارودۆخ و دەقی تایبەت بەخۆی دەوێت، جگەلەوانە بەرزی و نزمی دەنگ، ڕوخسارەکانی توڕەبوون، لوتبەرزی و ... واتا لەخۆ دەگرن.

## ٤.٢ گرنگی بارودۆخی دەقی

گرنگی بارودۆخ و دەق لەوەدایە کاتێك بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گوێمان لە هەر وشەیەکی زمانەکە دەبێت بە پێی ئەزمونی کەسیمان یەکەسەر بە دەقێکی تایبەت پەیوەست بە واتای ئەو وشەیەوە دەبەستینەوە و خۆمان (گەرچی بە خەیاڵیش بێت) لە چوارچێوەیەکی تایبەت بە مەودای سیمانتیکی ئەو وشەیەوە دەبینینەوە، بۆ نمونە، کاتێك وشەیەکی وەك "باخ" دەبیستی هەست بە بوونی ناوچەیەکی پڕ لە گوڵ و دارستان دەکەیت و کاتێك "فریزێکی وەك "براکوژی" دەردەبڕی یەکەسەر دەیان دەق و تابلۆی خوێناوی شەڕی نێوان لایەنە کوردیە نەیارەکان بەیەکتریت دێتەوە یاد، کاتێکیش دەربڕینێکی وەك "مانگی چواردە" ەت گوێلێدەبێت، بە تەواوی خۆت لە بارودۆخێکی تایبەت بە تەماشا کردنی مانگی چواردەی دەورەدراو بە ئەشتێرەی درەشاوەدا دەبینیتەوە، هەرشتێك بەو جۆرە ناوی ببرێت وا هەست دەکەیت کە بونێکی سەربەخۆ و جۆرێکی تایبەت لە دەرەوەی نیزامی زمانیدا بوونی هەیە. کەواتە، واتا بیرێك دەردەبرێت و وەك بیر و وێنەیەك لە مێشکی قسەکەرەکاندا بوونی هەیە. واتا بەلای Frege ەوە هەردوو تێگەیشتن بیر و ئاماژە بۆ کردن دەگرێتەوە، هەر وەها ئەو ناوچەیەی Austin پێی دەڵێ[1] Locationary meaning دەگرێتەوە.

## ٤.٣ واتای وشە پەیوەستە بە دەقەوە

گرنگی و کرۆکی هەر بابەتێك سەبارەت بەهەر شتێك، ئەوەیە کە ئێمە تێبگەین و ببێتە بەشێك لە زانیاریەکانمان، تێگەیشتنی سەرەتایی دانانی بناغەیەکی پتەوە بۆ بەرەو پێشچوون، تێگەیشتنیش هەمیشە بەهۆی ڕەمزەوە بەدەست دێت. ڕەمزەکان جگە لەوەی هاریکارن لە خێرایی و باش تێگەیشتنەکانمان هاریکاریشمانن لە دیاریکردنی سنور لە نێوان بیرەکان کە لە شێوەی فۆڕمدا دەخرێنە ڕوو. لێرەوە دوو ڕوخسار سەرهەڵدەدەن، یەکەم ئەوەیە بۆ ئەوەی لە هێما بگەین دەبێت بزانین ئاماژە بۆ چی دەکات یان چی دەگەیەنێت. ... ڕوخساری دووەم ئاماژەکردنە بۆ بەهاکانی بارودۆخی تێگەیشتن لە دانانی بەهاکاندا. بەلای John Laird ەوە "واتا بیرێکی ئاڵۆزە، بەلێکدانەوەیەك پێشبینی بەها دەهات، بەلێکدانەوەیەکی تر وانیە، واتا هەندێك جار هاوواتایە بە مەبەست، واتاکەی من ئەو شتەیە کە دەمەوێت بیگەیەنم، پەیوەندی بکەم بەهەندێك کەسی ترەوە، ئێستا نیەتەکان نیەتی عەقڵ و مێشکن و ئەو نیەتانە پێشبینی بەهاکان دەکەن"، —— "ئەو هەقیقەتانەی نیەتم هەیە جەختی لەسەر بکەمەوە، پەیوەندی زەروری نیە بەو بەهایانەی لە نیەتەکانماندا دەیگەیەنن و دانی پێدا دەنێن. لە (Urban ١٩٩١:١٢٨) ەوە.

---

[1] ئەو زاراوەیە لە تیۆری کردەوەی قسەکردندا بەکارهاتووە بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ کردەوەی دروستکردنی دەربڕینی پڕواتا. ئەوە پێچەوانەیە بە illocutionary actاکە لە تیۆری کردەوەی قسەکردندا بەکار دەهێنرێت تا ئاماژە بۆ کردەوەیەك بکات کە لە لایەن قسەکەرەوە بەئەنجام دەگەیەنرێت بە هۆی دەربڕینێکەوە کە بنیاتدەنرێت، نمونە بۆ illocutionary acts or illocutionary force بەڵێندان، فەرماندان، داواکردن، گرتن و ... لەخۆ دەگرێت و هەروەها پێچەوانەی زاراوەی perlocutionary acts دایە، کە دووبارە زارەوەیەکە لە تیۆری کردەوەی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بۆ کردەوەیەك بکات کە بەئەنجام دەگەیەنرێت کاتێك کە دەربڕینێك کاریگەری دیاریکراو لەسەر ڕەفتار، باوەڕ، هەستکردنەکانی گوێگر دادەنێت، هەروەها ئەو دەربڕینانەی وەك ترساندن، ئیهانەکردن، گاڵتەپێکردن، سۆز لەگەڵ و قانعکردن و هەروەها لەخۆدەگرێت. جیاوازی دەشێت لە نێوان مەبەست و کاریگەری هەقیقی دەربڕینەکە دابێت (بۆ نمونە، قسەکەر دەیەوێت X قانع بکات تا Y بکات بەڵام دەشێت سەرکەوتوو بێت قانعی X تا Z بکات. Crystal David ١٩٩٢: ١٧١, ٢٠٦, ٢٥٥

دەکرێت ئەوە بگوترێت کە یەکەم ئەرکی زمان خوڵقاندنی دونیای واتاکانە یان بە پێچەوانەوە، بەلای Lewis لە (Urban ١٩٩١:١٢٩) ەوە قسەکردن تەنها ئەو بەشەیە لە ڕەفتار کە لە واتاکان گرنگترە و زۆر بەسود ترە بۆ پەیوەندیکردن"، و سەبارەت بە تیۆری ڕەفتاریەکان، behaviouristic گرفتی دوو لایەنە هەن، بۆ نمونە (١) ئایا ئەوەی بارودۆخی واتا شیدەکاتەوە لە سادەترین فۆڕمدا، واتای ئاژەڵەکانە و (٢) ئەوەی واتای زمانی یان سیمانتیکی شیدەکاتەوە، لە توانای تیۆری ڕەفتاریەکاندایە؟، ئەگەر لە بیری واتادا بیرۆکەی تێگەیشتن یان لێکدانەوەی هێماکان هەبێت" (Urban ١٩٩١:١٣٦)

لە زۆر بارودۆخدا، واتا بەبێ هەندێك لە ڕەگەزی دەقی تەواو نابێت، بۆ نمونە، با سەرنج لە وشەیەکی وەك "سور" لە دوو فریزی جیادا بدەین، "کتێبی سور" و "شەرابی سور"، بەلای Lewis ەوە یەکەمیان دەتوانرێت وەك پێکەوەنان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو کتێبەی کە سورە، لە کاتێکدا لە دووەمدا، واتاکەی تاریکتر دەبینرێت، ناکرێت لە ڕیزی سوری ئاسایدا دابنرێت، لە هەندێك مەودای تری وەك سەری سور، ڕۆحی سور و پێستی سور، زۆر جار پێیان ناگوترێت "سور" بۆ نمونە، دەگوترێت "شەرابی سور" چونکە ڕەنگەکە سپی نیە، ئەوە لەلای سۆسەر بە وردی سەرنجی لێدراوە. لە زەمانی گریکەکانەوە لە لاتینی پێیگوتراوە Pragmaticus و لەلای گریکەکان pragmaticos کە بە واتای پڕاکتیکڵ دێن. لەلای١٩٣٨ Charles Morris لێکۆڵینەوەی پڕاگماتیکی بریتیە لە پەیوەندی نیشانە signs بۆ لێکۆڵەرەکانی و لە سیمانتیکدا پەیوەندی لە نێوان نیشانەو شت گرنگی پێدەدرێت. سەنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە

(١) نانی بەیانیم نەخوارد.

دور لەدەق، واتای (١) ئالۆزە، دەشێ وا لێکبدرێتەوە، وەك ئەوەی وا بیربکرێتەوە کە قسەکەر "ئەو ڕۆژە نانی بەیانی نەبووە تا بیخوات"، بە پێی (Bach ٢٠٠٥:٣٦) ڕستەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە دەکرێت لە گەڵ (١) دا جیاوازیەکی وای نەبێت، بۆ نمونە :

(٢) ئەمرۆ نانی بەیانیم نەبوو.

دەشێت بگوترێت، کە قسەکەری ٢ نەیوتووە کە ئەو ڕۆژە نانی بەیانی نەبووە، بەڵکو بۆ گوێگری بەجێهێشتووە تا هەڵی بێنجێت. (ئەگەر لە ئاخری ڕۆژدا بوترێت ئەو کات زەحمەتتر دەبوو).

واتای وشە تاکەکان بە موجەڕەدی ڕون نین، یان وەك Ammann دەڵێت، زانراون و نەزانراون. واتە، کەسەکان ناتوانن بە شێوەیەکی مجرد لە وشەکان بگەن. لەکاتێکدا دەشێت باشتر لە واتای ڕستەیەك بگەن کاتێك وەك ڕستە ڕەفتاردەکات. هەروەها، دەشێت بزانین وشەیەك چ شتێك دیاریدەکات یان جەخت لە سەر چ دەکاتەوە، بە بێ ئەوەی ئەو شتە بزانین. لە وشەی تاك تێناگەین بەڵکو تەنها جیادەکرێتەوە لە تەکێکیتر، کاتێك منداڵێك دەڵێت، "سارد" یان "دایە"، لەوە دەگەین چونکە ئەوە خوێندنەوەی وشە-ڕستەی بۆ دەکرێت، و واتاکەی بەهۆی بارودۆخی دەقیەوە دەزانرێت، ئەو کات وشە تاکەکە بڕیاریخۆی دەدات بۆ ڕستەیەکی وەك، "سەرمامە" یان "دایە برسیمە" دواتر دەبێت بە دوای مەرجەکانی تێگەیشتن لە قسە یان واتای سیمانتیکیدا بگەڕێین. کەسێکی وەك Harssel لەو مەرجانە دەدوێت، کە لە دوو پێکهێنەر پێکدێن، بەواتایەکی تر Gestalt واتە وێنە و نیەت. بۆ نمونە، کەسێك زنجیرەیەك وشەی "بێواتا" دەردەبڕێت کە تێی ناگەیت، و نادیارن بەڵام دەتوانرێت ببن بە پڕواتا بەهۆی ڕێکخستنیانەوە، کەواتە بنیاتێکی تەواو دەکرێت زانیاری لە بارەوە بزانرێت زیاتر لە کۆی پارچەکانی.

(٣) ڕادەکەم

دور لەدەق (٣) زنجیرەیەك لێکدانەوە هەڵدەگرێ، (ا) ئاماژەیە بە کردەوەیەکی تاك وەك من ڕادەکەم، (ب) توانای بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی لەو جۆرەم هەیە، بۆ نمونە، دەتوانم ڕابکەم، (ج) ئارەزومەندی بە ئەنجامگەیاندنی کارێکی وەک خەریکە ڕادەکەم، (د) خوێندنەوەی پرۆگرێسف دور لە نەریت، واتە من لەکاتی قسەکردندا خەریکی ڕاکردنم، (ه) وەك نەریت کاتی خوێندنەوەی he runs وەردەگگرێ وەك کاری ڕائەبردوو کە هەمیشە باسی هەقیقەت دەکات، بۆیە خوێندنەوەی نریتی وەردەگرێ.

**٤.٤ تایبەتمەندی وشە و پەیوەست بە واتا**

ولیام شەکسپیر دەڵێت[١] : . بۆ دیاریکردنی شێتێتی، لە ڕاستیدا شتێکی تر نیە جگە لە شێتی، واتە بەدیلی شێت تەنها هەر شێتە، بەلای Russell ەوە واتای وشە دەکرێت لەسەر بنەمای "ڕودان لە دونیای گونجاودا"، دیاری بکرێت. لە کاتێکدا Grice جیاوازی لە نێوان وشەکان وەك token و type. واتە ڕەمز و جۆر دیاریدەکات. دیاریکردنی تایبەتمەندی واتای وشە گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە لە باسکردنی زماندا، سەنتەری تایبەتمەندی سیمانتیکی وشە بریتیە لەوەی کە دەبێت وشەکان پڕ-واتا یان بێ-واتا بن. فەرهەنگی هەر زمانێك ئەو وشانەی پڕواتان لە شێوەیەکی تایبەتدا پیشان دەدات، بۆ نمونە، "قەیرە" بە واتای کچێك کە لە تەمەنێکی تایبەتدایە و شوینەکردووە، ڕەبەنیش بە واتای کوڕێك کە هێشتا ژنی نەهێناوە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندێتی وشە لێڵی و ناڕونیە:

(١) ئازاد وتی پێمناخورێ.

(٢) ئازاد نان دەخوات.

(٣) ئەوەی لە سەر مێز بوو.

(١). زیاتر لە واتایەکی هەیە، شتێك بتوانێت تەنها ئەو لێڵیە لابەرێت، ئەوە دەقە، بۆ نمونە، "تاوێکە نانم خواردوو چی ترم پێ ناخورێت" یان "ئەوە دوو ڕۆژە بێزارم، پێم دەخورێت". لە ڕستەی دووەم، "دەخوات" لە غیابی نیشانەیەکی دیاریکراو لەسەر "دەخوات" دەکرێت چەند فۆڕمێك لەکاتی وەرگێڕانی بۆ زمانێکی وەك ئینگلیزی بنوسرێت، بۆ نمونە،

وا (خەریکە- ئێستا) نان دەخوات He is eating

ئەو نان دەخوات (نان خۆرە) he eats ← ئازاد نان دەخوات

دواتر\بەیانی نان دەخوات He will eat

*دیاگرامی* (٧)

(٤) نازەنین منداڵ ناهێنێت. منداڵی نابێت یان منداڵ لەگەڵ خۆی ناهێنێت.

باپیر دەستی دریژە، بەدەسەڵاتە یان هەر لە واقیعدا وایە کە دەستی درێژە. وشەی پیاوکوژ واتای نایاسایی لە خۆدەگرێ. واتای خوشك و برا نێرینە و مێینە لە خۆدەگرن. نێرینەی کوڕ لەم شارەدا زۆرە ئەوە نا پێویستە چونکە ناوی کوڕ هاتووە. باوك، مام، گا، نێری، ئەسپ و ...... تایبەتمەندێتی نێرینە لە خۆدەگرن. قسەکردن، وتی، سرتەکردن، هاوارکردن، و قیڕاندن تایبەتمەندی دەنگی کۆیان دەکاتەوە. وشەکانی خزمایەتی، دایك، باوك، خوشك و برا، وشەکانی لێنان، بۆ نمونە، کوڵان، سورەوەکردن، نانکردن، برژاندن و هی تریش لە بیرێکدا هاوبەشن کە پەیوەندی بە ئامادەکردنەوە هەیە و هەموو ئەوانەش نابنە هاوواتا بەڵکو لە زماندا پێیان

---

*To define true madness what is not but to be nothing else but mad* ١\

دەگوترێ کێڵگەی واتایی، واتە دەبنە ئەندامی دەستەیەك لە زماندا و بەکار دەهێنرێن تا سەبارەت بە هەمان دیاردەی گشتی قسەبکەن یان بدوێن. دەشێت وشەکان لە هەندێك لایەنی روخساری سیمانتیکیدا هاوبەش بن، بەڵام بەرانبەر بە یەکترین لە هەندێك ڕوخساری واتای تردا، بۆ نمونە، بچوك بەرانبەر بە گەورەیە، و پێی دەوترێت antonymous، ئەوانە ئەوەی کۆیان دەکاتەوە ئەوە سایزە، واتە قەوارە بەڵام لە ڕادەی ئەو قەوارەدا وەك یەك نین. ئەوە بچوکە پێمان دەڵێ گەورە چیە، ساردی، گەرمی، بەهار و هاوین کە لە پلەی گەرمی و ساردیدا هاوبەشن، بەڵام جاری تر بەرانبەر بە یەك دەوەستنەوە، چونکە هەردووکیان لە هەمان کاتدا ناتوانن ڕاست بن یان هەڵە.

### ٤.٥ واتا و هەقیقەت meaning and truth

واتای ڕاستەوخۆ و کرۆکی بە واتای هەقیقەت دێت، ئەو هەقیقەتەی کە بە هۆی یەکێك لە هەستەکانمانەوە هەستی پێدەکەین و بۆشاییەك لە ژیانی ڕۆژانەماندا پڕدەکاتەوە، یان لایەنێك لە لایەنەکانی نیەت، ئارەزو، پێشنیارەکانمان تێر دەکات، دیارە، هەقیقەتیش پێویستی بە ئیسپاتکردن و دیاریکردنە، بۆ؟ چونکە لە لایەکەوە ئەو هەقیقەتانەی دەویسترێت ئیسپاتبکرێن دانەیەك و دوان نین، چەندی ئەوانەی ئەمڕۆ دیاریدەکرێن سبەی پێویست دەکات بەکاری زیاتر بۆ هەمان مەبەست. بونیادگەری کۆمەڵایەتیەکان لەسەر ئەوەن کە واتا و هەقیقەت بەهۆی کردەوەی کۆمەڵایەتیەوە بنیاتنراون. ئەوە بە شێوەیەکی کەرتی لە مەودای هەوڵدان لە ناو کۆمەڵگاکاندا شێوەی پێدەدرێت. هەستپێکردنی ڕاستی وەك مەرجی نەریتی (ئیتفاق) دەبینرێت. Giambattista Vic لە نێوان ئەو کەسانەدایە، و وا بیردەکاتەوە کە مێژو و کولتور لە پاڵ واتاکانیاندا لە دروستکردنی مرۆڤن، واتە بەرهەمی ڕەفتاری کەسەکانن، ئاراستەی تیۆری مەعریفە تیشکێکی زۆر هەمەڕەنگە و لە یەك بەدیهیەتدا کەشفدەکرێت. "هەقیقەت خودیخۆی بنیاتنراوە" هیگل و مارکس لەنێوان ئەو کەسانەدان کە پشتگیری پێشنیاری لەو بیرەدەکەن کە هەقیقەت ئەوەیە، یان دەتوانێت ببێت، بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی بیناکراوە، مارکس وەك زۆر لە ڕەخنەگرە خاوەن تیۆریەکان نکولیان لە بوونی هەقیقەتی بابەتی نەدەکرد، زیاتر جیاوازیان لەنێوان مەعریفەی ڕاست و مەعریفەیەکدا دەکرد کە لە مەودای هێز یان ئایدیۆلۆجیەوە تێکدراون. بەلای مارکسەوە مەعریفەی ڕاست، "بەپێی تێگەیشتنی لێکۆڵینەوە(ی جەدەلی) مێژوییە" و مەعریفەی ئایدیۆلۆجی "لەسەرو دیاردەی دەربڕینی پەیوەندی هێزی مێشکی لە ڕێککەوتنی ئابوری دیاریکراودا"یە. لێرەدا واتا و هەقیقەت ڕێکەوتنی لەسەرە، بە هۆی هەندێك گروپی دیاریکراوەوە، فەیلەسوف Habermas پشتگیری لەو تیۆریە دەکات، و باوەڕی وایە کە هەقیقەت ئەوەیە کە ڕێکەوتنی لەسەرە، لە نمونەیەکی بارودۆخی قسەکردندا. لە لایەکی تریشەوە هەقیقەتەکان چەندان تایبەتمەندێتی هاوبەش بەخۆوەدەگرن، بۆیە دیاریکردن و ئیسپاتکردنی هەقیقەتەکان وردبینی تەواو، لێکدانەوەی دورودرێژ، کار و تێکۆشانی بەردەوامی دەوێت تا ئەوەی دەتەوێت بە ئەنجامی بگەیەنی. جگە لەوە دیاریکردنی هەر هەقیقەتێك هاریکارە بە هەستکردن بە هەقیقەتێکی تر، دیاریکردنی هەقیقەتی خۆشەویستی بیرمان بۆلای پێچەوانەکەی ڕادەکێشێت کە ڕقلێبوونە، بەلای (Urban ١٩٩١:٢٢٦) ەوە پێوانەی زمانی لە سێ خاڵدا بەدەردەکەوێت:

(أ) لە حاڵەتی گۆڕاندا Mutation of meaning

(ب) ئاڵۆزی و نادیاری وشەکان و گرفتی دەقی.

(ت) پێوانەی تاقیکردنەوەیی واتا و گرفتەکانی

واتا و ئیسپاتکردن لێکجیانابنەوە و بەیەك پەیوەستن، بۆیە کردەوەی ئیسپاتکردن بەبێ دیاریکردنی واتا ناتوانرێت بەئەنجام بگەیەنرێت. دەبینی واتا بیری کۆتاییە، لەلایەکی تریشەوە جیاکردنەوەی پرواتا لە بێواتا وەك جیاکردنەوە لە نێوان ڕاستی و هەڵەدا مامەڵە دەکرێت.

### ٤.٦ جۆرەکانی واتا

#### ٤.٦.١ واتای فەرهەنگی و ڕێزمانی

بەلای زۆر لە زانایانی زمانەوە، لە نێویاندا ئەرەستۆ باوەڕی وایە کە تەنها بەشە سەرەکیەکانی زمان بۆ نمونە، (ناو، کار، ئاوەڵناو، و ئاوەڵکار) ەکان واتای تەواویان هەیە، بە تێگەیشتنی تەواو ئاماژە بۆ بیر دەکەن کە بابەتی دەمەتەقێ بنیات دەنێن، و بەشەکانی تر کە لە سەرجەم ڕستەدا هاوبەشی دەکەن بە هۆی فەرزکردن لەسەر بابەتی گفتوگۆکەدا سنوردار دەکرێن.

وشەکانی زمان لە بەها، واتا و فۆڕمدا وەك یەکنین، و وەزیفەی ڕێزمانی جیاوازیان هەیە، وشەکان دەکرێن بە دوو بەشەوە، یەکەم وشە فەرهەنگی و دووەم وشە ڕێزمانیەکان. وشە فەرهەنگیەکان وەك وشەی ناوەرۆکی دەناسرێن کە واتایەکی کۆنکریتی و ئەرکی وەزیفییش لە ڕستەکاندا بەخۆوەدەگرن، ئەوانە ئاماژە بۆشت، کەس، ڕوداو یان بیروڕای تر کە واتای زیاتریان هەیە دەکەن وەك لەوەی تەنها بەکارهێنانی ڕێزمانیبن. واتای ئەوانە بەهۆی بیر و بەندە زمانیەکانەوە دیاریدەکرێن.

#### ٤.٦.٢ وشە فەرهەنگیەکان

وشە فەرهەنگیەکان بریتین لە ناو، ئاوەڵناو، شوێن یان شتەکان. ئاوەڵناوەکان، باسی ناوەکان دەکەن، واتە زانیاری سەبارەت بە ژمارە، قەوارە، چاك و خراپیان دەخەنەڕوو. ئاوەڵکارەکان وەك وشەی فەرهەنگی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، هەرکات وەسفی ناو و کارەکان بکەن. زوربەی زۆری کارەکان دەکەونە مەودای کاتەگۆری فەرهەنگی چونکە ئاماژە بۆ کردەوەکان و وەسفی بارودۆخەکان دەکەن. بۆ نمونە، لە واتای وشەکانی "بیرکردنەوە"، ڕاکردن"، "تێگەیشتن"، و "بازدان"، ەوە تێدەگەین کە ئەو ئەرکە دەبینن.

#### ٤.٦.٣ وشە ڕێزمانیەکان

وشە ڕێزمانیەکان وەك وشەی ئەرکی(وەزیفی) مامەڵەدەکرێن، ئەوانە کەمتر واتای تایبەت بەخۆیان بەخۆوەدەگرن بەبەراورد لەگەڵ وشە فەرهەنگیەکان ئەوەش وادەکات کە واتاکانیان لەدەرەوەی دەق نا-ڕون و ئاڵۆزبن. ئەرکی سەرەکی ئەوانە لۆجیکیە کاتی ئەرکی لێکدان دەبینن، هەندێکی تریان ئەرکی گواستنەوەی هەڵوێستی قسەکەر یان کۆشەنیگا بۆسەر وشەیتردەبینن. بەگشتی بنیاتی ڕستە دیاریدەکەن، هەروەك چۆن ئەرکی بەستنەوەی وشە فەرهەگنیەکانیش بەیەکترەوە دەبینن، ئەرکی هەر یەك لە "و، بەڵام، یان، و ..." لەوەدایە کە جۆرێك لەبەرچاوڕونی دەداتە گوێگر/خوێنەر تا لەسەر بنەمای واتا و ڕەفتاریانەوە زانیەکی پێشوەقت لە سەرجەم دەربڕینەکە هەڵێنجن.

#### ٤.٦.٤ جیاوازی لە نێوان وشە فەرهەنگی و وەزیفیەکانا

یەکەم، واتا دەدەن بە ڕستەکان، بە پێچەوانەی وشە ئەرکیەکان کە ئەرکەکەیان لەسەر پێکەوەبەستنی وشە فەرهەنگیەکان بەیەکترەوە دەبینن. دووەم ئەو جیاوازیە لە نێوان ئەو دوو کاتەگۆریەدا، یارمەتی قوتابخانە زمانیەکان دەدات لە هەموو زمانەکاندا تا ئەو پەیوەندیانە بزانن کە دەکەوێتە نێوان زمانە جیاوازەکانەوە. سێیەم، ئەو جیاوازیانە هەندێك تیژبینی(ورد بینی) دەدات سەبارەت بەوەی چۆن مێشکی قسەکەرەکان کاردەکات

و دەتوانێت ئەو پەیوەندیانە ڕێکبخات. چوارەم، تێگەیشتنی ورد سەبارەت بەو جۆرانە وادەكات لە بنیاتی دیوی ناوەوە و دەرەوەی زمانەکە بگەین[1] .

زۆر کەسی تر لە وێنەی Fries جیاوازی لە نێوان واتای "فەرهەنگی- lexical" و "بنیاتی-structural" دەکەن، کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ڕەنگدانەوەی جیاوازیەکانی ئەرستۆن سەبارەت بە واتای ڕەسمی-formal و ماددی-material. بە لای Lyons ١٩٦٩:٤٣٥-٤٣٦ دوە زوربەی زۆری بەشەکانی قسەکردن واتای فەرهەنگیان هەیە کە لە فەرهەنگدا پەیوەستن بە ڕێزمانەوە. بەپێچەوانەوە جیاوازی لە نێوان بەشەکانی تر، بۆ نمونە، بکەر و بەرکار، تێنس و ژمارە، جیاوازی لە نێوان گفتوگۆکان، پرسیار و داواکردن، هەموو ئەو جیاوازیانە وەك "واتای بنیاتی" مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. Fries لە (Lyons ١٩٦٩:٤٣٥) دوە بەلانی کەمەوە سێ جۆری جیاواز لە ئەرکی سیمانتیکی هاوپۆل دەکات لە ژێر ناونیشانی "واتای بنیاتی"، و زمانەوانەکانی تر زاراوەی تری وەك "واتای ڕێزمانی" بەکار دەهێنن. ئەو سێ واتایانەش بریتین لە:

(أ) واتای بەندە ڕێزمانیەکان (بەشە کەمینەکانی قسەکردن و کاتەگۆریەکانی ڕێزمانیە ناوەندیەکان).

(ب) واتای وەزیفە ڕێزمانیەکانی وەك بکەر- ی، بەرکا—ی و وشە ماناگۆڕی ....

(ت) ئەو واتایانەی پەیوەندیان بە وەها بیرێکی وەك ڕستەی هەواڵی، پرسیاری، یان فەرمانیەکانەوە هەیە لە پۆلێنکردنی جوری ڕستە-جیاوازەکاندا.

هەندێ زمانەوانی وەك Martinet و Halliday دوو دەستە لە بەندی زمانی جیادەکەنەوە، بۆ نمونە، دەستەی داخراو و دەستەی کراوە، دەستەی یەکەم کە چەسپیو و جێگیرن و ئەندامەکانیان زۆر نین، بۆ نمونە، ڕاناوەکان، تێنسەکان، ڕەگەزەکان و ....، دەستە کراوەکان ئەوانەن کە سنوریان دیاری نەکراوە، بۆ نمونە، جۆری ناوەکان، کارەکان لە زماندا، کە ئەوانە وەك دەستە کەمینە و زۆرینەکانن لە زماندا.

**٤.٧ واتای مەبەستدار و مەودای وشەکان**

واتای وشە بە تەنها نامانگەیەنێتە ئەو هەقیقەتەی دەمانەوێت پێی بگەین، بەڵکو زیاتر واتای وشە و مەودای سیمانتیکی وشەکە هەردوو پێکەوە دەبنە سەرچاوە بۆ واتای مەبەستدار، واتە ئەوەی دەمانەوێت بیگەیەنین یان وەریبگرین، بۆ نمونە، واتا و مەودای هەریەك لە وشەکانی "سارد" و "سور" و ... کە هەریەك لەوانە سەر بە گروپ و کاتەگۆری جیایە لەئەوەکەی تر، بەهۆی بوونی وشەی تری وەك، گەرم، شلەتێن و باقی زاراوەکانی تر لە سیستێمی "ئاو و هەوا" و سیستێمی "ڕەنگەکاندا" دیاریدەکرێت، بۆ نمونە قاوەیی، زەرد، پرەقاڵی و هەروەها ... کاتێك سەرجەم تایبەتمەندی هەریەك لەو گروپانە بەیەك بەراورد دەکەیت دەبینی بە تەواوی ناچنە سەریەك، بۆیە وەك دوو شتی جیاواز، واتە دوو هەقیقەت سەیردەکرێن و لە کاتی بەکارهێنانیشدا دوو بۆشایی لێك دور پڕدەکەنەوە، بە هەمان شێوە سەبارەت بە سیستێمی زمانی لە لای سۆسەرەوە، بۆ نمونە، سیستێمی "کۆ" واتای هەمان شت نیە لە زمانی فەڕەنسی، کە بەرانبەر بە تاکە، وەك لە زمانی سانسکریتی و عەرەبیدا هەیە.

**٤.٨ واتا وەك واتای سەنتەر و پەراوێز**

| | |
|---|---|
| (أ) ڕێویەك بێرەدا تێپەڕی | (ت) شوی بە خانوەکە کرد |
| (پ) نانی بڕی | (ج) پشیلەیەکم بینیی |

[1] لەم بەشەدا سود لە Free line Ecopudia وەرگیراوە لە پۆلێنکردنی بەندە زمانیەکان.

لە (ا) وشەی "ڕێوی"، هەردوو واتای سەنتەر و واتای پەراوێزیش لەخۆ دەگرێت لە (ب) "شوکردن" واتای کرۆکی خۆی لەدەست دەدات و بەتەواوی واتای پەراوێزو سەربار لە لای قسەکەر و گوێگر زاڵدەبێت. لە (پ) دا "نان بڕین" خوێندنەوەی واتای گواستراوە بە هۆی فۆڕمی هاوڕێیەتیەوە وەردەگرێت، لە (ج) دا "پشیلە" واتایەکی فراوانتر وەردەگرێت تا بەلای هەندێك کەسەوە دەشێت واتای پلنگیش بگرێتەوە. ئەوە لەو دیاگرامەدا پیشاندەدرێت.

فۆنۆلۆجی

ڕستەسازی ڕێزمان

سیمانتیك

- - - - - - - - - - - - - - - -

پڕاگماتیك

واتا دیاگرامی (٨)

**٥.٠ ڕستە، ناوەڕۆك و ئاماژە کردن**

**٥.١ ئاماژەکردنی بەردەوام (جێگیر) و ئاماژەکردنی گۆڕراو**

(ا) (ب)

(١) ئەو نامە بۆ تۆ دەنێریێت تۆ نامە بۆ ئەو دەنێریت.

(٢) ئەو نامەکەی بە ئەواندا نارد. تۆ نامەکەت بە ئەواندا نارد.

(٣) لێرە دادەنیشم و لەوێ نان دەخۆم. لەوێ دادەنیشم و لێرە نان دەخۆم.

هەر یەك لە پێکهێنەری ڕستەکانی سەرەوە لە ڕوی جێگیربوون و گۆڕاندا هەمان بەهایان نیە، بۆ نمونە، هەر یەك لە "نامە، ناردن، دانیشتن و خواردن"، وەك پێگهێنەری جێگیر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نامە هەر نامەیە لە هەموو ڕستەکاندا، لە هەردوو گروپی (ا) و (ب)دا، لە کاتێکدا پێکهێنەرەکانی وەك "ئەو، تۆ، لێرە و لەوێ" ئەگەر لە لایەن کەسی تر و لە کاتێکی تردا دەربڕدرێن ئەوە وەك ئاماژەکردنی گۆردراو variable reference مامەڵەیان لەگەلدا دەکرێت، چونکە ئەوەی لە گروپی (ا)دا "ئەو" بۆ کەسی سێیەمی بزر و "تۆ" بۆ کەسی یەکەمی بەرانبەرە، دەبینی لە گروپی (ب) دەبن بە "تۆ" و "ئەو" هەروەها بە هەمان شێوە لە ڕستەکانی (٢) و (٣) شدا هەمان گۆڕانکاری لە فۆڕم و واتادا دەبینی. کەواتە زانیاری تر پێویستە سەبارەت بەو دەقەی کە ئەو وشانەی تیادا بەکار هاتوون، ئەو ڕەگەزانەی پشت بە دەق دەبەستن ئاماژەکردنەکەیان پشت بەدەق دەبەستێت. من نازانم "تۆ"، "ئەو" و "ئێرە" و "ئەوێ" کێن و لەکوێن ئەگەر لە دەقدا پێشتر ئاماژەیان بۆ نەکرابێت.

**٥.٢. ڕۆڵی ڕستە لە ئاشکراکردنی تایبەتمەندێتی ناوەڕۆك و جۆری ناوەڕۆك**

زۆر جار ڕستە ئەرکی ئاشکراکردنی تایبەتمەندێتی واتا و پەیوەندیەکانی ئاشکرا دەکات کە وشەکان بەتەنها ناتوانن ئەو کارە بکەن، لەم بارانەدا دەبێت جۆری ڕستە بەهەند وەربگیرێت، بۆنمونە، ئەگەر قسەکەر ویستی سەبارەت بە شتێك یان بارودۆخێك قسەبکات ئەوە ئاسایی ڕستەیەکی هەواڵی دەردەبڕێت:

(١) پیرەمەگرون چیایە و سلێمانی شارە. و ئەگەر ویستی فەرمان بدات یان پرسیار بکات ئەوە ڕستەی فەرمانی و پرسیاری دەردەبرێت.

(٢) دەرگاکە بکرەوە!

(٣) لە کوێ دەژیت؟

پەیوەندی ڕاستی و تایبەتمەندێتی ڕاستی دەکەونە چوارچێوەی سیمانتیکەوە، و سەنتەری پەیوەندی ڕاستی لە زانستی سیمانتیکدا واگەیاندنە، کاتێك لە بنیاتنانی ڕستەدا لۆجیك حاکم بێت، بۆ نمونە، ئەگەر ڕستەی S ڕستەی $S_2$ بگەیەنێت و کاتێك ڕاستی ڕستەی یەکەم گەرەنتی ڕاستی ڕستەی دووەم و نا-ڕاستی ڕستەی دووەم گەرەنتی نا-ڕاستی ڕستەی یەکەم بگەیەنێت، بۆ نمونە،

خانوەکەی باپیر دوو نهۆمە ئەوە دەگەیەنێت کە بیاپیر خانوی هەیە.

خانوەکەی باپیر دوو نهۆمە ←—— خانوەکەی باپیر دوو نهوم نیە باپیر خانوی هەیە

لە پاڵ واگەیاندن دانەیەکی تر لە پەیوەندی ڕاستی هەیە کە بریتیە لە سیمانتیکی گریمانەی پێشکات، کە دەڵێت، نا-ڕاستی ڕستەی گریمانەکراو هۆکارە بۆ پێشبینی کردنی ئەوەی کە ڕستەکە بەهای ڕاستی نەبێت. زیاتریش لەوە هەردوو ڕستەکە و نکولیکردنەکەی هەمان گریمانەی پێشکات بەخۆوەدەگرن، بۆ نمونە:

گریمانەی (١) سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەنجە X لەماڵەوەیە یان لە دوکانە

گریمانەی (٢) سەرۆکی هەرێمی کوردستان گەرنج نیە. X لە ماڵەوە نیە

پوختەی قسە: کوردستان سەرۆکی هەرێمی هەیە. X لە دوکانە

جۆرێکی تر لە واتا کە خوێندنەوەی "ڕێزمانی" وەردەگرێت کاریگەری خۆی هەیە لە ڕونکردنەوەی سیمانتیکدا، بۆ نمونە واتاکان دەگۆڕدرێن بە پێی جۆری ڕستە، بۆ نمونە، هەواڵی، پرسیاری، فەرمانی ... لە ڕێزمانی گواستنەوەی تازەدا بیرێك هەیە بە دانانی ئەو ڕەگەزە زمانیانە بۆ ئاستی-خوارەوە، نیشانەکانی-فرێزی ڕستەکان، ئەوانەش لە نیشانەی-پرسیاری و نیشانەی-فرمانیدا خۆیان دەبیننەوە. ئەو نیشانانە لە لایەن Katz و Postal بەشێوەیەکی سیمانتیکی وەك ڕەگەزە ڕێزمانی و فەرهەنگیەکان و جەوهەری ڕستەکان دەبینرێن.

جیاوازی لە نێوان دابەشکردنی بنیاتی و واتا لە زماندا ڕوون نیە، بەوەدا زمان پەیوەندیەکی پتەو و تایبەتی بە واتاوە هەیە، بەهەردوو باردا، دەتوانرێت بەراورد لە نێوان دوو شتدا بکرێت،

(١) بنیاتی زمانی بە بنیاتی فیزیکی دەوروبەر.

(٢) بەو شتەی دەیزانین سەبارەت بە بنیاتی وەڵامی مرۆڤەکان.

بە لای Haris (١٩٨٥:٣٣) ەوە "بنیاتی زمانێك یان یەکێکی تر لە زۆر لایەن و ڕوخسارەوە ملکەچی زۆر لە بنیاتی سروشتی فیزیکی یان وەڵامی مرۆڤ نابن، بۆ نمونە، بنیاتی ئەزمونی شتەکان کە ئێمە بەشێوەیەکی وادانراو و گریمانەییەوە واتاکان هەڵدێنجین"، بەلای نوسەرەوە ڕوخساری ئەزمونی کەسەکان، واتا کەڵەکە بووەکانی کەسەکان، کە بەدرێژایی کاتەکان گۆڕانیان بەسەردادێت، بەڵام زمان هەروەك خۆیەتی، بۆ نمونە، دەکرێت کەسێك هەست یان بیرێکی هەبێت بەڵام نەتوانێت بەو زمانەی لەئارادا هەیە دەریببڕێت. بەواتایەکیتر، زەرور نیە بنیاتی زمانی بەزەرورەت بگونجێ لەگەڵ بنیاتی ئەزمونی کەسی سەبارەت بە دونیای واتای کەسی. بۆ نمونە، لە (E. G. Schachtel's ١٩٤٧:١:٢٦) دا وا پێشنیارکراوە کە "ئەزمونی منداڵی لە ساڵەکانی دوایی ژیاندا ناتوانرێت بەبیرخۆدا بهێنرێتەوە چونکە هەڵبژاردنی ڕوخسارەکانی ئەزمونی و پۆلێنکردنی ئەزموون و بەسەرهاتەکانی بەبەر زماندا کراون، بەسەرهاتەکان جێگیرکراون بۆ وەبیرهێنانەوە، جیاوازن لەو ڕێگەیەی ڕوداو و سەرنجەکان کە لەلایەن منداڵی بچکۆلانەوە بەئەزمونکراون". واتە، باس لە جیاوازی لە ڕوخسار، وشە، و جۆری بیرکردنەوە لە پلەی جیاوازدا دەکاتەوە. لێرەدا دوو لایەن لەبەرچاو دەگیرێت، یەکەم، هەموو ئەوانەی

باسکران ئەوە ناگەیەنن کە ناوبەند پەیوەندی بەهێز لە نێوان زمان و واتادا نیە، دووەم، ئەوەی هەیە پەیوەندیەك نیە لە ئاستی یەك- بەرانبەر- بە–یەك- one-to-one-correspondence لە نێوان بنیاتی مورفۆلۆجی و هەرشتێکی تری دەرەوەی زمان، بۆیە "زەحمەتە ئەوە بگوترێت کە هەر وشە یان مۆرفیمێك واتایەکی تاك و مەرکەزی لەخۆبگرێت یان تەنانەت واتایەکی بەردەوام یان زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراو لەخۆبگرێت" (Harris ١٩٨٥:٣٣). هەموو ئەوانەی وەك گۆڕانی دەنگی، هاودەنگ و هاوحونجەیی، قەرزکردن، لەبیرکردنی مەجازی، کات، شوێن و هی تریش وادەکات واتای جیاواز بدەن بە ژمارەیەك لە فۆنێم، لە چوارچێوەی ڕستەدا، هەر ئەوەشە وادەکات کە دوو بەکارهێنانی جیاواز و واتای زمانی لە ئارادابن، بۆ نمونە، کونکریت و ئەبستراکت، ئەوەش ئەوە بەدوایخۆیدا دەهێنێت کە وەك Kurrgoldstein دەڵێت هەمان بنیاتی ڕێزمانی و هەمان زاراوە بتوانن هەڵگری جۆری تەواو جیاوازی چالاکی قسەکەرەکان بن.

## ٦.٠ پڕاگماتیك و سیمانتیك

### ٦.١ پڕاگماتیك، واتا و سیمانتیك

بەهای پڕاگماتیك هەنگاوی گەورەی ناوە و پانتاییەکی گەورەی وەرگرتووە لە کاری زمانەوانیدا، لەبەر ئەوە Leech (١٩٨٣:١) باوەڕی وایە کە "ئێمە ناتوانین لە سروشتی زمان بگەین تا لە پڕاگماتیك نەگەین"، بە هاتنی چۆمسکی بۆ ئەو بوارە زانستی دەنگسازی و زانستی phonemics گۆڕانیان بەسەردا هات، ڕێزمانی گواستنەوەکەشی شۆڕشێکیتر بوو لەو بوارەدا، بەلای leech ەوە، بە وێنەی بونیادگەریەکان چومسکی هێشتا باوەڕی وابوو کە واتا زۆر بێکەڵکە، بەڵام دواتر لەسەر دەستی هەندێك زمانەوان، بۆ نمونە، (Katz and Postal ١٩٦٤) ئەو بیرانە گۆڕانکاریان بەسەر هات. کەسانی تریش هاتنە پاڵ بیرەکانی Katz بۆ نمونە، Lakoff (١٩٧١) کە دەی وت بەشێوەیەکی یاسایی و مەنتیقی ناتوانرێت لە ڕستەسازی بکۆڵدرێتەوە بە دوور و جیا لە لێکۆڵینەوەی پڕاگماتیکی.

هەردوو زمانەوان Firth و دواتر Halliday دەستپێشخەربوون سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی واتا، و ئەوەش لە شێوەی تیۆری کۆمەڵایەتی زمانی گشتگیرەوە Comprehensive social theory خرانە ڕوو. هەر لەو بوارەشدا ناکرێت ڕۆڵی Ross and Lakoff بەکەم وەربگیرێت. دواتر لێکۆینەوە لە واتا گەشەی سەندو تێڕانین و بیرو بۆچونەکانی زانایانی وەك Austin (١٩٦٠), Serale (١٩٦٩) and Grice (١٩٧٥) هاتە پاڵ گرنگی دان بە واتا. گرنگی دان بە پڕاگماتیك بووە هۆی جەختکردنەوە لەسەر لێکۆینەوەی زانستیانە لەسەر زانستی زمان و گەڕان بەدوای وەڵامێك بۆ پرسیارێکی وەك ئەوەی "زمان چیە؟"، چۆن کاردەکات؟ و .... ی بەدوایخۆیدا هێنا.

بەلای بونیادگەریەکانەوە زانستی زمان زانستێکی فیزیکیە و Lakoff وای کرد بابەتەکە ملکەچ بێت بۆ واتا. ئەوە زیاتر گەشەی پێدرا بە هۆی قوتابخانەی زانستی واتا سازی بەرهەمهێنانی چۆمسکیەوە و بوو بە بناغە. بەو جۆرە واتا هەنگاوی تری ناو وەك سەنتەری لێکۆڵینەوە لە زمان سەیردەکرا. تاوای لێهات زانستی پڕاگماتیك گرفتێکی چارەسەر کرد کە بەهۆی گۆڕانی واتا لە دەقێکەوە بۆ یەکێکیتر هاتە ئاراوە.

زانستی واتا سازی، بە سەرهەڵدانی زانستەکانی وەك، گریمانەی پێشکات، واگەیاندن و Illocationary force هەنگاوی تریی نا کە زۆرێك لەوانە دەکەونە مەودای پڕاگماتیکەوە. بەدرێژای ئەو کاتانە چۆمسکی داکۆکی لەسەر سەربەخۆیی ڕێزمان دەکرد، وەك ئەوەی تیۆری دەزگای مێشکی یان بەشی مێشکی بێت.

### ٦.٢ فۆڕمی لۆجیکی و لێکدانەوەی پڕاگماتیکی

Leech (١٩٨٣:٥) هەوڵ دەدات ئەوانەی لای خوارەوە جێگیر بکات: -

-فۆڕمی لۆجیکی یان ڕونکردنەوە و نمونەی سیمانتیکی ڕستەیەك جیاوازە لە لێکدانەوەی پڕاگماتیکی.

-سیمانتیك rule-governed واتە، یاسای بەڕێوەبردنە، لە کاتێکدا پڕاگماتیك بریتیە لە پرینسیپی چاودێریکردن و جڵەوگرتنی هونەری ڕەوانبێژی و زمان پاراویە.

-یاساکانی ڕێزمان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر بنەمای نەریت دامەزراون، لەکاتێکدا دەستور و یاساکانی زانستی پڕاگماتیکی گشتی بەشێوەیەکی بناغەیی نا-نەریتین.

-زانستی پڕاگماتیکی گشتی واتای ڕێزمانی ڕستەکە دەگرێتەوە، واتە پەیوەندی واتا بە ڕەمزەکانەوە دەشێت ڕاستەوخۆ یان نا-ڕاستەوخۆبن.

- گونجان لەگەڵ یەکەی ڕێزمانی بە هۆی ڕوخسار و نەخشەوە دیاری دەکرێت. لە کاتێکدا پڕاگماتیك بەهۆی گرفت و چارەسەریەکانیەوە دیاریدەکرێت.

- لێکدانەوەی ڕێزمانی بەشێوەیەکی بنەڕەتی شێوازیە، واتە ڕەسمیە، لەکاتێکدا لێکدانەوەی پڕاگماتیکی بەشێوەیەکی سەرەکی وەزیفیە.

- ڕێزمان بیریە ideational لە کاتێکدا پڕاگماتیك هاوبەشیە لە نێوان خەڵکەکانا، واتە، پەیوەندی کەسیە.

- بەشێوەیەکی گشتی ڕێزمان لە بواری جیا جیا و پچڕ پچڕ و بێ پەیوەندی و کاتەگۆری بڕیار لەسەردراوەوە باسدەکرێت، لەکاتێکدا پڕاگماتیك لە بواری بەهای چاندن و بەردەوامی و نا-بڕیار لەسەردراوەوە باسدەکرێت.

### ٦.٣ پڕاگماتیك پێچەوانەی سیمانتیکە

کاتێك باس لە واتا دەکەیت، واتە سیمانتیك، ناتوانی باس لە پڕاگماتیکیش نەکەیت، لەلایەکی تریشەوە ئەوە بناغەیان دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەکانی سۆسەر، بۆ نمونە، Langue and Parole کە وەك سەنتەری دەمەتەقێ لەسەر سیمانتیك و پڕاگماتیك لەبەرچاو دەگیرێت. بەلای Leech (١٩٨٣:٦) ەوە جیاوازی لەنێوان ئەو دوانەدا ئەوەیە کە دەگوترێت

واتای X چیە؟. سیمانتیك.

مەبەستت لە X چیە؟ پڕاگماتیك.

لە یەکەمدا X واتای فەرهەنگی بەخۆوەدەگرێت، لە دووەمدا هەردوو واتای فەرهەنگی و مەبەستی قسەکەریش لە بەکارهێنانیدا بەخۆوە دەگرێت. بەکورتی سیمانتیك مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکات وەك پەیوەندی تەکاملی جوتلایەن dyadic relation واتە، تەنها زاراوە و فەرهەنگ، لە کاتێکدا زانستی پڕاگماتیك مامەڵە لەگەڵ واتا دەکات وەك پەیوەندی سێلایەن، واتە یەکەم زاراوە، دووەم فەرهەنگ و سێیەم قسەکەر.

سیمانتیك زیاتر پەیوەستە بە واتای وشەوە، هەروەها ڕستەش ئەگەر ناوەرۆکەکەی هاوتا بێت بەو دونیایەتی سەرجەم واتای حەرفی وشەکان باسی لێوە دەکەن، پڕاگماتیك پەیوەستە بە واتای هەر دوو دەربڕین و قسەکەرەکانەوە، کەواتە هەردووك گرنگی بە واتا و دەربڕینە زمانیەکان دەدەن، ئەوەی هەیە پڕاگماتیگ قسەکەر و گوێگر وەردەگرێت، وەك ئەوەی چەقی گرنگی پێدانەکانیین. زانستی پڕاگماتیك لێکۆڵینەوەیە لەسەر

ئەوەی چۆن گوێگرەکان تێدەگەن و زانیاری دەقی زیاد وەك واتاو مەبەستی قسەکەر لە زانیاری و واتای حەرفی وشەکانی دەربڕینەوە جیادەکەنەوە، دواتر زانیاری زیادەکە دەخەنە سەر بنیاتی سیماتیکی، هەروەها بەدوای ئەوەوەیە کە چۆن گوێگرەکان سەرنج و تێبینیەکان کە لەدەرەوەی سیمانتیکەکەوە دەگوترێن و وتراون و چۆنیش وەریدەگیرین، جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بەشەدا ئاسان نیە، چونکە لەلای هەردووکیان واتا کەرەستەیە و گرنگی بە گواستنەوەی زانیاری و واتا دەدن، زانستی سیمانتیك بەدوای ئەوەوەیە کە زانیاریەکان دەوڵەمەند بکات کە لە لایەن وشەکانەوە پێشکەش دەکرێن، بۆ نمونە، دەگوترێ "بارانە" کە بە رانبەر رستەیەکی وەك " it is raining" دەوەستێتەوە، زانستی سیمانتیك بەو ڕستەیە ڕازی نیە. چونکە هێشتا گوێگر چاوەڕوانی زانیاری ترە، بۆ نمونە، ڕستەیەکی وەك "ئێستا لە چیای پیرەمەگرون بارانە" دەخوازێت کە بۆشاییەك نامێنی پڕینەکردبێتەوە، گوێگریش ڕازیدەکا، واتە کات و شوێن لە ڕستەیەکی وەهادا زەرورە تا خوێنەر/گرێگر چی تر گوێقوڵاغ نەبێت.

لە کوردیدا "واتا-مەبەست بوون" بەرانبەر بە to mean ی ئینگلیزیە، بە شێوەیەك لە شێوەکان ئالۆزە و خوێندنەوەی جیا جیا هەڵدەگرێ، بۆ نمونە

(أ) جەرەسە ——— مەبەست لە کۆتایی یان سەرەتای وانەیە.

(ب) چرچی دەم و چاو ——— مەبەست پیریە.

(ت) ف-ن ——— واتای فرێزی ناویە.

ڕستەکان گریمانە هەڵدەگرن کە لەسەر بنەمای واتاو ڕەفتاری پێکهێنەرەکانی وەستاوە، واتا لە سیمانتیکدا گرنگی بەرچاو بە پەیوەندی لە نێوان پارچەکانی زمان دەدرێت بە تایبەت کە چۆن لە ڕستە و دەربڕینەکاندا هەقیقەت بە پێی گۆشەنیگای لۆجیك ڕەنگدەداتەوە، بۆ نمونە، لە (ا) دا جەرەسە واتای کۆتای بارودۆخێکی دانیامی و سەرەتای بارودۆخێکی هاوشێوەی دەگەیەنێت، لە (ب) دا چرچی دەم و چاو واتای پیری و ئاگادارکردنەوەیە، وەسفی بارودۆخێکی ستاتیڤی دەکات، لە (ت)دا فرێزی ناوی مەبەست هێنانە پێشەوەی بەکارهێنانی ڕەمز دەگەیەنێت.

بەلای (٣-٢٠٠٢:٢) Jaszczolt ەوە دەربڕینەکان بەرهەمی قسە و نوسینن و هەڵگری زانیاری و کەسایەتی قسەکەریش پیشاندەدەن، و جەخت لەسەر کات و شوێنی قسەکردنیش دەکەنەوە، بۆ نمونە،

(أ) دەك کوێر و کەڕولاڵ بم نەگەیشتم ژنی بۆ بێنم. (ب) ماندوم

(پ) ماندویت (ت) باپیر نامەکەی نوسی

(ج) نامەکە لەلایەن باپیرەوە نوسرا.

لە (ا) ئەوە تێدەگەین کە قسەکەر ڕەگەزی مێینەیە، دایکە، و شوێن تەعزیەیە، لە (ب) و (ت) دا باس لەهەمان بارو دۆخ دەکرێت، بەڵام لە (ب) دا قسەکەر باس لەخۆی دەکات، و بارودۆخەکە،بارودۆخێکی ستاتیڤییە و لە (پ) دا باس لە کەسێکی تر بە هەمان بارودۆخی ستاتیڤی دەکات. لە (ت) و (ج) دا ڕستەی کارا دیار و کارا بزر هەمان ناوەرۆك هەڵناگرن بەڵام بەلای Jaszczolt ەوە ناوەرۆك واتای ڕستە بەتاڵ ناکاتەوە.

دەتوانرێت دوو جۆر لە زانستی سیمانتیکی جیابکرێنەوە، (١) زانستی سیمانتیکی زمانی، سیمانتیك بە واتا گشتیەکەی، کە باس لە سەرجەم زمان بە هەموو لایەنەکانیەوە دەکات، و زانستی سیمانتیکی فەلسەفی، بە واتا تەسکەکەی، یەکەم لە واتا دەکۆڵێتەوە وەك بەرهەمی ڕێزمان و دووەم جەخت لەسەر ناوەرۆك دەکاتەوە وەك

گریمانە بۆ دەربڕینی ڕستەی قسەکەر، و ئەرکی لێکدانەوەی بارودۆخە چاوەڕوانکراوەنیش دەگرێتە ئەستۆ. لێردەدا جەخت لەسەر ناوەرۆك دەکرێتەوە، کە بە هۆی دەربڕینی ڕستەی قسەکەرەوە دەگواسترێتەوە، و وەك گریمانەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نمونە، "کاتێك قسەکەر ڕستەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە دەردەبڕێت، دەبینی زانستی سیمانتیکی ناوەرۆك بەتەواوی بەرهەم ناهێنرێت...." لەو بارانەدا سیمانتیکی فەلسەفی ئەوە تەواو دەکات" (Jaszezolt ٢٠٠٢:٣) بۆ نمونە،

(ح) کوڕەکە تەواو پیر نیە.

لەو ڕستەیەدا "کوڕەکە" ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات کە بە ڕادەی کافی پیر نیە، دەبینی ڕستەکە ئاماژە بۆ جیهانێك واتە دەوروبەرێك دەکات کە تیایدا کوڕ نابێت پیر بێت، بۆیە بەلای Jaszezolt) ەوە هەردوو سیمانتیکی زمانی و سیمانتیکی فەلسەفی زەرورن بۆ لێکۆڵینەوە لە واتا.

**٦.٣.١ لایەنەکانی بارودۆخی قسەکردن:**

زۆر جار پرسیاری بەجێ ئەوەیە کە چۆن لە دەقێکی دیاریکراودا بزانین ئێمە مامەڵە لەگەڵ سیمانتیکدا دەکەین یان پڕاگماتیك، چونکە هەر دوو مامەڵە لەگەڵ واتا دەکەن بە تایبەت پڕاگماتیك کە بارودۆخی قسەکردن لەبەرچاو دەگرێ. بە شوێن Leech ١٩٨٣:١٤-١٧ دا.

**٦.٣.١.١ قسەکەر و گوێگر:**

کاتێك قسە لەبارەی پڕاگماتیکەوە دەکەیت دەبێت دوو لایەن قسەکەر و گوێگر یان نێرەر و وەرگر لەبەر چاو بگریت. ئەو کات وەرگر بەپێی باروزروف، شوێن و کاتی نامەکە لێکدەداتەوە، Kripke جیاوازی لە نێوان واتای قسەکەر و واتای سیمانتیکیدا دەکات، و گەشە بە کاری زمانی ئاسایی فەیلەسوفەکانی وەك Grice and Donnellan دەدات. واتای قسەکەر ئەو شتەیە کە قسەکەر دەیەوێت ئاماژەی بۆ بکات بەهۆی هەندیك شتەوە کە دەیڵێت. واتای سیمانتیکی ئەو شتەیە کە وشەکە ئاماژەی بۆ دەکات. لە هەندێ حاڵەتدا، کەسەکان ئەوە ناڵێن کە دەیانەوێت: لە حاڵەتی تردا، قسەکەرەکان شتێك دەڵێن کە لە هەڵەدان. لە هەردوو حاڵەتا، واتای قسەکەر و واتای سیمانتیکی جیاوازن، هەندێك جار وشەکان لە هەقیقەتا ئەو شتە دەرنابڕن کە قسەکەر دەیەوێت دەریببڕێت. بەو شێوەیە وشەکان یەك شت دەگەیەنن، و ئەو شتەی کەسەکان دەیانەوێت بیگوازنەوە بە هۆی وشەکانەوە دەشێت شتیتر بگەیەنێت. واتای دەربڕینەکە لەو حاڵەتەدا ئاڵۆزە.

**٦.٣.١.٢ دەقی دەربڕینێك**

بەتەنها ڕێگەیەك دەق لێکنادرێتەوە، بەڵکو ئەو پەیوەندیانەی لە نێوان کەرەستەی دەربڕینەکە و چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدان دەبێت لەبەرچاو بگیرێن. (Leech ١٩٨٣:١٣) دەق وا دەناسێنێ وەك ئەوەی زانیاری ڕابردوو بێت بۆ هەردوولا، قسەکەر و گوێگر ... واتە دەبێت هەردوو لا بەهەمان هەند تێگەیشتنی هاوبەشیان لەسەر دەقەکە هەبێت.

**٦.٣.١.٣ مەبەست لە دەقەکە:**

گوێگر هەمیشە بە دوای مەبەستی قسەکەر یان نوسەردا دەگەڕێت، ئەوەش ئەوە پیشان دەدات، کە هەر دانەیەك لە پێکهێنەری ڕستەکاندا لە پاڵ واتای فەرهەنگیەوە دەشێت لە دوو توێیدا مەبەستی شاراوەی قسەکەریش دەستنیشان بکرێت کە وەك واتای سەربار مامەڵە دەکرێت.

### ٦.٤ دەربڕین وەك فۆڕمی ڕەفتار و چالاكی

لە زانستی زماندا، لەبواری ڕێزماندا دەبێت چەند پێكهێنەرێیكی ناوبەند پەیوەند لەبەرچاو بگیرێن، بۆ نمونە، ڕستە لە ڕستەسازیدا، واتا لە سنوری سیمانتیكدا، و ناوەرۆك لە دەقدا، كاتێت دێیتە سەر پڕاگماتیك بابەتەكە ئاڵۆزتر دەبێت، بۆ نمونە، لە چەندان لاوە بیرەكان پەرت دەبن، جەختكردنەوە لە كردەوەی كەلامی، بارودۆخ لە نوسیندا، لەبەرچاوگرتنی كات، شوێن، ئەزمون، نەریتی كۆمەڵایەتی و....، بەو جۆرە دەبینی ڕێزمان و پڕاگماتیك بەوەدا لێك جیادەكرێنەوە كە یەكەم مامەڵە لەگەڵ شتە موجەڕەد و بەردەوامەكاندا دەكات، لە پڕاگماتیكدا گرنگی بە نیەت و ئارەزوەكانی قسەكە و چۆنیەتی بەكارهێنانی زمان لەلایەنی ئەوەوە دەدرێت، لە رستەسازیدا گرنگی بە ڕیزبوونی وشەكان و لە سیمانتیكدا گرنگی بە واتا دەدرێت.

### ٦.٥ دەربڕینەكان وەك بەرهەمی ڕەفتاری قسەكردنن:

بەلای Leech (١٩٨٣:١٥-١٧) هوە پڕاگماتیك ئاماژەیە بۆ بەرهەمی كردەوەی كەلامی زیاتر لەوەی خودی خۆی كردەوەی كەلامی بێت، بۆ نمونە، كە دەگوترێت، "تكایە دەتوانی بێدنگبیت" قسەكەر بە نەزاكەتەوە قسەدەكات و ئەوە دەكرێت وەك پرسیار یان فەرمان لەبەرچاو بگیرێت و دەربڕینەكان ڕەگەزێكن كە واتاكانیان لە بواری پڕاگماتیدا شیدەكرێنەوە. لە هەمان كاتدا سیمانتیك مامەڵە لەگەڵ واتای ڕستەكاندا دەكات. بۆیە ناكرێت هەموو دەربڕینەكان ڕستە بن. كە واتا لە بواری پڕاگماتیكدا لە بارودۆخی تایبەتی قسەكردندا دیاریدەكرێت. لە هەندێك لایەنەوە پڕاگماتیك و زانستی ڕەوانبێژی ناوبەند پەیوەندن، لەوەدا كە هەردوو لێكۆڵینەوە لەسەر كاریگەری زمان لە قسەكردندا دەكەن و ئەوە دەگوترێت وەك ئەوەی هونەری بەكارهێنانی زمان بە شێوەیەكی لێهاتووی و بە ویستی قسەكەر و نوسەربن.

### ٧.٠ ئاستەكانی واتا

### ٧.١ واتای وشە

دەتوانرێت سێ ئاستی واتا جیابكرێتەوە بۆ نمونە، واتای وشە، بۆ ئەوەی لە واتا و ماهیەتی دەربڕینێك بگەیت دەبێ پێناسەیەكی وامان بەدەستەوە بێت كە واتای وشەكانی ئەو دەربڕینە دیاری بكات، ئەوەش بەلای Jaszezolt هوە وەك پێناسە لێكدراوەتەوە، دواتر كە وشەكان بەهۆی یاساوە پێكەوە دەلكێنرێن دەتوانین لە واتای ڕستەكە بگەین. بەلای Wittgenstein (١٩٧٧:٢٧-٢٦) هوە "سنوری زمان لەوەدا دیارە كە ناشێت وەسفی هەقیقەت بكەیت كە هاوتایە بە ڕستەیەك بەهەر ڕێگەیەكی تر زیاتر لەوەی ڕستەكە دووبارە بكەیتەوە". لە كاتێكدا بەلای Searle (١٩٩١: ٩٧) لە Jaszczolt (٢٠٠٢:٤) هوە ئەو بیرەی Wittgenstein هەڵەیە چونكە "لێرەدا ڕێبازی زۆر هەن سەبارەت بە باسكردنی هەقیقەتەكان كە هاوتان بە ڕستەكان بەبێ ئەوەی ڕستەكان دووبارە بكرێنەوە". John Locke دەڵێت، وشەكان وەك ڕەمز بۆ بیر و بیروڕاكان و هەروەها بۆ دەرخستنی ناتەواوی هەندێت بیروباوەڕ بەكاردەهێنرێن، و بەلای David Hume هوە بیرەكان جۆرێكن لەو بونانەی كە دەتوانرێت بەخەیاڵدا بهێنرێن، و هەر وشەیەك نەتوانێت داوا لە هەر ئەزمونی ڕابردوو بكات، ئەوە بێواتایە. بەواتای ئەوەی وشە دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەزمونی ڕابردووی لەسەر بێت تا واتا بدات. بە پێچەوانەوە Wittgenstein باوەڕی وایە كە بیروەڕەكان بەتەنها ناتوانن حساب بۆ شێوە جیاوازەكان لە ناو واتای گشتی دا بكەن. بۆ نمونە، هەر گریمانەیەكی وێنەی واتای "سەگ" دەبێت هەروەها وێنەی جیاوازی تری وەك سەگی بچوكی توك درێژ، سەكی بچوك و جۆرەكانی تری سەك لەخۆبگرێت.

له تیۆری هاوتایی correspondance دا، سترێس دەخرێتە سەر پەیوەندی لە نێوان "بیر" وەك وشە و دەربڕینەكان لە لایەك و شتەكان لە لایەكی ترەوە، تیۆریەكە بناغەی لە سەر بیری فەیلەسوفەكانی وەك سوقرات، ئیفلاتون، و ئەرستۆن داناوە. بەلای فەیلەسوفێكی وەك Aquinas، "بڕیارێك دەگوترێت ڕاستە كاتێك گونجاو بێت لەگەڵ هەقیقەتی دەرەكی" ئەو تیۆریە بەدەوری ئەو پێشنیارەدایە كە هەقیقەت و واتا بابەتی وێنەی بەدیقەتی ئەو شتەن كە وەك "ڕاستی بابەتی" دەزانرێن. دواتر لە بیرەكاندا پێشگەشدەكرین. بەلای Jaszczolt ئەگەر تۆ بیربكەیتەوە كە بەتریق تەیرە و منیش وا بیربكەمەوە كە شیردەرە، ئەوە بەجیاوازی بیرەكانیشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە هەردووكمان هاوبەشین لە هەندێك واتای بنەڕەتی دونیای بەتریق. ئەوەش دیارە خۆی لە خۆیدا وادەكات هەردوو لا بەردەوام بین لە دەمەتەقێكەدا، مادام خاڵی هاوبەش هەیە، بۆ نمونە هاوڕابوون لەوەی كە لەكوێ دەژی، چی دەكات، ئەوە وا دەكات كە بڵێین لە لایەكەوە زانیاری زمانی هەیە و لە لایەكەی تریشەوە زانیاری ئینسكلۆپیدیا.

لە زانستی واتادا، جەخت لەسەر وەڵامی پرسیارێك دەكرێتەوە، بە تایبەت لە باسكردنی هەقیقەتەكاندا، بۆ نمونە، چۆن بزانین واتای ڕستە و دەربڕینێك ڕاستە؟ بۆ ئەو مەبەستە، دەبێ پشت بەچی ببەستین؟ بۆ نمونە، بە ئەزمونەكان لە دیسیپلینتی پەیوەندیدارەوە، یان بۆ زیرەكی ئاسایی كەسەكان، چونكە وشەكان لە دەقی جیاوازدا بەكار دەهێنرێن، هەموو جارەكانیش دەشێت هەمان واتایان نەبێت، بۆ نمونە،

(١) ئەو قسانە منیان كوشتووە.

(٢) كۆترەكەی كوشت

(٣) باپیر لەقەی لە X دا. (هاوشێوەی ڕستەكانی Jaszczolt)

بە پێی ئەو ئەزمونەی هەمانە لە (١) دا ئەوە تێدەگەین كە مەبەست كوشتن نیە، بەڵكو تەمەنای مردن و یەكسان بەو كردەوەیە كاتێك قسەكەر ئازاری شاراوەی خۆی لە نابەدڵی ئەو قسانەوە دەخاتە ڕوو، لە (٢) دا گریمانەی كوشتنی هەقیقی دەكرێت. لە (٣) ئەزمون و نەریت ئەوەمان پێدەڵێت، كە X كەسی ویستراو و بەرجەستە نیە، بەڵكو واتایەكی مێتەفۆڕی هەیە و سەرجەم واتای ڕستەكە پێكەوە پێمان دەڵێ باپیر ژیرانە ڕەفتاری نەكردووە و فرسەتێكی لەدەست خۆی داوە، بەو جۆرە كاریگەری دەق لەسەر واتای وشە زۆرە و لە زۆر ڕووەوە واتا دیاریدەكات. واتای حەرفی، نەریتی، ڕوخساری واتای دەقی-سەربەخۆ و نا سەربەخۆ و هەموو ئەو ڕوخسارانەش پشت بەو باروزروفە دەبەستن كە دەقی تیادا ڕوەدات. سیستێمی ئەو ڕێبازەش كە باسی زمان دەكات پێی دەگوترێت metalanguage [1]

**٧.٢ گریمانەی واتا پێچەوانەی پێكهێنەری سیمانتیكیە**

هەموو ڕێبازەكان بۆ لێكدانەوەی سیمانتیكی زمانی سروشتی "بناغەی خۆیان لەسەر تیژبینی دامەزراندووە كە واتای بەندە فەرهەنگیەكان (ناو، كار، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار) بە گشتی توانای دیاریكردن و لێكدانەوەیان هەیە" (Farrokhpey (١٩٦٤: ٣٠٨) و نوسەر وای دەبینی كە ئەو تێڕوانین و تیژبینیە بە دوو ڕێكە ڕوندەكرێنەوە و دێنە وجود، یەكەم: بناغەی لەسەر بە ڕاست دانانی وادانان واتە واگەیاندنی واتا دامەزراوە و دووەم لەسەر پێكهێنەری سیمانتیكی كە واتای وشە فەرهەنگیەكان لێكدەداتەوە.

[1] بە واتای زمانی مەعریفی دێت واتە فۆڕمێكی زمانی یان دەستەیەك لە فۆرم بە مەبەستی وەسفكردن یان لێكدانەوەی زمانی تر بەكاردەهێنرێت.

پێشنیاری واتا لە لایەن Carnop (١٩٥٦) لە (Farrokhey ١٩٦٤:٣٠٩)ەوە پێشکەشکراوە، کە بەو جۆرەیە،

(١) ئەگەر کەسێك مەلە بکات، ئەوە لەناو شلەمەنیدایە

(٢) ئەگەر شتێك داخراو بێت ئەوە کراوە نیە

(٣) (ا) کوڕ = (ا) نێر

(ا) کچ = (ا) مێ

(أ) ئاسن = (ا) کۆنکریت

- واگەیاندنی واتا، بۆ نمونە،

(٤) (ا) کوڕە --- (ا) نێرینەیە.

(ا) کچە --- (ا) مێینەیە

ئەو یاسایانەی سەرەوە ئاوا دیاریدەکرێن

(٥) (a) ئەگەر شتێك کوڕ بێت، پێویستە نێر بێت.

(b) ئەگەر شتێك کچ بێت، پێویستە مێ بێت

(٦) (a) کوڕ نێر دەگەیەنێت

(b) کچ مێ دەگەیەنێت

واتا گەیاندن دەشێ هەندێك لە ڕەگەزە لۆجیکیە نەگۆڕەکانی وەك "و"، "یان" یان " یان هەبێت

(٧) (a) پیاو -------- نێر و هەراش

(b) ژن ---------- مێینە و هەراش

(c) کوڕ یان کچ -------- هەراش نیە

(d) مێینە -- --------- نێر نیە

بەو جۆرە زانایانی زمان واتای ڕەگەزە فەرهەنگیەکان بەهۆی دەستەیەك لە واگەیاندنی واتاوە دیاریدەکەن.

### ٧.٣ سیستێمی هاوواتایی

دوو دانە یان بەندی زمانی هاوواتان ئەگەر و تەنها ئەگەر هەمان واتا- Sense یان هەبێت، هاوواتای تەواو لە هەموو زمانەکاندا زەحمەتە، واتە زەحمەتە بەتەوای بچنەسەر یەك، دیارە هاوواتای ئازادیش لە زمانەکاندا هەن، بۆ نمونە، با وشەی ناسك-nice وەربگرین دەبینین چەندان واتای هەیە، واتە تا ڕادەیەك کراوەیە و ئەو واتایانە دەگرێتەوە، بەتام، جیاواز، تەواو، باشە، خۆش، چاك، دلگیر، پەسەند، جوان، ڕێکوپێك، .... بەو جۆرە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە لە زۆر باردا دەتوانرێت هەریەك لەو وشانە شوێنی ئەو وشەیە بگرنەوە. بۆ نمونە، "دەستت خۆش بێت خواردنەکە بەتامە". "ئافەرم وەڵامەکەت تەواوە ...،" و هەروەها

### ٧.٤ هاوواتایی دەکرێت بە دوو بەشەوە

هاو واتایی بەواتای وەك یەکی لە بەکارهێنان و ئاماژەکردندا، بەلای Ullmann لە (Lyons ١٩٦٩:٤٤٧) ەوە "نزیکەی ڕاستیەکی بەڵگە نەویستە کە هاوواتایی تەواو لە ئەندازە بەدەر ڕودانێکی دەگمەنە، هۆی تێر و تەسەلی — هۆی دەوڵەمەندی — زمان لەوە زیاتری لە توانادانیە"، دەکرێت دوو مەرج لەو بوارەدا بە هەند وەربگیرێن: (١) توانای ئاڵوگۆڕپێکردن لە دەقەکەدا، و (٢) وەك یەککردن لە هەردوو فێربوون و زانینی (مێشکی) و گەیاندنی سۆزدا. کەواتە مەرجی سەرەکی هاوواتایی ئەوەیە کە بتوانرێت لە شوێنی یەکتر بەکار بهێنرێن، بۆیە گەرچی دوو وشە سینۆنیمیشبن، نابنە جەوهەری بنیاتی سیمانتیکی زمان. بە پێچەوانەوە ئەوە دەکرێت

له سیستێمی لەخۆگرتندا بەدی بکرێت، بۆ نمونە، هەر یەك لە باڵندە، ئاژەڵی بەرزە و خشۆك زۆر شت لەخۆ دەگرن. جیاوازی لە نێوان دوو بەندی فەرهەنگیدا بە شێوەیەکی دەقی بێلایەن دەکرێت، بۆ نمونە، جیاوازی لە نێوان نیشانەکراو و نا-نیشانەکراودا، بۆ یەکەم ماکەر و دووەم کەر، ئەوە بێلایەنکراوە لە دەقێکی وەك، "----- ی باپیر بەچکەی بوو"، دیارە بە ناچاری بۆشاییەکە بەشتێك پڕدەکرێتەوە کە ئاماژە بێت بۆ مێینەی کەر. کەواتە، پەیوەندی-دەقی، وابەستەی-دەقیە. لەبەر ڕۆشنایی بیرەکانی Lyons ١٩٦٧:٤٤٧-٩ ئەو دیاردەیە لێك دەدەینەوە

(١) بەرەو سوید لێدەخوڕم واتە بە سەیارە

(٢) بەرەو سوید دەفڕم بە فڕۆکە

جیاوازیەکە بەهۆی هەڵبژاردنی پەیوەندی ئاسۆییەوە بۆ کارەکانی فڕین و لێخوڕین پێکدەهێنرێت.

(٣) دەچم بۆ بازار تا هەندێت نان بهێنم.

(٤) دەچم بۆ بازار تا هەندێت نان بکڕم.

لێرەدا گۆڕینەوە لە نێوان هێنان و کڕین دایە. گەرچی وشەکان لە بنیاتی سیمانتیکی فەرهەنگیەکانیاندا وەك یەك نین بەڵام لەم کاتانەدا دەکرێت وەك هاوواتا مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت، لێرە گریمانەی پێشکات دەرهاویشتەی نەریتی کۆمەڵن بۆ ئەو هەڵێنجان و بڕیاردانە کە وەك هاوواتا مامەڵەبکرێن، بۆ نمونە، هەرشتێك لە بازاڕەوە بێت ئەوە دەبێت کردەوەی کڕین هابەشی تیادا بکات. بەچاوپۆشبین لەوەی کە دەکرێت هێنان واتای بەخۆڕایی و قەرزکرنیش بگەیەنێت. ئەگەر نا وشەی کڕین لە دەقێکیتردا هەرگیز بەواتای هێنان نایەت. لە کۆنەوە وشەکانی "زانین" و "باوەڕکردن" جێگەی مشتومری نێوان فەیلەسوفەکان بووە، بۆ نمونە، "باپیر زانی کە P"، یەکسان نیە بە "باپیر باوەڕی وایە کە P "، لە یەکەمدا " P"، خوێندنەوەی بارودۆخێکی هەقیقی بۆ دەکرێت، واتە باپیر هەقیقەتێکی موتلەقی زانیوە، لە دووەمدا باپیر بەپێی تێگەیشتنی کەسی خۆی باوەڕیوایە کە p. لەو ڕووەوە سیستێمی پێکهاتەی سیمانتیکی ئەو دوو کارە بڕیار لەسەر مەسەلەکە دەدات.. "باوەڕ بوون" کەسیە و "زانین" بابەتیە. کەواتە بە شێوەی ئاسۆی بێت یان ستونی ئەوانە نابنە هاوواتا. گەرچی هەردوو کارەکە ستاتیڤن، یەکەم دووەم لەخۆدەگرێت بەڵام دووەم یەکەم لەخۆ ناگرێت، بۆیە تەنانەت لەکاتی نەرێکردنی یەکەم کارناکاتە سەر بەهای "P" و لە دووەمدا وانیە.

**٨.٠ فرەواتایی لەبواری ڕێزماندا**

**٨.١ فرەواتایی لە بنیاتی بەندە زمانیەکاندا لە بەر ڕۆشنایی ئەسپێکت و تێنسدا**

زمانی کوردی وەك زمانی فارسی بنیاتەکانیان ئاڵۆزن، بەو واتایەی کە تەنها لە تاقە ڕەگەزێك پێك نایەن، لەو بوارەدا دەتوانرێت چوار ڕەگەزی زمانی دیاریبکرێن کە دەشێت بۆ هەردانەیەك لەوانە واتا و ئەرکی دیاریکراوی تایبەت بەخۆی لەخۆبگرێت، بۆ نمونە،

**نیشانەی ئەسپێکت:** (لە گۆشەنیگای ئەسپێکتەوە)، نیشانەی "دە-" وەك نیشانەی ئیمپێرفێکتیف imperfective، و نیشانەکانی، "-وو.، -ت، -ا، -د، -ی"، وەك نیشانەکانی پێرفێکتیف perfective مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

**نیشانەکانی تێنس:** (لە گۆشەنیگای تێنسەوە) بریتین لە نیشانەی "دە-" کە هاوبەشی لە بنیاتی فۆڕمی کاری ڕانەبردوو و ڕابردووی پڕۆگرێسڤدا دەکات، و نیشانەکانی "-وو، -ت، -ا، -د، -ی"، وەك نیشانەی ڕابردوو

مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بەو جۆرە دەبینی هەر یەك لەو نیشانانە دوو خوێندنەوە، واتە ئەرك دەبینن، نیشانەی ئەسپێکت لە فۆرمی کارەکەوە وەردەگیرێ و لەگەڵ نیشانەکانی تێنس دەچنەسەر یەك.

**ڕەگی کار:** دیاریکردنی جۆری بارودۆخی ئاڵۆزە، واتە هەڵگری واتای بارودۆخە، وەك بەرهەم هێنەری داینەمۆی جوڵان و گیانبەرەراکردنی دەربڕینەکان و هەڵگری ئەرکی سەرەکی باسکردنی دەوروبەوە.

**ڕاناوە کەسیەکان:** دیاریکردنی کاتەگۆری ژمارە و کەسەکانە، و بە پێی شوێن و کەس لە گۆڕاندان، ئەرکی بکەر، بەرکار و ڕێکەوتن دەبینن.

کات: بەشێك نیە لە ڕەگی کار، لەدوو لاوە لە کات دەڕوانین، یەکەم فۆڕمی کار و ئاوەڵکارەکان کات لە کاتی دیاریکراو پەیوەست بە کاتی قسەکردنەوە دادەنێن، و کات ئەو ماوەیەیە کە دواتر لەو بارودۆخەوە هەڵێدێنجین کە تێنس(واتە فۆم) باسی لێوەدەکات.

**دیاریکەر:** هەر بەشێك لە وشەکە توانای کاریگەری سیمانتیکی لەسەر فۆڕمەکە دادەنێت، ئەوە "ـەکە، ـێك" ـن

**ئامرازی نەرێ:** دووبارە دەچێتە سەر کارەکە و پێچەوانەی سروشتی کارەکە خۆی پیشان دەدات.

لە زماندا، واتای ئەسپێکتی هاوبەشی لە زانیاری گۆشە نیگا دەکات، واتە تێڕوانین دەکات کە بەهۆی ڕستەوە دەگوازرێتەوە. ئەوە سیستێمی ئەسپێکتە پێمان دەڵێت کام جۆری ڕوداو یان بارودۆخ قسەی لەبارەوە دەکرێت یان کراووە. جگە لەوانە بەهۆی ئەسپێکتەوە تێڕوانینەکان دەزانین و جیایان دەکەینەوە، کە دەبێت جەخت لەسەر هەموو یان بەشێك لەبارودۆخەکان بکاتەوە. بەواتای ئەوەی ئەسپێکت تێڕوانینی کاتی بۆ ئێمە دەگوازێتەوە. ئەسپێکت تێڕوانینی کەسیە، قسەکەر بڕیار دەدات بەچ گۆشەنیگایەك نامەکەی بۆ بەرانبەرەکەی بنێرێت، چونکە هەڵبژاردنی واتای ئەسپێکتی بۆ قسەکەر گونجاوە. واتای ئەسپێکتی بەهۆی دوو لایەنەوە دەگوازرێتەوە، یەکەم بەهۆی فۆڕمە زمانیەکان، و دووەم بەهۆی نەریتی پراگماتیەکیەوە، ئێمە لەم بارەیەوە دوو ڕستە دەخەینە پێش چاو، ڕستەکانی ١ و ب دەشێت ئاماژە بۆ هەمان ڕوداو بکەن، بەڵام لە تێڕوانینی کاتیدا جیاوازن کە دەکاتە گۆشەنیگای ئەسپێکتی، بۆ نمونە ڕستەی یەکەم تێڕوانینی پێرفێکتیڤی و دووەم تێڕوانینی ئیمپێرفێکتیڤیتی لەخۆدەگرن.

(١) ئازاد دوێنی نامەکەی نوسی.

(٢) ئازاد دوێنی نامەکەی دەنوسی.

لە (١) دا، ڕوداوی نوسین بە تەواوی ڕویداوە، و گەیوەتە دوایین خاڵی تەواوبوون، کەواتە لە کوردیدا کاری ڕابردوو نیشانەکراوە، لە کاتێکدا لە (٢)دا ڕوداوی نامەنوسین لە تێنسی ڕابردوی پڕۆگرێسفدایە، بۆیە قسەکەر لەوێ بەجێیمان دێلێت، دواتر ئێمەش زانیاری تەواومان نیە سەبارەت بەوەی کە دەبێت کردەوەی نوسین تەواو بووبێت یان نا. دەشێت بارودۆخی نوسین بەشێکیشی بکەوێتە دوای کاتی قسەکردنەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکەی ترەوە، لە (١)دا تێڕوانینی پێرفێکتیڤیتی جەخت لەسەر سەرەتا و کۆتایی کردەوەکە دەکاتەوە و هیچ گرنگیەك بە ناوەرۆك نادات، واتە قسەکەر لەدەرەوە سەیری ڕوداوەکە دەکات، لە (٢) قسەکەر لە گۆشەنیگای ئیمپێرفێکتیڤیتیەوە کردەوەکە بۆ ئێمە دەگوازێتەوە، بۆیە جەخت لەسەر خاڵێك دەکاتەوە کە نە سەرەتایە و نە کۆتایی، واتە بەشێکی غەیری ئەو دوو خاڵە پیشاندەدات، لەوەش زیاتر ئێمە هەر لەو خاڵە بەجێدێڵێت بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت کە دەبێت کردەوەکە گەیشتبێتە کۆتایی یان نا، لە هەردوو ڕستاکاندا مەسافەی گۆشەنیگا ئەو خاڵەی قسەکەر جەختی لەسەر دەکاتەوە زانیاری بنیات دەنێت سەبارەت بە ڕوداوی گونجاو بۆ ئەو کەسەی

ڕستەکە وەردەگرێت. ئەو دوو لایەنە دوو پێکهێنەری سیستێمی ئەسپێکتی پێکدەهێنن. سەرنج لە دیاگرامی (٩) بدە




لە هێڵکاری سەرەوەدا، خاڵی (ا) هێمایە بۆ کاتی قسەکردن، کە دەکەوێتە مەودای ڕانەبردووەوە، خاڵی (ب)، دەکەوێتە مەودای کاتی ڕابردووەوە و ئەو خاڵەیە کە تیایدا "ئازاد نامەکەی دەنوسی"، ڕویداوە، لە هەمان کاتدا ڕوداوێکیتر کە بریتیە لە "چوونی باپیر" کە ڕودانەکەی دەکەوێتە ناوەڕاستی بارودۆخی نامەنوسینەکەی باپیروە، ئەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە لە یەکەمدا قسەکەر لە گۆشە نیگای ئیمپێرفێکتیڤیتی و لە دووەمدا پێرفێکتیڤیتیەوە سەرنج لەبارودۆخەکان دەدات.

(٣) باپیر نامەی دەنوسی. بە پەلە

(٤) باپیر لە نامەنوسیندا بوو. بە پەلە

ڕستەکانی ٣ و ٤ لایەنێکی تر لە سیستێمی ئەسپێکتی پیشان دەدەن، کە جیاوازە لە ١ و ٢ ی سەرەوە، بۆ نمونە، ٣ چالاکی و ٤ بارودۆخ پیشاندەدەن، کەواتە ٣ و ٤ جۆری بارودۆخ پیشان دەدەن بە دوو تایبەتمەندی کاتی جیاوازەوە. بارودۆخە چالاکیەکان داینامیکن و بارودۆخیەکان states بە نۆرەی خۆیان تایبەتمەندی داینامیکی ون دەکەن. کارەچالاکیەکان وەك داینامیکی و بارودۆخیەکان وەك ستاتیڤ مامەڵە دەکرێن.

بەلای فەڕاهانیەوە (١٩٩٠:٦١) "ئەگەر لە ڕوانگەی واتاوە سەرنج لە هەر فۆڕمێکی زمانیەوە بدەین دەبینین زیاتر لە یەك "واتا" بەخۆوە دەگرێت"، کاتێك واتای هەر شتێك بەهۆی دەستەیەك لە تایبەتمەندی و ئەو بۆشاییەی لە واقیعدا پڕی دەکاتەوە دیاریبکەین و بیناسینین. دیارە ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەرك، تێڕانینی قسەکەر، دەق و فۆڕم، جۆری دەربڕینەکە.... کەواتە، بۆ نمونە، بۆ تێگەیشتن لە واتای هەر فۆڕمێکی کاری دەبێت نیشانەی ئەسپیکت، تێنس، و ڕەگی کاری لەبەر چاو بگرین، چونکە ئەوە وا وەردەگیرێت وەك ئەوەی لە کۆی واتای ئەو سێ لایەنانەی سەرەوەوە پێکهاتبێت. بۆ نمونە، کارێکی وەك (دەخوات-) لە چەندان گۆشە نیگاوە تەماشا دەکرێت، "کاری ڕانەبردوو-(وەك تێنس)، ناتەواو-impecfectve- (وەك ئەسپێکت)، تێپەڕ-(وەك ڕێزمان) و ... بەلای ئێمەوە واتای ڕاناوەکەسیەکان[١] ناچنە چوارچێوەی واتای فۆڕمی کارەکانەوە.

[١] تا ئەم کاتە لە زۆر لایەن تەنانەت نامە ئەکادیمیەکانیش ڕاناوەکان بە بەشێك لەکاری سادە دادەنێن، ئەوە لەیاد دەکەن کە ئێمە بۆ هەر هەقیقەتێك دەستەیەك لە تایبەتمەندی (کە بەرانبیە پە پێکهێنەرەکانی ئەو دانەیە دەوەستنەوە) دیاریدەکەین کە سەرجەم ئەوانە ئەرك و ڕەفتاری ئەو دانە زمانیە دەست نیشان دەکەن. ڕاناو ئەرکی بکەری و ڕێکەوتن دەبینییێت، هەر لەبەر ئەوەیە کاتێك کاری ڕستەکە تێنەپەڕ بوو ئەوە ڕاناوەکە کاری تێنەپەڕ بەجێدێڵێت و لەگەڵ بەرکار یان بە کارە تێپەڕەکەوە دەلکێت، ئەگەر بەشێك بێت لەکارەکە ئەو بزێویە لەدەست دەدات و لەلایەکی تریشەوە واتای کارەکە تێك دەچوو، بۆیە ڕاناو هەرگیز بەشێك نیە لە کارەکە. سەبارەت بە کاتیش وا بیردەکەنەوە کە نیشانەی پێرفێکتیڤی لەگۆشە نیگاری ئەسپێکت و نیشانەی ڕابردوو لەسەر کاری ڕابردوو کات دیاردەکات، بەلای ئێمەوە ئەوە هەڵەیەکی زەقە و لەگەڵ مەنتیقدا ناگونجێت ئەوە لە نامەی محمود فتح الله زانکۆی لەندەن ٢٠٠٥ ڕونکراوەتەوە و دواتریش ئێمە بەبەڵگەی تەواوەوە ئەو بە بەڵگەی تەواوەوە ئەوە لە باسێکی تردا دەخەینە ڕوو، جارێکی تر ئەوە لەکاری هەندێك کەس، تەنانەت لە نامەی دوکتورادا ئەو هەڵەیە کراوە کاتێك "دە-" بە ئەسپێکت دانراوە، ئەو کەسە بێبەرپرسانە بڕیاری وادەدات بەبێ ئەوەی تەنانەت لە پێناسەی ئەسپێکت ئاگادار بێت و شتێکی لەسەر ئەسپێکت خوێندبێتەوە، بەو هیوایەی دواتر ئەوە لە باسێکی تایبەتدا ڕونبکەینەوە.

## ٨.٢ فۆڕم و واتا Form and meaning

ئاشکرایە، واتای فۆڕمە زمانیەکان هەموو لە یەك ئاستا نین، بۆ نمونە، هەندێك لەوانە خوێندنەوەی واتای-دەقی سەربەخۆ بۆ فۆڕمەکانیان و هەندێکی تریشیان بەشێوەیەکی گشتی پشت بە بەکارهێنانی دەقی تایبەت دەبەستن. بەلای Wittgenstein لە (فەڕاهانی ٥-١٩٩٠:٦٤) ەوە "هەرجیاوازیەك لە بەکارهێنانی وشە ئەوە سەرەنجام و بەلگەیە بۆ جیاوازی لە واتاکانیان". (١٩٧٧) Bollingar جەخت لەسەر ڕێبازە کۆنەکە دەکاتەوە کە جیاوازی سروشتی زمانی بریتیە لە پارێزگاری لەسەر یەك فۆڕم بۆ یەك واتا، و یەك واتا بۆ یەك فۆڕم"، و ئەوەش بە واتای یەك بەرانبەر بەیەکی لە نێوان واتا و فۆڕمدا دەوەستێتەوە" کە دیارە ئەوە لە پڕاکتیکدا دەگمەنە.

## ٨.٣ واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی

دەکرێ دوو واتا لەیەك جیابکەینەوە، بۆ نمونە، واتای فەرهەنگی و واتای ڕێزمانی، بەلای جاکۆبسۆنەوە (١٨٧٧) لە (فەڕاهانی ١٩٩٠:٦٦) ەوە "واتای فەرهەنکی وا دەناسێنێت وەك ئەوەی تایبەت بن بۆ ئەو مۆرفێمانەی کە هاریکاری قسەکەرەکان دەکەن تا وێنەی بەشێك لە ژیانی هەقیقی بگرن"، و واتای ڕێزمانیش ئەو پۆلە زاراوانەن کە لە ژێر ناوی ناو، ئاوەڵناو و ..... جێگەیان دەبێتەوە"، گرنگی واتای فەرهەنگی ئاماژەکردنە بۆ هەقیقەت و واتای ڕێزمانی ئاماژە بۆ ئەو مۆرفێمانە دەکات کە ڕێگە بە قسەکەرەکان دەدەن بۆ ڕێکخستن، لێکدانەوە، واتە لێدوان و ڕونکردنەوە لەسەر ژیانی کەسەکان.

## ٨.٤ واتای خشکەیی و هەقیقی بەندە زمانیەکان

هەموو بەندە زمانیەکان تەنها واتایەك بەخۆوە ناگرن، بەلای (١٩٨٥:٢٣) Comrie ەوە، "دەکرێت دوو واتا لەیەك جیابکەینەوە، بۆ نمونە، واتای بەندە زمانیەکان و ئەو واتا شاراوەیەش کە دەتوانرێت بەدەست بێت لە ئەنجامی بەکارهێنانیان لە دەقی تایبەتدا"، بۆ نمونە، سەرنج بدە لە دەربڕێنێکی وەك " گەرمە"، کە دەشێت وا لە نیەتی قسەکەر بگەین وەك ئەوەی داوای کردنەوەی بەنجەرە یان هەڵکردنی پانکە بکات، بەڵام دەبینی کاتێك کە کەسێك هەڵدەستێت تا پانکەکە بکاتەوە، قسەکەر دێتە سەر خەت و دەڵێت نا کاکە من حەزم زیاتر لە گەرمایە وەك لە سەرما، سەرەنجام دەگەینە ئەو هەقیقەتەی کە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو واتایەدا، واتە واتای فەرهەنگی و واتای شاراوەدا، ئەوەیە کە دەکرێت واتای شاراوە پاشگوێبخرێت بەڵام واتای فەرهەنگی نا، بۆ نمونە، دەکرێت واتا شاراوەکە لابدرێت کاتێك قسەکەر ڕەفزی هەڵکردنی پانکەکە دەکات، و دواتر تێدەگەین کە قسەکەر تەنها ویستویەتی جەخت لەسەر هەقیقەتێك بکاتەوە کە ئەویش گەرمی شوێنەکەیە و بەس، نەك هەڵکردنی پانکە و شتیتری لەو جۆرە. کەواتە دەگرێت ئەوە بگوترێت کە واتای هەقیقی بەردەوام دەبێت و تێناچێت، بە پێچەوانەی واتای شاراوەوە.

ئەو کارانەی لە فۆڕمی ئیمپێرفێکتی ڕابردوو نا-ڕابوردووودان و وەرگێڕانی ڕابردووی پرۆگرێسف وەردەگرن، زیاتر لە خوێندنەوەیەك وەردەگرن، بۆ نمونە،

(١) باپیر جگەرەی دەخوارد.

بە سەرنجدان لە باری قوڵی (١)، دەبینین کە ڕستەکە ڕستەیەکی هەواڵیە و کاری "دەخوارد" چەندان خوێندنەوە هەڵدەگرێت (ا) گەیاندنی هەواڵی جگەرە خواردن لە لایەن باپیرەوە، (ب) دیاریکردنی ڕەفتاری باپیر و ناساندنی وەك "جگەرەخۆر"، بە بەڵگەی ئەوەی دەتوانرێت دەبرڕینەکانی وەك "بە ئێوران، بە بەیانیان، و ..."ی بۆ زیاد بکرێت، ئەوەش سروشتی زمانی کوردیە کە کاری ڕابردوی پرۆگرێسف هەمیشە ئەو

خوێندنەوەیە(واتە نەریت) وەردەگرێت، و (ج) دەگرێت ئەوە هەڵێنجین کە باپیر پێشتر ئەو کارەی کردووە بەڵام چیتر ئەو کارە ناکات. چۆن دەتوانین واتای کرۆکی لە نا-کرۆکی جیابکەینەوە، دەبێت بە وردی سەرنج لە ڕەفتاری ڕستەکە بدەین تا ڕەفتاری سەرەکی و نا-سەرکی جیابکەینەوە کە بەرانبەر بە واتای کرۆکی و نا-کرۆکی دەوەستێنەوە، دەبینین ئەو واتا شاراوانەی لەسەرەوە باسکران نابنە بەشێك لە واتای ڕاستەوخۆی ڕستەکە، هەر وەك چۆن ناشبێتە واتای کاری ڕابردووی ئیمپێرفێکتیف. ئەوە بەلای فەراهانیەوە (١٩٩٠:٦٧) بەهەمان شێوە لە فارسیدا بەڵگەی زیندوو بە دەستەوەدەدەن کە لە دەربڕینێکی وەك (ا) "چی تر جگەرە ناخوات" وەك واتای دووەم و ناڕاستەوخۆ لاببەی، دەتوانیت بەشێکی تر لە شێوەی پاڕستەدا زیاد بکەیت و بڵێی:

بەردەوام هەروایە (واتە جگەرە دەخوات) -جگەرە هەردەخوات

ئەوەندەی من بزانم هێشتا هەر جگەرە دەخوات.

لە فۆڕمی ڕابردوودا، دوو فۆڕمی کاری، بە دوو واتای لێك نزیك جیادەکرێنەوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕای جیاواز، بۆ نمونە، ڕابردوو واتای جەختکردنەوە لەسەر ڕوداوێك یان بارودۆخێك دەکاتەوە، چ دوور چ نزیك، کە پێیان دەگوترێت نزیك و دوور pluperfect. و بەلای هەندێکەوە ئەوە واتای شاراوەیە.

### ٨.٥ واتای دەقی سەربەخۆ

Perkins (١٩٨٢:٢٤٥) لە (فەراهانیەوە ١٩٩٠:٦٤). سەرنجی لەوە داوە کە لێکدانەوەی فۆڕمی-واتاکان بەشێوەیەکی ئاسایی دەتوانرێت دابەشبکرێت بۆ ئەوانەی کە واتای-دەقی-سەربەخۆی بۆ فۆڕم و ئەوانەش واتای فۆڕمی وا لەبەرچاودەگرن وەك ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر، ئەگەر بەتەواویش نەبێت، "پشت بە بەکارهێنانی دەقی تایبەت ببەستن"، زمانەوان (١٩٨٥:١٩) :Comrie زیاتر بۆ بابەتەکە دەچێت و پارێزگاری لەوەدەکات کە "جیاوازی لە نێوان واتای-دەقی-سەربەخۆ و لێکدانەوە بەهۆی دەقە تایبەتیەکانەوە پەرەی پێئەدرێت". و لەهەمان کاتیشدا واپێشنیاردەکات کە "فۆڕمێکی ڕێزمانی دیاریکراو دەشێ زیاتر لە واتایەکی هەبێت".

ئەوەی لە بواری زانستی زماندا باوە لێکدانەوەی واتای-تاکە بۆ واتای-فۆڕمەکە، ئەوە زیاتر باوە هەروەك چۆن زمانەوان (١٩٧٧) Bolingerجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و کە مەرجی سروشتی بۆ زمان بریتیە لە پارێزگاریکردن لە فۆڕمێك بۆ یەك واتا، و یەك واتا بۆ یەك فۆڕم. ئەوە لەسەر بنەمانی یەك بەرانبەر بەیەك وەستاوە. زمانەوەان (١٩٨٣:١١٣) King باوەڕی وایە کە "فۆڕمەکە پارێزگاری لە واتای ڕێزمانی دەکات بەچاوپۆشین لەو دەقەی کە ئەو فۆڕمە تیایدا بەکار دەهێنرێت". ئەوە لە کوردیدا لەبەر ئەوە نیشانەی دواتری و پرۆگریسف نیە دەشێت تاقە فۆڕمێك لە دەرەوەی دەق زیاتر لە یەك لێکدانەوە هەڵبگرێت، دەکرێت ئەوە بگوترێت کە هەرکات لە لێکدانەوەی سیمانتیکی یەك واتایی و سیمانتیکی دوو واتای-فۆڕمەکان بەشێوەیەکی زەروری نەڕاست نە هەڵەیە، هەردوو لا چاوەڕوانکراون و هەرکام لەوانە دەتوانرێت حوکمبدرێت بەپێی ئەوەی ئایا ئەو دیاردەیە بەکار دەهێنرێت بۆ لێکدانەوە بەو شێوەیەی ڕونکراوەتەوە. بەلای فەراهانیەوە (١٩٩٠:٦٩) "جیاکردنەوە لە نێوان واتا و ئیمپلکەیتور هاریکاری زمانەوانەکان دەکات تا "یەکەم، زۆر بەدیقەتەوە واتای فۆڕمە زمانیەکان دیاریبکەن، و دووەم تا حساب بۆ ئەو ئیمپلیکەیتورانە بکەن کە بۆ ئەو واتایە دیارکراون لە کاتی لانەبردی هەر یەك لەو ئیمپلیکەیتورانە".

### ٨.٦ واتای نیشانەکانی تێنس.

(١). واتای تێنسی ڕابردوو، ئەوەیە کە خاڵی کاتێك دوابەدوای کاتی بارودۆخەکە پیشاندەدات، لە کاتێکدا واتای نیشانەی ziro وەك ئەندامی نیشانە نەکراوی دوو زاراوەی بەرانبەر بریتیە لە نەبوونی خاڵی دووابەدوای کاتی

بارودۆخەکە (فەراهانی ۱۹۹۰:۹٦). بەڵگەشی بۆ ئەوە ئەوەیە کە لە کاتێکدا کاری ڕابردوو هەردوو فۆڕمی .Perf و .Imperf بەخۆوە دەگرێت. ئەو بارودۆخە لە پێش کاتی دیاریکراو دادەنێت [1] و کاتی ئاماژەکردن کە دەکەوێتە پێش خاڵی کاتێکی ترەوە. فۆڕمی کارەکانی نا-ڕابردوو، بۆ نمونە، .Imperf نا-ڕابردووی ڕستەی نا-سەرەکی نا-ڕابردوو، هەردوو بەرەو دووا کاتی بارودۆخەکان وەك هاوکات بە خاڵی کاتی نا-ڕابردوو و لە داهاتوو پەیوەست بە چەقی سەنتەر واتە کاتی قسەکردن deictic centre دادەنێت، ئەوە ئاسایی کاتێك بارودۆخەکان لەدوای خاڵی کاتی دیارکراوەوە دادەنێت، فەراهانی ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوە دوو لایەنە -two fold-ە.

(۲) فۆڕمی کارەکانی نا-ڕابردوو [2] لە سیستێمی کوردیدا ئەندام یان دەستەیەکی نا-دیاریکراوی دوو زاراوەی بەرانبەرین. بۆ نمونە، ڕابردوو و نا-ڕابردوو. بە پێی (۱۹٦٦:۱۸۵) Allen ئەوانە بەهۆی نەبوونی واتای نیشانەکراوەوە دیاریکراون"

(۳) پێرفێکتفی نا-سەرەکی(وابەستە) subordinate perfective non-past فۆڕمی کاری نا-ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتی کاتی بارودۆخەکان لەسەر (یان وەك هاوکات بە ) کاتی ئێستا یان لە خاڵی کاتی تر دادەنێن، تەنها لەبەر بوونی نیشانەی پێرفێکیڤیتی be ەوە، بەڵکو زیاتر بیری دواتری بەهۆی فۆڕمی کاری پێرفێکتفی نا-ڕابردووە زیاتر لەوەی تەنها بەهۆی نیشانەی تێنسی نا-ڕابردووە \ ۰- \ەوە بێت.

زاراوەی absolute tense واتە تێنسی تەواو، ئاماژە بۆ فۆڕمی ئەو کارانە دەکات کە کاتی قسەکردن (واتە کات و شوێنی قسەکردن) وەك چەقی ئاماژەکردن وەردەگرن. واتە ئەو کارانە وەك بەشێك لە واتاکانیان کاتی قسەکردن وەك چەقی سەنتەرەکانیان وەردەگرن. زمانەوان Declerk لە گەڵ پێناسەکەی قومریدا نیە، و دەڵێت پێناسەی تێنسی ڕابردوو دەبێت لە بواری سێ خاڵی کاتەوە دیاریبکرێت و " کاری ڕابردوو بە شێوەیەکی ئاسایی کاتی ئاماژەکردنی بارودۆخەکە لە پێش کاتی ئێستاوە دانانێت، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر کاتی بارودۆخەکە دەگەڕێنێتەوە بو هەندێك کاتی ئاماژەکردن و ئەو ئاماژەکردنە لە پێش کاتی ئێستاوە دادەنێت (هەمان سەرچاوە ۳۱۳).

لە ڕستەیەکی وەك "باپیر نامەی دەنوسی کاتێك سەیری پەنجەرەکەیم کرد" دەشێت کارەکە بە تەواوی پێش کاتی ئێستاوە نەکەوێت بەڵکو دەشێت درێژبێتەوە بۆ هەندێك کات لە دوای ئەوەوە" داخوا کاری ڕابردوو تاقە یەك واتای نەگۆڕی هەیە یان ژمارەیەك واتا یەکێکیان وەك چەق و ئەوانی تر کەمتر دانەیەکیان زیاتر چەقیترە لەوانیتر. بە شوێن (فەراهانیدا ۸-۱۰۷:۱۹۹۰)دا ئەوە ڕوندەکەینەوە

(۱) ئازاد بەرخەکەی هێنا و سەریبڕی.

(۲) کە چویت بۆ سلێمانی نامەکە بەرە.

(۳) کاتێك تەواویکرد ئەوەی دەیەوێت بیڵێت، وەڵامی ئەدەمەوە

(٤) ئەگەرداعیشەکەت بینی، بۆم وەسف بکە.

[1] کاتی دیاریکراو زیاتر بە کاتی قسەکردن دەزانێت.

[2] ئێمە زاراوەی نا-ڕابردوو بۆ هەردوو داهاتوو ئێستا (present and future) بەکار دەهێنین چونکە لە کوردیدا بۆ هەردوو فۆڕم بە پێچەوانەی زمانێکی تری وەك زمانی ئینگلیزیەوە، نیشانەیەکی دیاریکراومان نیە تا ئەو دوو فۆڕمە لێکجیابکەینەوە. کەواتە ئەو فۆڕمانە نا-نیشانەکراون.

(٥) تەنها پرسیارێکم لێکردی ئایا دەتوانی پێنج پاوەندم بە قەرز بدەیتێ؟

(٦) هات، خێراکە (فریا ناکەوین)

کاری ڕابردوو لە (١) ئاماژە بۆ کاتی ڕابردوو دەکات واتە بەهای کاتی ڕابردووی تەواو وەردەگرێت کە دەکەوێتە پێش کاتی ئێستاوە، لە (٣) کاری ڕابردوو ئاماژەی "چوویت" بەتەواوی بەهای ئاماژەی کاتی ڕابردووی تەواوی نیە، بەڵکە ئاماژە بۆ ڕوداوێك دەكات كە لە داهاتوو دایە پەیوەست بە كاتی قسەكردن[١]. بۆیە دەبینی "كات" هەرگیز نابێتە بەشێك لە پێكهێنەری فۆڕمی كارەكە، لەم بارانەدا "كە" ئەو گۆڕانكاریانە دەخولقێنێت، واتە، كاتێك كاری ڕابردوو لە ڕستەی سەرەكیدا ڕوەدات ئەوە ئاماژەی كاتی ڕابردووی تەواو(موتلەق) دەكات، كاتێك دەكەوێتە ڕستەی ئاوەڵكاریەوە ئاماژە بۆ كاتی داهاتوو دەكات. لە (٣) دا وشەی "كاتێك" و بەدوایدا "دەیەوێت بیڵێت و وەڵامی دەدەمەوە" كە دەشێت هێشتا كاتیان نەهاتبێت ڕوبدەن، واتای "تەواویكرد" ئاڵۆزتردەكەن و دەشێت كاتی بارودۆخەكە بە تەواوی لە پێش كاتی ئێستاوە دانەنێت. لە هەموو ڕستەكاندا كاتێك قسەكەر هەندێك ئامرازی لۆجیكی كە ڕاستەوخۆ نیەت و ئارەزوی قسەكەر پیشاندەدەن، واتای كاری ڕابردوو لە موتڵەقەوە دەگۆڕن و دەبێت خوێندنەوەی تری بۆبكرێت، بۆیە "كات" لە ٤ دا "ئەگەر" واتای كارەكانی "بینی" و "وەسفیبكە"، تەواو پێچەوانە دەكاتەوە و كاتەكان لە دوای كاتی قسەكردنەوە دادەنێن و دەشێت ئەوانەش هەر ڕوو نەدەن چونكە بەهۆی "ئەگەرەوە" مەرجداركراوە، لە ٥ دا ڕودانی "توانین" و "دان" پشت بەدووری و نزیكی كاتی ڕوودانی "پرسیاركردن" لە كاتی قسەكەكردەوە دەبەستێت. لە (٦)دا "خێراكە" وات لێدەكات بڵێی كە هێشتا كاتی ڕودانی كاری "هات" نەهاتبێت. كەواتە كاری ڕابردووی كوردی هاوتا بە هەندێك زمانی تر، بۆ نمونە، فارسی وەك لەسەرەوە ڕونكرایەوە زیاتر لە واتایەك بەخۆوەدەگرێت كە یەكێكیان كرۆكی و ئەوەكانی تر وابەستەی دەقین.

**٨.٧ دیاریكردنی واتای كارەكان لە كوردیدا**

لە بەرئەوەی زمانی كوردی یەكێكە لە زمانە فرەگرەكان، دەشێت لە فۆڕمێكی دیاریكراودا چەندان ڕەگەز بە واتا و ئەرگی جیاوازەوە هاوبەشی لەو فۆڕمەدا بكەن، بۆیە، بە مەبەستی زانینی بنیاتی واتای هەركارێك دەشێت ئەو هەنگاوانەی لای خوارەوە بگیرێتەبەر:

هەنگاوی یەكەم: هەڵوەشاندنەوەی كارەكان بۆ مۆرفێمەكانی، بە پێی سیستێمی بونیاگەریەكان دەبینی هەر هەقیقەتێك دەشێت چەندان تایبەتمەندی بەخۆوە بگرێت، و زیاتریش لەوە دەشێت ئەو هەقیقەتە چەندان ڕەگەز لەخۆبگرێت كە دواتر، ئەوە وا دەكات كە ئەو فۆڕمان تاقە یەك واتا بەپێی جۆری دەق لەخۆنەگرن، بۆ نمونە، نیشانەی تێنس و ئەسپێكت، ڕەگی كار و پێشگرو پاشگر كە بەهەموویان فۆڕمی كارە فەرهەنگیەكان پێكدەهێنن، ئەركی دیاریكردنی واتایەكی تاكی نەكۆڕ بۆ نیشانەكانی تێنس و ئەسپێكت دیاری دەكەن، ئەو كات دەبینی فرە واتایی زیاتر لە فۆڕمی كارەكانەوە بەرزدەبێتەوە.

هەنگاوی دووەم: دیاریكردنی ئەركی واتای سەربەخۆی-دەقی بۆ هەردانەیەك لە فۆڕمی كاری كوردی لەسەر بنەمای بەكارهێنانەكەی لە كورتترین دەقی زمانی چاوەڕوانكراودا، دەقێك كە كەمتر ئامرازی لۆجیكی بەخۆوەبگرێت تەنها بكەر و كارێك لەخۆبگرێت، و لەسەر بنەمای ناوبەند پەیوەندی لە نێوان نیشانەكانی تێنس و ئەسپێكت، بەو كەرەستانەی سەر بە بەشەكانی ئەكشن سارتن، وەك جۆری كار لە كوردیدا.

---

[١] هەردەم كاتی حوكمدانەكانی من سەبارەت بە دیاریكردنی واتای كارەكان ئەوە لەو كات و شوێنەوەیە كە من بێزیاد و كەم قسەی تێدا دەكەم، دیارە ئەو كاتانەش هەمیشە وەك كاتی هەنوكەیی واتە ئێستا مامەڵەدەكرێت.

هەنگاوی سێیەم: لێکۆڵینەوە سەبارت بەوەی چۆن واتای فۆڕمی کار لە کوردیدا ناوبەندپەیوەندن لەگەڵ ڕەگەزە زمانیەکانیتر، بۆ نمونە، ئەکشنسارتین، واتە جۆری کار کە دەبێت چرکەساتی، ڕوداو.... بێت، واتە، بەدوادا چونێکی ورد بۆ دیاریکردنی ئەو واتایەی کە بەشێوەیەکی نەریتی دەدرێتە پاڵ هەر فۆڕمی کارێك لە ئەنجامی ئەو کارلێکردن و ناوبەند پەیوەندیەوە دێنە ئاراوە. بە واتایەکی تر ئەو زانیاریانەی دەدرێنە پاڵ فۆڕمی کارەکان زیاتر لەوەی بدرێتە پاڵ هەموو ڕستەکە بەگشتی. ئەوانە هاوشێوی فارسی دەوەستنەوە بە پێی فەراهانی (٧٥-٦٩ :١٩٩٠)

**٨.٨ سیستێمی تێنس لە کوردیدا**

هەندێك ئەرك و وەزیفەی کارەکان لە زوربەی زۆری زمانەکانی دونیادا وەك یەکە، بۆ نمونە، لە سیستێمی تێنسدا لە هەر زمانێکدا دەبینی پەیڕەوی بنەمایەکی تایبەتی وەك لە پێشتری، لە هەمان کاتی و لە دواتریدا دەکرێت، لەو بارانەدا، یەکەم هەنگاو دەبێت بیری سیمانتیکی، هەمان کاتی و لە پێشتری دواتری بە ڕێزمانی بکرێن، دووەم، دەکرێت یەك نیشانە دوو ئەرك بەخۆوەبگرێت، لێرەدا دەبێت پێشنیار و ڕونکردنەوە سەبارەت بەوە بکرێت کە نیشانەکانی تێنس ئەوانەن کە پێش "ن"ی چاوگ دەکەون، لە گەڵ هێمای سفر هەریەکە و یەك واتای تاکی سەربەخۆ-لە دەق بەخۆوە دەگرێت. ئەوانە بەتایبەت لە کاری ڕابردووی تەواو پێیان دەگوترێت نیشانەکانی ڕابردوو، لە کاری نا-ڕابردوودا، بۆ نمونە، "دە-" لە "دەخۆم" دا پێی دەگوترێت نیشانەی نا-ڕابردوو، ئەوە دوور لە خوێندنەوەی ئەسپێکتی.

لە کاتی دیاریکردنی کاتدا دەکرێت سەرنج لە ڕستەیەکی وەك ئەوەی Reichenbach (١٩٤٧:٢٨٨) بدەین، بۆ نمونە، "Peter had gone" بە واتای "باپیر ڕۆیشتووە"، دەبینین کە واتاکەی بە هۆی تێنسەکەیەوە دەربڕاوە، ئەوەش لەوەدا دەردەکەوێت کە کاتەکەی بەهۆی تێنسەکەوە دەردەبڕدرێت تەنها یەك ڕودان لەبەرچاو ناگرێت، بەڵکو دوو ڕوداو لەخۆدەگرێت. لەم حاڵەدا سێ پلە دیاریدەکرێت، یەکەم، دیاریکردنی خاڵی ڕودان، کە دەشێت بە هۆی کاتی قسەکردنەوەبێت، واتە لەوێوە دیاریبکرێت. ئەوەش بەکاتی ڕودانەکە لەقەڵەم دەدرێت، واتە ئەو خاڵەی کە کاتی ڕودانەکەی لەسەر ڕوداوە. دووەم، خاڵی ئاماژەکردن، واتە کاتی ڕودان و ئەو خاڵەی لێیەوە ئاماژەی بۆکراووە، سێیەم، خاڵی ڕودان، ئەو کاتەیە کە Peter تیایدا ڕۆیشتووە، خاڵی ئاماژەکردن بریتیە لە کاتێکی ئەو خاڵە و خاڵی قسەکردن.

دیاگرامی (٥)




لە هەندێك جاردا، دوان لەو سێ کاتانە لە هەمان کاتدا ڕودەدەن، بۆ نمونە، لە ڕابردوی سادەدا، کاتی ڕودان و کاتی ئاماژەکردن هاوتان، و دەکەونە کاتی پێش قسەکردنەوە، ئەوە وا دەکات کە ڕانەبردوی پێرفێکت present perfect لە ڕابردووی سادە جیابکرێتەوە. لە ڕستەیەکی وەك "من نانم خواردووە "[١]، ڕوداوەکە لە پیش کاتی قسەکردنەوەیە، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کاتێك هاوتا بەکاتی قسەکردن، کاتی

[١] ئەم باسە زیاتر هەڵدەگرێت، لێرەدا تەنها بەکورتی خراوەتە پێش چاو دواتر لە باسێکی تردا لە تێنس، کات، و ڕانەبردووی پێرفێك (کە تا ئێستا بە ڕابردووی تەواو لە لای زمانەوانەکان ناسراوە) دەدوێین.

قسەکردن و کاتی ئاماژەکردن هاوکاتن. بەو جۆرە سێ کاتی ڕودانمان پێویستە تا تێنسەکان جیابکەینەوە، و بەشێوەیەکی سەتحی وا دەبینرێت وەك ئەوەی تەنها دوو خاڵی کات لەبەرچاو دەگیرێن، زمانەوان prior ڕەخنەی توند لە Reichenbach دەگرێت سەبارەت بەوەی کاتی ئاماژەکردن و کاتی قسەکردنی جیا نەکردۆتەوە، نوسەر وای دەبینێت کە جیاکردنەوەی کاتی قسەکردن تەنها وەك یەکەم کاتی ئاماژەکردنە، ئەوە وا دەکات کە بیرەکانی Reichenbach هەلبوەشێنێتەوە، کاتێك ڕابردووی سادە لە ڕانەبردووی پێرفێکت جیادەکاتەوە، بۆ نمونە، ئەو بیرەی کە پێرفێکت جیایە لە ڕابردووی سادە تەنها لە جێی دیاریکردنی کاتی ئاماژەکردن R کە لە گەڵ کاتی قسەکردن S هاوکاتە لە هەردوو باردا.

### ٨.٩ سیمانتیکی کارەکان

وەك گوترا، پێکهاتەی کارەکان لە زمانی کوردیدا فۆڕمی ئالۆز بەخۆوە دەگرن، واتە بریتیە لە نیشانەکانی ئەسپێکت، دە- بۆ ئیمپێرفێکت واتە ناتەواوی، و "-ت، -ا، -ی، -وو و -د" وەك نیشانەی پێرفێکت، ڕەگی کار، و نیشانەی تێنس، "سفر، دە-، -ت، -ی، -وو، -ا و -د"، نیشانەکان هاوبەشن، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئێمە ئەو کارە لە چ گۆشە نیگایەکەوە مامەڵە دەکەین، بۆ نمونە، با کارێکی وەك "دەسوتێت" کاتێك کە وەك ڕستە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، وەربگرین کە خوێندنەوەی کاری نا-ڕانەبردوو وەردەگرێت. بە تێڕوانینی ئەسپێکتی، خوێندنەوەی ئیمپێرفێکتی وەردەگرێت ئەوە لە "دە- " وەك نیشانەی ناتەواوی ئیمپێرفێکتیڤ وەردەگرین، ڕەگی کار و ڕاناوی کەسی، پێك هاتووە و پێمان دەڵێت کە قسەکەر لە دیوی ناوەوە سەیری بارودۆخی سوتان دەکات، وەك تێنسی کاری نا-ڕانەبدوو، لە دەرەوەی دەق دەشێت کاتەکە لە دوای کاتی قسەکردنەوە دانێت وەك دواتری و دەشێت وەك هەمان کاتی لە کاتی قسەکردن دای بنێت، وەك کاری ڕانەبردوو، بەهەمان پێکهاتەوە بەڵام بە سیمانتیکی جیاوازەوە، فۆڕمەکە پێمان دەڵێت بارودووخەکە هێشتا لە کاتی قسەکردندا تەواو نەبووە، لێکدانەوەی سەرەکی ئەوەیە کە دەبینی کاتی ڕودانی بارودۆخی "سوتان" بەسەر سێ مەودای لێکجیاوازدا دابەش بووە، یەکەم، کردەوەی سوتانەکە هەندێکی پێش کاتی قسەکردن کەوتووە، واتە خوێندنەوەی پێشتری بۆ دەکرێت، بەشێکی لە کاتی قسەکردندایە، بۆیە قسەکردن و کردەوەکە دەچنەسەر یەك، و پێی دەگوترێت هاوکاتی واتە هاودەمی، بەشێکی تریشی دەکەوێتە دوای قسەکردنەوە کە ئەوەیش خۆیندنەوەی دواتری وەردەگرێت. بە هەمان شێوە دەکرێت وەك کاری ئایندە مەمەڵە بکرێت ئەو کات تەواوی کاتەکە دەکەوێتە دوای کاتی قسەکردنەوە، بە تێڕوانینی ئەسپێکت کاری "دەنوسێن" جەخت لە سەر خاڵێك دەکاتەوە کە دەکرێت وەك چەق سەیربکرێت، بۆیە قسەکەر لەناوەوە سەیری بارودۆخەکە دەکاتەوە، بە پێچەوانەی کاری "نوسی" کە جەخت لەسەر کۆتایی بارودۆخەکە دەکاتەوە و قسەکەر هەموو بارودۆخەکە وەك دانەیەکی یەکگرتوو لەدەرەوە سەیری دەکات، یەکەم چەخت لەسەر کۆتایی و دووەم جەخت لەسەر ناوەڕاست دەکاتەوە، کەواتە فۆڕمی کارەکە واتای تایبەت بەخۆی هەیە.

## ٩.٠ پوختەی باس

### ٩.١ پوختەی باسەکە بە کوردی

واتا  بە واتای هەقیقەت، و بۆ هەر هەقیقەتێکیش ڕەمزێکی زمانی بۆ بەکارهاتووە، بۆ جیاکردنەوەی هەر هەقیقەتێك ئەوە گوتراوە کە دەبێت دەستەیەك لە تایبەتمەندی لەخۆبگرێت جیاواز لە تایبەتمەندی هەقیقەتێکی تر، بەچاوپۆشین لەوەی کە تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان ئەو هەقیقەتانەدا هەیە، بەڵام بەتەواوی ناچنە سەر یەك، بۆ نمونە، "ساردی" و "گەرمی"، خۆشی و ناخۆش"، بێشك کە دونیا  سارد  بوو گەرمم نیە، و کاتێك کەسێك لە بارودۆخێکی خۆشیدا بوو واتای وایە لە ناخۆشیدانیە.. هەقیقەتەکان پێویستیان بە سەلماندن هەیە، بۆ نمونە، هەر هەقیقەتێك دەبێت بۆشاییەك لە ژیانی کەسەکاندا پڕبکاتەوە، کاتێك تینوم بوو داوای شتێگ دەکەم کە ئەو تەنگەتاویەم لەکۆڵ کاتەوە، بۆیە شلەمەنیەك وەردەگرم وەك هەقیقەتێك کە گرفتی تینویەتیم چارەسەربکات، و بۆ ئەوەش ڕەمزی "ئاو" بەکاردەهێنم و دواتر هەر کاتێك بەو بارودۆخەدا تێپەڕیم ئەو وشەیە بەکار دەهێنمەوە، لەلایەکی ترەوە، هەقیقەت وەك ئەو شتە وایە کە دەمەوێت بە بەرانبەرەکەمی بگەیەنم، یان بە پێچەوانەوە لەوی وەربگرم.... لێردا گرفتێك دێتە پێشەوە کە هەندێك جار فۆڕمت هەیە بەڵام ئاماژە بۆ شتێکی بەرجەستە ناکات، بۆ نمونە، چ لەگەڵ "بەڵێ، و، بەڵام و شەیتان" دەڵێیت، ئەو کات دەبینیت، کە بە زەرورەت دەبێت پێناسەکە فراوان بکەیت، بۆ نمونە، ئەگەر هەقیقەت ئەو شتەبێت کە بەهۆی ڕەمزێکی زمانیەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی پێناسەکە هەموو ئەوانەی لە دەوروبەرن و بۆشاییەك لە ژیانماندا پڕدەکەنەوە، بگرێتەوە، دەبێت بلێیت کە هەقیقەت، واتە، واتا، بریتیە لە دەستەیەك لە تایبەتمەندێتی شتێك، کەسێك، ڕوداوێك و ... ئەوانەی هەستیانپێدەکەین و ئەوانەش کە تەنها وێنەیەکی زیهنی لەلامان دروستدەکەن هەرکات ڕەمزەکەمان دەربڕی یان گوێمانلێبوو، یان هەقیقەت ئەو شتەیە کە بۆشاییەك لە ژیانی مەعریفی کەسەکاندا پڕدەکاتەوە و زەحمەتە دەستبەرداری ببین، بۆ نمونە، بەڵێ، و، نەخێر و .....

ئەگەر سەرنج لەهەر فۆڕمێکی زمانی بدەین دەبینین زیاتر لەیەك "واتا" بەخۆوەدەگرێت، فرەواتایی لە زۆر سەرچاوەوە بەرهەمدێت، یەکەم وەرگرتنی یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی وشەی دیاریکراو کە بنەمایەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی بەخۆوەدەگرێت، دواتر بەکارهێنانی لە شوێنێکی تری هاوشێوە یان نزیك لەو، بۆ نمونە، وەرگرتنی تایبەتمەندی فێڵبازی یان زیرەکی لە "ڕێوی"دا و بە کارهێنانی بۆ وەسفی کەسێك بە پێی تێڕوانینی قسەکەر. جگە لەوانە، نیەتی قسەکەر، دەق، کات و شوێن و ... هەموو ئەوانە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە لە فرەواتاییدا. کەواتە هەقیقەت ئەو شتەیە کە دەبڕینەکان ئاماژەی بۆدەکەن، بۆیە دەبێت ناوەڕۆکی هەردەربڕینێك دەبێت هاوتابێت بە دونیای هەقیقەتی دەوروبەر، واتە بە شێوەیەکی ماتڕیاڵی هاوسەنگبێت. بەشوێن (١٩٧٠) Liwis ەوە پوختەی قسەکان لەو دیاگرامی (١١)دا دەخەینە ڕوو.

ڕەفتار ⟵ دەقی دەربڕن ⟵ نیەت و مەبەستەکان

(ئەرکێك لە دەقی دەربڕینەوە بۆ مەبەستەکان)

ئەرکێك لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکانەوە بۆ ئاماژەکردنی دەربڕینەکان ئەوانەی پەیوەندیان بە بارودۆخەکەوە هەیە

+

بارودۆخی هەڵسەنگاندا

↓

ئاماژەکرن

ئەو دیاگرامەی ڕۆڵی نیەت و مەبەستەکان لە دونیای سیمانتیکی چاوەڕوانکراودا پیشاندەدات.

| ڕەفتار | دەقی دەربڕینەکە | ناوەرۆك |
|---|---|---|
| (ئەرکێك لە دەقی دەربڕینەکانەوە بۆ ناوەرۆکەکان) | ( ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەربڕینەکە ڕوودەدات) | بارودۆخی هەڵسەنگاندا (بارودۆخی دونیا(ی دەوروبەر پەیوەست بە ڕاستی ڕستەکە، وەك ئەوەی لە دەقەکەدا دەربڕدراوە) |
| | | ↓ ئاماژەکردن |

دیاگرامی (١٢)

ئەو دیاگرامەی سەرەوە پەیوەندی لە نێوان، ڕەفتار، دەق، ناوەرۆك و بارودۆخی سیمانتیکی جووت-نیشتانەدا پیشاندەدات.

لەبواری تێنس[١] و ئەسپێکتدا، سەرنج لەهەر فۆڕمی کارێکی دیاریکراو بدەیت دەبینی هەموو پێکهێنەرەکانی (بۆ نمونە نیشانەی دە-، ڕەگ و نیشانەکانی"دە- -وو، -د، -ت، -ا، -ی) هەر دانەیەك و بەنۆرەی خۆی هاوبەشی لە سەرجەم ڕۆڵ و واتای فۆڕمەکەدا دەکات، لەبواری تێنسدا ئەو نیشانانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کارەکە ڕابردووە یان نا-ڕابردوو، لە بواری ئەسپێتدا ئێمە بۆ هەر فۆمێکی کاری لە دوو ئاراستەوە بە پێی ئەو نیشانانەوە فۆڕمەکە دەنرخێنین، بۆ نمونە، باری سەرنجی قسەکەر (پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکتیف) و جۆری بارودۆخ (دینامیك یان ستاتیف[٢]). ئاسای هەر یەك لەو نیشانانە دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، بە پێی ئەوەی ئێمە وەك تێنس یان ئەسپێکت مامەڵەی دەکەین بە چاوپۆشین لە لێکدانەوەی هەر فۆرمێك لە بواری ڕێزماندا، بۆ نمونە، سادە و نادە، تێپەڕو تێنەپەر، کارابزر و کارا دیار و هەروەها.

## ٩.٢ پوختەی کار بە عەرەبی

المعني هو الحقيقة، و لكل حقيقة رمز لغوي معين، و تتسم الحقية  بجملة من الخصائص التي تتميزها من غيرها من الحقائق بغض النظر عن الخصائص المشتركة بين عدة حقائق، كالبرد والحر، والفرح و الجزن، ولاشك ان البرد يعني عدم الحر فالحقائق تحتاج الى الاثبات، و يجب ان تسد حاجة من حاجات البشر، فمثلا عندما نشعر بالعطش، نبحث عن شيء نروي بة عطشنا،  يكون هذا الشيء حقيقة وهو ما يسمي (الماء)، و كلما نمر بظروف كمثل هذا الحالة نستعمل الرمز اللغوي نفسه اي (الماء).

فالحقائق التي يروم ايصالها الى الاخرين قد تكون اشياء معنوية غير ملموسة وهي ذهنية لا تحس في عالم المادة كقولنا (نعم، لا، شيطان و غيرها ...)، لهذا علينا ان نوسع من دائرة تعريفنا للمهني اي الحقيقة كي يكون شاملة يحيط بكل ما هو موجود في محيطنا، وما يملا حياتنا، ومن هنا يجب ان نقول: ان المعني عبارة عن مجموعة من خصائص

[١] ئێمە تێنس بۆ فۆڕمی کارەکانی کوردی بەکاردەهێنین، کە بۆ لایەنی سەرەکی دابەش دەبێ، یەکەم تێنسی ڕابردوو و دووەم تێنسی نا-ڕابردوو.

[٢] ئێمە وشەی stative ستاتیف لەبری state and static بەکاردەهێنین وەك بارودۆخی بەردەوام و جێگیر لە بەرانبر بە بارودۆخی داینامیك.

شيء او شخص او حدث ... وما نحس بة او نلمسه، وما لة صورة ذهنية غير مادية، نفهمها عندنا يطرق اسماعنا رمزه اللغوي المنطوق او نرى رمزه المكتوب، و هذه من المعاني التي تحتل اللغوي المنطوق او نرى رمزه المكتوب، وهذه من المعاني التي تحتل مساحة واسعه من حياتنا، ولا يمكن ان نستغني عنها لانها جزء من حياتنا.

عندما ننظر الى اي (شكل لغوري) للفظ نرى انة يدل علي اكثر من معنى، فتاخذ اللفاظ دلالات متعددة بناء علي السياق الذي تستعمل فية، و يكون لهذة الدلالات اساس اجتماعي او نفسي او ثقافي، لذلك صارت التداولية مجالا ضروريا لتفسير الدلالات المتعددة للفظة واحدة بحسب السياق و المقام الذي قيل فيه او و ضع.

فالتعابير هي التي تقوم بتفسير و توضيح الحقائق المقصودة في طياتها، و بمعني اخر فان ما يشير اليه الناطقون عن طريق تعابيرهم او الحقائق التي يعرضها الناطقون بتعابيرهم، يمكن يفسر و يفهم من زاوية ما يقصدونه و يعنونه. وعن طريق المخطط الاتي تبين زبدة الكلام:

السلوك + ← نص التعبير

النيات و المقاصد

(مهمة من النص المعبر (مهمة من تقيم الملابسات والظروف الي المقاصد) الى اشارات التعابير التي تتعلق بتلك الملابسات)

(الملابسات، التقيم (الظروف التي تحيط بالكلام)

الاشارت

و يبين هذا المخطط دور نيابي و المقاصد المتوقعة في عالم الدلالة

السلوك + نص التعبير

المحتوى

(مهمة من النص المعبر (الظروف و الملابسات

ظروف و الملابسات التقييم

الى المحتويات) التي يحدث فيها التعبير)

(ظروف و ملابسات المحيط المرتبط بحقيقة

الجملة كما هو في النص المعبر) ↓

الاشارات

يبين هذا المخطط العلاقة بين السلوك/ والنص، و النحوي، و ظروف و ملابسات الدلالية)

لو تاملنا في صيغة اي فعل معين على صعيد الزمن و صيغة الفعل نرى ان جميع مكوناتها (كالسوابق و اللواحق) مثل (ده—، —وو، —د، —ت، —ا، —ي) تشترك كل واحدة منها في دلالات الصيغة المعينة، فهي التي تدلها على الدلالة الرمزية للصيغة، ازمنها ماض ام غير ماض، و كذلك تعيننا تلك اللواصق علي تحديد الصيغة اهي للماضي ام للمضارع، و كذالك اهي بسيطة ام مركبة، متعددة ام لازمة، مبنية للمعلوم ام مبنية للمجهول ... الخ.

## ٩.٣ پوختەی کارەکە بە ئینگلیزی

Meaning means a fact, and for each fact has a certain code which refers to things outside the language system. Mostly facts are distinguished based on their inherited properties and diagnostic specifics, which is differ from the property of other facts, regardless from that there must be common properties or characteristic between these facts. They do not need to be perfectly identical, for example cold and hot, although both share in a certain property, each of them has its specific property. Accordingly cold it should not be hot, if someone in good situation that means he is not in a bad situation. However, each fact needs to be proved, for example each fact should fill a gap in the human beings life, as when I become thirsty caused by a need to drink, so we are looking for something to respond our thirstiness, this is a fact which we called "water", so whenever we meet such a situation we use the word water in the future. So, it can be said that a fact is certain thing which I want to tell to my listener, or from my audiances.

In this aspect we recognize uncertinity statement or facts, like flying horse, angles, here we needs to describe and extends our definitions and includes both abstract and concret means.

Any word form had a set of meanings which depends on several things such as a context, culture, time, place, psychology, environment, and so on.

Taking in consideration the above mentioned statements we must be prescies and careful in the intrepretaion of certin words or facts. Therefore we have to be careful when we interpret the meaning of a certain word. We define a fact which is about a thing that a speaker denotes to by words, therefore a fact which the speaker denote to by a certain word can be interpreted or analyzed in terms the speaker's intentions or wishes. Then the total content can be expressed by a sentence which is correspondence to the real world. Based on Lewis (١٩٧٠) concept we clarify our vision in the following diagram.

Behavior intention and wishes
(A task from the → context utterance a task from the evaluation of a situation
Utterance to intention) to denote the utterances which
has connection with this situation
+
evaluation of the situations
denoting/reference ↓

The above diagram shows the importance of the intentions and wishes in the possible semantic worlds.

Content the context of the utterance behavior
Evaluation of the utterance ( this situation in which the (a task from the
(The situation of the world utterance is occurred) utterances to the
Depending on the truth of the contents)
Sentence as it is uttered in the context) ↓

Denoting/reference

The above diagram shows the relation between behavior, context and semantic situation of pair-reference.

In terms of tense and aspect system, any verb form, in all components such as -da (as an imperfective marker, the root of the verb, -w, -d, -t, -e, a, -y as past markers), in its own turn share in the total behavior and the meaning of a certain form. In terms of the aspect system these marker indicates the form of the verb is in perfective or imperfect form, while in terms of the tense system it shows that the form is in the past or non-past form. So a certain verb form in Kurdish language can be analyzed in term of aspect or tense.

## ١٠.٠ سەرچاوەکان

### ١٠. ١ سەرچاوەکاتن بە کوردی

ڕەشید قەرەداغی (٢٠٠٦) قاموسی ئینگلیزی-عەرەبی. دەزگای چاپ و نەشری ئیحسان .

### ١٠.٢ سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی

Akmahian, A, and F. Heney. (١٩٧٥). An Introduction to the Principle of Transformation Syntax. Mit Press

Akmajianm Andrian, et.el. (١٩٩٥). Linguistics, An Intoduction to Language and Communication. The Mit Press

Al Khuli, Muhammad Ali (١٩٨٢). A dictionary of Theoretical Linguistics. Englidsh-Arabic. Librairie Liban

Alwood, J, L G. Andersson and O. Dahl (١٩٧٧). Logic in Linguistics. Cambridge.

Anderson, J. (١٩٦٨). On the Status of Lexical Formatives.

Anderson, J. R. (١٩٧٦). Language, Memory and thought.

Austinm J. L. (١٩٦١). Performative utterances. In Austion, Philosophy Papers Oxford University press. P ٢٣٣-٢٥٢.

Austin, J. R. (١٩٦٢). How to do Things with Words. Oxford: Clarendon Press Bloomfield, Leonard (١٩٨٤). Language: University of Chicago Press.

Boertien H. S. (١٩٧٩). Ordering Auxiliaries as Main Verbs. An International Journal of Linguistics Vol. ١٣-١.

. Bunnin Nicholas et el. The Blackwell Companion to Philosophy. Oxford Blackwel ٩٧: ١٢٠-١٢١)

Cappelen Herman and Lepore Ernie (٢٠٠٥). Semantics vs. Pragmatics. in Zoltan Gendler Szabo Radical and Moderate Pragmatics: Does Meaning Determine truth Conditions?

Comrie, B. (١٩٧٦). Aspect. Cambridge University Press

Comrie, B. (١٩٨٥). Tense. Cambridge University Press

Davidson, D. and G. Harman (١٩٧٢). Semantics of Natural Language. Boston

Bolinger, D. (١٩٧٤). More on the Present Tense in English: In Langusge ٢٣: ٢١٧-٢٢٥

Emmon Bach, Soas, Umass (٢٠٠٧). Compositionality and Morphosemantics.

Farahani, Ali Akbar Khomeijani (١٩٩٠). Asyntactic and Symantic Study of the Tense and Aspect System of Modern Persian. PHD Dissertation university
Of Leeds.

Frege G. (١٩٨٢). On Sense and Reference. Reprented in D. Davidso

Jackendoff, R. S. (١٩٧٢). Semantics Interpretation in Generaltive Grammar. The MIT

Jerrold J. Katz (١٩٧١). The underlying reality of Language and its philososophical Import. London George Allen and University LTD

Jaszczolt. K. M. (٢٠٠٢). Semantics and Pragmatics. London. Linguistic Library.

Haris, Roy (١٩٩٠). Language, Saussure and Wittenstein: How to play Games With, Rutledge. London and New York.

Harris, Z (١٩٨٥). Distributional structural. Edited by Jerrold J. Katz. University press ford.

Hodson, Grover (١٩٩٩). Essential Introductory Linguistics. Blackwell. Public.

Grice H. P. (١٩٧٥). Logic and conversation. In Cole and Morgan (١٦) ١٩٧٥ ٤١-٥٨.

Green, David (ed.) (١٩٩٦) *Cognitive Science: An Introduction*. Oxford: Blackwell.

Greenberg, Joseph (١٩٩٠) *On Language: Selected Writings of Joseph Greenberg*, eds S. Kemmer and K. Denning. Stanford, CA: Stanford University Press.

Grice, H. Paul (١٩٧٥) 'Logic and conversation', in P. Cole and J. L. Morgan (eds), *Syntax and Semantics ٣: Speech Acts*. New York: Academic Press, pp. ٤١–٥٨.

Katz, J. (١٩٧١). Linguistic Philosophy, The Underlying Reality of Language and its Philosophy Import, London George Allen and Unwin L TD

Katz, J. (١٩٧٠). Interpritive Semantics vs. Generative Semantics. Katz iparsky. P. and Carol Kiparsky. (١٩٧١). Facts in Semantics. Ed. By D. D. Steinbery and L. A. Jakobovist. Cambridge University Press

Katz, J. (١٩٨٥). The philosophy of Linguistics, Oxford University Press

Krystal, David, (١٩٩٢). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. Blackwell P.

Lakoff, G. (١٩٧١). On Generative Semantics Things. University of ChicagoPress. Chicago.General Semantics. In D. Davidson and G. Harman, eds, eds, Semantics of natural Lanuage, ١٦٩-٢١٨. Reidel. Dordrecht.

Leech, G. (١٩٦٩). Towards a Semantic Description of Engkish. Indian University Press.

Lund Nick (٢٠٠٣). Language and Thought. Routledge Modular Psychology Series.

Lyons John (١٩٩٠) Language and Linguistic. Cambridge University Press. Lyons, John (١٩٧٧). Semanticsa,

Lyons. John (١٩٨١). Language, Meaning, and Context> London: Fontana

Lyons, Jhon (١٩٦٩). Introduction to theoretical Linguistics. Cambridge at the University press.

Paul Ziff (١٩٦١). Semantics Analysis. Cornell University Press.

Pinker, Steven (١٩٩٤) *The Language Instinct*. Harmondsworth: Penguin.

Quine W. V. (١٩٨٥). The problem of the meaning in Linguistics. In the philosophy of Linguistics. Edited by Katz Jerrold J.

Reichenbach, H. (١٩٧٤). Elements of Symbolic Logic: London and New York

Saeed, I. John (٢٠٠٣). Semantics. Blackwell Publishing

Sampson, Geoffrey. (١٩٨٥). Writing systems. A Linguistic Introduction.

Searle, J. R. (١٩٨٢). Speech acts. An easy in the philosophy of Language Cambridge University Press.

Vendler, Zeno (١٩٦٧) *Linguistics in Philosophy*. Ithaca, NY: Cornell University Press.

Visser, F. Th. (١٩٦٩) *An Historical Syntax of the English Language, Vol. III*. Leiden: Brill

Vicrorya Fromkin and Robert Rodman (١٩٩٨). An Introduction to Language. University of California, North Calolina University

Vandderveken Daniel (١٩٩٠) Meaning and Speech Acts. Principle of Language use, Cambridge University Press

Urban Wilbur Marshall (١٩٩١). Language and reality: The theme of a philosophy of Symbolism. London: |George Allen and Unwin LRD,

Wittgenstein. Ludwig (١٩٧٧) Tractatus Logico-Philosophicus. University press.

Wittgenstein, Ludwig (١٩٥٨) *Philosophische Untersuchungen*, trans.G. E. M. Anscombe as *Philosophical Investigations*, ٣rd edn. ١٩٩٩. Harlow, London: Prentice Hall.

W. V. Quine (١٩٨٥) the problem of meaning in Linguistics. Edited by Jerrold J. Katz. University press Oxford.

Yule, George, (٢٠٠٣). The Study of Language. Cambridge University Press.